ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
سه‌ره‌کی سه‌رکرده صدام قاره‌مانێکی هه‌ڵکه‌وتوو و سه‌رکرده‌یه‌کی مێژوویی‌یه به‌پێنووسی مامۆستا یحیی جاف له ل ٥دا بڵاوکراوه‌ته‌وه

پێنج شه‌ممه ١٩٨٦/٩/٤ ژماره ٨٥٥ | ١٢ لاپه‌ره | ٥٠ فلسه | الخميس ١٩٨٦/٩/٤ العدد ٨٥٥

سه‌رکرده: ئۆتۆنۆمی پێویسته بۆگه‌لی کوردمان

سه‌ره‌کی فه‌رمانده هاوی به ٥ه‌ردوو سه‌ره‌ك و ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی یاسادانان و راپه‌راندن ده‌که‌وێت

به‌ڕێز سه‌ره‌کی سه‌رکرده صدام حسین ده‌ری‌خست که راستی جه‌وهه‌ری ته‌واو له‌گه‌له‌که‌مان دا ئه‌وه‌یه که گه‌لی کوردمان له‌گه‌ڵ خۆی دایه‌و خۆشی به‌شێکه له نه‌فسی عیراق و حاڵه‌تێکی جیاواز له‌و نیه، هه‌روه‌ها به‌ڕێزی له‌کاتی چاوپێکه‌وتنی به هه‌ردوو سه‌رۆك و ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌نی یاسادانان و راپه‌راندنی ناوچه‌ی کوردوستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی وتی، گه‌لی کوردمان له‌راستی‌ی نیشتمانی خۆی‌دا له‌گه‌ڵ خۆی ره‌فتار ده‌کاو له ده‌ری خۆشی‌دا کاتێ دۆخی ته‌بیعی هه‌مان ده‌رفه‌تی کوری به‌سرا یاخود کوری به‌غدای له هه‌موو ئه‌و مه‌سه‌له نیشتمانیه بنه‌ڕه‌ته زیندووانه بۆ ده‌ره‌خسێنێ که تێکرای عیراق مه‌به‌ستیه‌تی نه‌ك ته‌نها ناوچه‌ی کوردوستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی.

له چاوپێکه‌وتنه‌که‌دا هاوڕێ محمد حمزه ئه‌ندامی سه‌رکرایه‌تی قوتری ئه‌میندارى نووسینگه‌ی ڕێکخراوی باکووری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست و هه‌ردوو پارێزگاری دهۆك و هه‌ولێر ئامادەبوون.

به‌ڕێز احمد عبدالقادر نه‌قشبه‌ندی سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی کوردوستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی وته‌یه‌کی له چاوپێکه‌وتنه‌که‌دا داو تیایدا به‌ناوی ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌ن و به ناوی ڕۆڵه‌کانی گه‌لی کوردمان له‌ناوچه‌ی کوردوستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی به‌خێرهاتنی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین ی کردو وتی.. شه‌ره‌فمه‌ندییه‌کی گه‌لێ گه‌وره‌یه‌که که به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده سه‌رمان لێبداو ئه‌نجومه‌ن له‌سه‌ره‌تای کاروباری خۆلگه‌ی پێنجه‌می‌دایه.

ده‌قی وته‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده له ل٣ دایه

سه‌رکه‌وتن هه‌میشه هی عیراقیه‌کان ده‌بێ

سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین ئه‌وه‌ی دووپات کرده‌وه که ئه‌و ئه‌نجامانه‌ی پێویستن به‌هێزیکه‌دی له شه‌ردا بڕێتین له‌وه‌ی که عێراق بپارێزین.. گومانیش له‌وه‌دا نیه که ده‌سته‌ی خومه‌ینی هه‌رخه‌ریکی لێستنه‌وه‌ی برینه‌کانیان ده‌بن له‌سه‌ر سنوورو سه‌رکه‌وتنیش هه‌میشه هی عێراقی‌یه‌کان ده‌بێ.

هه‌روه‌ها له کاتی پێشوازی‌کردنی جه‌نابیا له هاوڕێ ئه‌میندارى نه‌ینی‌و ئه‌ندامانی نووسینگای ناوه‌ندی‌ی کرێکاران له حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی‌ی سۆشیالیستداو له سه‌رۆك و ئه‌ندامانی نووسینگای ڕاپه‌راندنی یه‌کێتی‌ی گشتی‌ی نه‌قابه‌ی کرێکاران فه‌رمووی ئه‌و به‌خه‌یاڵداچوونه‌ی که گوایه بڕیارەکانی جێگا باڵاکان جێ‌به‌جێ ناکرێن بۆچوونێکی هه‌ڵه‌ن چونکه بڕیار ده‌بێ جێ‌به‌جێ بکرێ.

له‌پێش ئه‌مه‌یشدا هاوڕێ عبدالحسن راهی فرعون ئه‌میندارى نه‌ینی‌ی نووسینگای ناوه‌ندی‌ی کرێکاران له حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی‌ی سۆشیالیستدا وته‌یه‌کی داو تیایا ستایشی ده‌وری سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین ی کرد له سه‌رکرایه‌تی کردنی ڕه‌وتی شۆڕش و هێنانه‌دی سه‌رکه‌وتن و شکاندنی ده‌ستدرێژی‌یه فراوانکاری‌یه‌که‌ی ئێراندا بۆسه‌ر وڵاتمان و نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب.

ده‌قی وته‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین له. ل ٤ دایه.

هێرشی ئه‌مجاره‌شیان وردوخاش کرا

جارێکی‌تر دوژمن که‌وا ده‌رده‌که‌وێ په‌ندی له تێکشکان و به‌زینه‌کانی پێشووی باش وه‌رنه‌گرتبوو به‌سی تیپه‌وه به‌سر پێریکه په‌لاماری هێزه قاره‌مانه‌کانمانی له ناوچه حاجی ئۆمه‌ران دا به‌و نیازه‌ی ده‌ستی چه‌په‌ڵی بگه‌یه‌نێته به‌رزاییه پیروزه‌کانی گرده‌مه‌ندو گرده کۆو ئایینه.. به‌ڵام جه‌نگاوه‌رانی جوامێری عیراق گورج لێیان به‌خو که‌وتن و هێرشه‌که‌یان تێکشکاندن و به‌ره‌و دوا وه راویان نان و ئاڵای پیروزی گه‌لی عیراقیان پاراست.

دوژمن له‌و هێرشه‌دا بۆ سه‌ر هێزه‌کانمان ژماره‌یه‌کی گه‌لێ گه‌وره‌ی لێ کوژرا که ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ی به‌چاو ده‌بینرین ده‌گه‌نه سێ هه‌زار کوژراو ئه‌مه جگه له چه‌ندانه‌ی ئه‌و ژماره‌یان لێ بریندار بووه‌و ئامرازو که‌ره‌سه‌یه‌کی زۆری جه‌نگیشیان له کیس چووه.

هه‌روه‌ها دوژمن پێرێ شه‌وێ هه‌ر به‌هه‌مان خه‌یاڵ ویستی له ده‌ریاوه له به‌نده‌ری قوڵ نزیك بێته‌وه به‌ڵام هه‌ڵۆ ئازاکانمان مه‌ردانه هه‌لیان کوتایه سه‌ر که‌شتی‌و به‌له‌مه جه‌نگی‌یه‌کانیان و ده‌ها به‌له‌می جه‌نگی‌یان لێ غه‌رق کردن.

جگه له‌مه هه‌ڵۆ ئازاکانمان به توندی له هێزه‌کانی دوژمنیان داو چه‌ندان ئۆتۆمۆبێلی سه‌رباز به‌ریان ئاگر تێبه‌ردا.

هه‌روه‌ها هه‌لیان کوتایه سه‌ر سه‌ربازگه‌ی خانه‌و بسوه‌و هه‌ر دوو کێڵگه نه‌وتی ئه‌حوازو مارون و زیانێکی زۆریان لێدان هێزه به‌زیوه‌کانی دوژمن که توانای خوراگرتنیان له‌به‌رده‌م هێزه دلێره‌کانی عیراق دا نیه جاریکی‌تر که‌وتنه‌وه بێ شه‌رمی نواندن و شاری به‌سره‌و قورنه‌و به‌دره‌یان به توپه دوور هاوێژه‌کانیان و له ئه‌نجام دا چه‌ندهاو وڵاتیه‌ك شه‌هیدو چه‌ندیکی تریشیان بریندار بوون که زوریان پیرو ژن و منداڵ بوون و هه‌روه‌ها زیانیش به‌ر چه‌ند خانوبه‌ره‌و ئۆتۆمبیلیش که‌وت.

هراری - کۆنگره‌ی بێ‌لایه‌ن

سه‌ره‌که‌کانی وه‌فده به‌شداربووه‌کانی کۆنگره‌ی هه‌شته‌می بزوتنه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تانی بێ‌لایه‌ن که له هه‌راری له وڵاتی زیمبابۆدا کۆنگره‌که‌یان به‌ستووه جاریکی‌تر کۆبوونه‌وه‌و له کۆبوونه‌وه‌که‌یان دا به‌ڕێز طه یاسین رمضان ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرایه‌تی شۆڕش جێگری یه‌که‌می سه‌رۆك وه‌زیران سه‌رۆك وه‌فدی عیراق بۆ کۆنگره‌ی هه‌راری وته‌یه‌کی داو وته‌که‌ی به‌ناوی ٣١ ده‌وڵه‌تی ئۆقیانووسی ئاسیاوه که سه‌ر به‌بزوتنه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تانی بێ‌لایه‌نن خوێنده‌وه.

چاودێریکه‌ران وته‌که‌ی جێگری به‌ڕێزیان زۆر ستایش لێناو وتیان درێژه‌دانه به هه‌ڵوێستی نه‌گۆڕی عیراق که‌به‌رده‌وام به‌ته‌نگ نبه‌ڕه‌ته‌کانی بزوتنه‌وه‌یه ئه‌وه‌ی شایانی باسه عیراق له‌م کۆنگره‌یه‌دا به‌جێگری سه‌ره‌کی کۆنگره‌که هه‌ڵبژێردرا

سه‌ره‌کی فه‌رمانده مه‌لیك حسین له‌باره‌ی سه‌لامه‌تی دۆخی به‌ره‌وه دڵنیا ده‌کا

به‌ڕێز سه‌ره‌کی سه‌رکرده صدام حسین به‌ڕێز مه‌لیك حوسێنی برای ده‌رباره‌ی سه‌لامه‌تی دۆخی به‌ره به ته‌له‌فۆن قسه‌ی له‌گه‌ڵ دا کردو سه‌ره‌کی به‌ڕێز ئاگاداری کرد که دۆخ و باری به‌ره زۆرباشه هێزه ئازاکانی عیراق هێرشه‌ی ئێرانیان هاریوه‌و بۆ هارینی هه‌موو هێرشێکی تریش ئامادەن.

هاوڕێ رافعی: رژێمی ئێران گره‌وی جه‌نگی دۆڕاند

هاوڕێ عبدالمجید الرافعی ئه‌میندارى نه‌ینی سه‌رکرایه‌تی قوتری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له لوبنان دا ده‌ری خست که ده‌ستدرێژیه‌که‌ی ئێران ته‌نها به‌مه‌به‌سی عیراق نیه به‌ڵکو به‌مه‌به‌سی قووڵایی نه‌ته‌وه‌یی عه‌ره‌به.

له دوانێکی ڕۆژنامه‌نووسی‌دا پێریکه وتی، رژێمی ئێران گره‌وی ئه‌و جه‌نگه‌ی دۆڕاندوه که خۆی هه‌ڵی بژاردوه، ئه‌و بۆیه تیایدا به‌رده‌وامه چونکه ناتوانێ ڕووبه‌ڕووی ئه‌و هێرشی ئاشتی‌یه بوه‌ستێ که عیراق ده‌یهێنێ.

سڵاوی هاوڕێی سه‌رکرده صدام حسین بۆ خه‌باتگێرانی حزب

هاوڕێ عزة ابراهیم جێگری ئه‌میندارى نه‌ینی سه‌رکرایه‌تی قوتری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست جێگری سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرایه‌تی شۆڕش ڕێزو شانازی هاوڕێی سه‌رکرده صدام حسین ی به‌رامبه‌ر تێکۆشانی جه‌ماوه‌ری گه‌له‌که‌مان و قوربانیه‌کانیان له پێناو قووڵکردنه‌وه‌ی شۆڕشگێری‌دا ده‌ربری بۆ بنیاتنانی نیشتمان و به‌رگری کردن له ده‌سه‌لات و که‌رامه‌تی، نیشتمان.

هاوڕێی جێگر له‌کاتی سه‌ره‌کایتی کردنی کۆبوونه‌وه‌ی فراوانی کادری پێشکه‌وتووی حزب دا وتی تکام وایه سڵاوی هاوڕێی خه‌باتگێر صدام حسین به هه‌موو خه‌باتگێره‌کان بگه‌یه‌نن له‌گه‌ڵ شانازی زۆری سه‌ره‌ك به‌رامبه‌ریان سه‌باره‌ت به‌و قوربانیه‌ی له پێناو خزمه‌تی‌و ده‌سه‌ڵاتی عیراق دا ده‌یده‌ن.

وته‌ی هاوکاری

سه‌رکه‌وتنێکی پیرۆز

ماوه‌یه‌کی مه‌لاکانی تاران خۆیان گیف کردوته‌وه‌و هه‌ر ڕۆژه مه‌لایه‌کیان به بۆنه‌و بێ بۆنه قسه ده‌کاو وا خه‌ڵکی داماوو بێ گوناهی ئێران هه‌ڵده‌خه‌ڵه‌تێنێ که ئیمسال جه‌نگ کوتایی پێ‌دێنن و دوای ئه‌وه گواباوه‌ك ئه‌وان ده‌ڵێن خۆشگوزه‌رانی بۆ گه‌لانی ئێران ده‌ستگیر ده‌خه‌ن.

ئه‌م به‌ندو باڵوره‌یه ئه‌وه‌نده‌ی نه‌خایاند تا سه‌ری خۆیان‌به‌چیای بڵندو سه‌ربه‌رزی وڵاتمان دا کێشاو خۆیان به‌ده‌ستی خۆیان که‌وتنه له ناوبردنی خۆیان..

به‌ڵێ به‌سرپێری شه‌و به سێ تیپه‌وه هێرشیان هێنایه سه‌ر هێزه‌کانمان له ناوچه‌ی حاجی ئۆمه‌ران به‌ڵام قاره‌مانانی ئازاو دلێری عیراق مه‌ردانه ده‌ستەو یه‌خه‌یان وه‌ستان و شکاندیانن و تائه‌و دیوی سنوور راویان نان و نه‌یانهێشت لوتکه چیا پیروزه‌کانی گرده‌مه‌ندو گرده کۆو ئایینه له‌لایه‌ن دوژمنه‌وه پیس بکرێ.. ئه‌نجامی ئه‌م هێرشه ئه‌وه‌نده زۆر له‌سه‌ر دوژمن که‌وت تا وا ناچار بوو بیر له په‌لامارێکی تر بکاته‌وه که هه‌ر نه‌بێ که‌می سه‌بووری خۆی پێ‌بداته‌وه بۆیه یریکه خه‌شیمانه له ده‌ریاوه هێرش برده یه‌ر به‌نده‌ری نه‌وتی قووڵمان، به‌ڵام پێش ئه‌وه‌ی بیگاڵێ به‌خۆیان و که‌شیته‌کانیانه‌وه له ناوبران.

به‌م چه‌شنه هێزی جوامێرمان جارێکی سه‌رکه‌وتنێکی پیروزی به‌سه‌ر دوژمن دا به‌دی‌هێناو جارێکی‌تر به‌دوژمن و جیهانی سه‌لماند که رژێمی ئێران دوای کڵاوی بابردو که‌وتوه‌و ئه‌و گره‌و له‌سه‌ر شتێك ده‌کا که هه‌رگیز مه‌حاڵه...

ئه‌مجاره‌ش عیراق وه‌ك له‌هه‌ر سه‌رکه‌وتنێك دا دووپاتی ده‌کاته‌وه هه‌ر له‌سه‌ر رای خۆیه‌تی که راکه‌شی له‌لایه‌ن گشت کۆڕو ده‌سته‌و کۆمه‌ڵانی جیهانه‌وه ڕێزی لێ‌گیراوه‌و په‌سندکراوه ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که به‌راگرتنی شه‌ڕو گفتوگوکردن و به ته‌نگه‌وه‌بوونی ئاسایش و نه‌بێ ئاو یه‌ئاگردا ناکرێ‌و دوژمن تا هێرش بێنێ زیان له‌خۆی ده‌داو خه‌ڵکی بێ گوناهو به‌سه‌زمانی ئێران که به‌زۆر راپێچی شه‌ڕیان ده‌که‌ن تیایدا له ناو ده‌چن...

Institut Kurde de Paris

ڕووداوەکانی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی یاسادانان

*** بەچاوەدێری بەڕێز نوێنەری سەرەکی فەرمانده هاوڕێ محمد حمزە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتیو ڕازگری نووسینگەی باکوور، دەست کرا بە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوان ئامادەی بوون، لەوانە بەڕێزان ئەمیندارە گشتییەکان لە ناوچەی کوردستانداو نوێنەرانی پارت و پارێزگاری هەولێرو سلێمانیو دهۆك و سەرکردەی فەیلەقی پێنجەم. . لە پاڵ هەردو سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن.**

لە سەرەتای ئەم خولە تازەیەدا کە لە هۆڵی ئەنجومەنی یاسادانان گێردرا، دەست کرا بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزو وەستانی دەقیقەیەك لە سەر گیانی پاکی شەهیدان. . .

ئەنجا بەڕێز مامۆستا احمد عبدالقادر نەقشبەندی سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان، هاوڕێ محمد حمزەی پێش کەش کرد کە ووتەیەکی خوێندەوەو تیایدا سلاوی شارستانیەت کە لەگەڵ ڕەوتی دیموکراتیدا بگونجێ، هەروەها لە ووتەکەدا، پەنجەی بۆ ئەوە کێشا، کە کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران زۆر پیلانیان بەدەستەوەبو کە لەم عیراقە ئازیزە بدەن و نەیەڵن ئەم هەڵبژاردنەی ئێوە بەو شێوە ڕووناکە ئەنجام درێ، بەڵام تواناو هەستی ئێوەو سووربوونتان گەلێك گەورەتر بوو لەم خەونە بۆ گەنانە. لە کۆتایی‌دا بەڕێزی باسی ئەو قۆناغانەی کرد کە ئەنجومەن پێیدا ڕەت بووەو بریتی‌یە لە پێش کەش کردنی چەندان بڕیارو بەخشش بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکەوەو گەشانەوەوبوژانەوەی بەردەوامی ناوچەی کوردستان.

● بەڕێز مامۆستا احمد عبدالقادر نەقشبەندی سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان لە ووتەیەکی‌دا، دەست نیشانی ئەوەی کرد کە مایەی شانازی گەورەیە کە ئەمە سێیەمین خولی ئەنجومەنەو بایەخ دان بەردەوامە بە ئۆتۆنۆمی‌و گەلی کوردمان. . بەتایبەتی ئەم هەڵبژاردنە تازەیە کە لە بارو دۆخێك دەگێردرێت کە گەلەکەمان بەکوردو عەرەبەوە بەردەوامە لە بەرپەچ ـ دانەوەی پیلانەکانی ئێران کە شەڕی نارەوای سەپاندە سەر گەلەکەمان. . . بەرامبەر بەمەش هەموو داواکارییەکی ئاشتی خوازی بۆ ڕاگرتنی شەڕ ڕەت کردەوە. . .

هەروەها باسی ئەو تاوانە گەورەی کرد کە ئێران لە ـ سیروان دا ـ بەجێی هێنا کە وێنەیەکی درندایەتی ڕاستەوخۆی کاربەدەستە داخ لە دڵەکانی ئێران دەنوێنێ بەرامبەر بەگەلی کوردمان. . بەڵام ئەمە هەمووی، نەیتوانی ڕەوتی گەشەسەندن لە ناوچەی کوردستان ڕاگرێت.

* دوای خوێندنەوەی ئەم ووتەیە، دەست کرابە سوێند خواردنی یاسایی‌و هەریەك لە ئەندامە تازەکان سوێندیان خواردو پاشان سەرەك و ڕازگرو جێداری ئەنجومەنی نوێی یاسادانان هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە بەڕێزان احمد عبدالقادر سەرەك، حکمت حاج سلیم جێدار، جمال جلال حمە ڕازگری ئەنجومەن.

ئەنجا ووتاری سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانانی نوێ

شێرزاد لقی هەولێر

خوێندرایەوە کە هیوای خواست ئەم خولە تازەیەی ئەنجومەن بەردەوام بوونی بەخشش بێ بۆ گەشانەوەی ناوچەکەو قووڵ کردنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.

«سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن»

لە نێوان برگەکانی ئەم دانیشتنەدا، بەڕێز هاوڕێ محمد حمزە ڕازگری نووسینگەی باکوور ئەوەی ڕاگەیاند کە بەڕاسپاردەی سەرەکی فەرمانده بەڕێز صدام حسین بڕیاردرا بەوەی بەڕێز سیروان جاف بکرێ بەسەرەکی نوێی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لە ناوچەی کوردستان و پیرۆزبایی لێ کراو بەڕێز احمد عبدالقادر هیوای بۆ بەڕێز یحی جاف خواست کە لە ئیش وکاری نوێی‌دا سەرکەوتووبێ.

* پاشان بروسکەیەك لە لایەن بەڕێز احمد عبدالقادر سەرەکی ئەنجومەن بۆ سەرەکی فەرمانده بەناوی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانەوە ئیرسا کە ئەمە دەقەکەیەتی:

لەم ڕۆژانەدا کە پڕە لە مانای قوربانی‌دان و فیداکاری‌و نیشتمان پەروەری ڕاستەقینە کە ڕۆڵەکانی ڕافدین بەرگری لە شەرەفی عیراق و سەربڵندی‌و نەمری دەکەن و لە نێوان سەرکەوتنە یەك بەدوای یەکەکاندا کە لە لایەن ڕۆڵەکانی سەدەی بیستەم هاتۆتە دی، لەلایەن سەربازە بەتواناکانی عیراق و داستانە ئەفسانەییەکانیان بۆ ڕاونانی داگیرکەرە دڵڕەشەکان و لەژێر چاوەدێری بەڕێزتان، ئەنجومەنی یاسادانان لە ناوچەی کوردستان دەست دەکات بە ئیش و کارەکانی خۆی‌و مومارەسەی لێ پرسراوی دەکات لە ڕیگای گەشەسەندن و پێشکەوتنی شارستانی تەواو لە ژێر ئالای بەرزی ئێوە. .

بەم بۆنەوە، بەم بۆنە مێژوویەوە، خۆشحاڵ و شەرەف مەندم کە ئەوپەڕی ڕێزو سلاوی ئەندامانی ئەنجومەن و جەماوەری کوردستانت پێش کەش بکەم، بەرامبەر بەچاوەدێری ڕاستەوخۆی بەڕێزتان و بایەخ دانتان بە ناوچەکەو دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی کە ڕۆڵی ڕووناکیان هەبووە لە قووڵ کردنەوەی ڕەوتی ئۆتۆنۆمی‌و دەوڵەمەندکردنی‌و گەیشتنی بەباشترین پلە بۆ گەیشتن بەخواست و ئاواتی گەلەکەمان و خواستی سەرکردایەتی پارت و شۆڕش و پەیمان تازە ئەکەینەوە کە سەربازی بەوەفا بین بۆ بەرگری لە خاکی نیشتمان و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموز تا سەرکەوتنی دووایی دێتە دی بەپشتیوانی خوا.

ئەو وێنە گەشاوەی کە لە ڕیگای مومارەسەی دیموکراتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان دروست بوو، کە لە جوانترین وێنەی لە ١٣ی مانگی ئابدا هاتە دی، بەتەواوی ڕادەی هۆشمەندی گەلەکەمانی لەم ناوچەیە دەرخست لە مومارەسەی لێپرسراوی نیشتمانی خۆی بۆ وەرگرتنی مانای دیموکراتیەت و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ڕۆژانە، لە هەموو ڕوویێکی ژیان، بەو شێوەیە کە بکرێتە ووزەیەك بۆ ڕەوتی شۆڕشگێڕانەمان بەرەو پێشتر بەرێ‌و بەردەوام بوون بۆ بەدی هێنانی ئاواتمان لە پێناو بینیات نانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و نیشتمانێکی سەربڵندو بەتوانا کردنەوەی ئەنجومەنی یاسادانان و هەڵبژاردنی سەربەستانەو دیموکراتی تەواو لەژێر سێبەری بڕوا بەخۆبوونی تەواو بەسەرکەوتن، بەڵگەیەکی ڕاستەقینەیە لە گردبوونەوەی گەلەکەمان لە دەوری سەرکردایەتی بەڕێزتان، ئەو گەلەی کە دوژمنی چاو چنۆك دەکوژێ‌و لە ژیانی سرووشتی خۆی دەژی‌و خۆش بەختە بەسەربەستی‌و پێشکەوتن و سالانی جەنگ هێزو توانای پرووره دارترکرد. . .

هەر بمێنن پێشەواو ـ ڕابەر ـ بۆ گەلەکەمان بە کوردو بەعەرەبەوەو هەموو کەمە نەتەوایە تیەکانی برا، نەمری بۆ سەربازی عیراق کە گەورەترین داستانی پاڵەوانیەتی تومار دەکەن بۆ بەرگری لە خاکی پیرۆزمان. . .

سەرکەوتنی گەورە بۆ عیراقی ئازیزو. . .

نەمری بۆ لە هەموومان شکۆدارتر. . .

* لەکاتی کردنەوەی خولی پێنجەم دا، هاوکاری، چاوی کەوت بە بەڕێزان ئەندامانی نوێی ئەنجومەنی یاسادانان، لەوانە بەڕێزان جمال جلال حمەو مامند معروف پیرداودو خاتوو هیفاء علی شیرخان و مریم زیرۆو محمد محی‌الدین و طلعت هادی‌و چەندانی‌تر. . کە هەریەکەیان هیوایان خواست هەموو توانایەك بخەنە کار بۆ بەشداربوونی چالاکانە لە خولی تازەی ئەنجومەندا.

Institut kurde de Paris

ئێران لەناوەوە

● فؤاد حسین ●

ئەو کێشەو گێچەڵانەی کە گەلانی ئێران تووشی بوون و هەر ڕۆژ شتی نوێی کە مەلاکان بۆیان دەدوزنەوە لە چەرمەسەریەکەیان زیاد دەکەن، گەلێکن و مروڤ لە ئاستیان دا ڕادەمێنیت و نازانیت باسی کامیان بکات و کامیان پێش بخات و بەگرنگتر بیژمێرێت. .

● جاریکیان پاسدارانی خومەینی ئەم دەزگا تایبەتی‌یە کە خومەینی خۆی دایمەزراندووەو ناوی خۆی پێیان بەخشیووە هەرگیز درێغیان نەکردووە لە ئازاردانی خەلکی‌و ڕووت کردنەوەیان، کە بە ڕۆژی نیوەڕۆ کلیلی دەرگاکانی دوکان و کۆگاو زەرنگە ـ هتد.

دەشکێنن و پارەو شتەبەنرخەکانیان دەدزن و کەسێك نی‌یە ئەو جورئەت و دڵە قاییمەی هەبێت پێیان بڵێت ئەوە ئێوە چی دەکەن و بۆ وا پارەوپول و ماڵی خەڵکی بە زۆر دەبەزن، ئێوە لە خوا ناترسن!!

چونکە خەڵکەکە باش دەزانن ئەوا ئەگەر هات و یەکێك فزەیەك لێیەوە هاتەدەرێ مەسیری چی دەبێت. . دیسان هەر بە ڕۆژی نیوەڕۆ هەزار تۆمەت و تاوانی بۆ دەدوزننەوەو تاوانبار دەکرێت و لە سێدارە دەدرێت. کەوابێ ئیتر خەڵکەکە چۆن بەربەستی ئەم کردەوە نالەبارانە بکەن و چۆن شیرازەی ژیانی ماڵ و منداڵ و کەس وکاری خۆیان تێك بدەن. . !! بەڵام ئەگەر ماوەیان هەبێت ئەوا پاسدارانی خومەینی‌و داردەستەکەی خومەینی لەگەڵ خومەینی خۆی‌دا ونجرونجر دەکەن و هەتا ڕۆژێك زوترە ڕزگاریان لەم تاقمە خوێنڕێژە دەبێت. . و بە ئاسودەیی‌و سەرفرازی دەژین. . پاسدارانی خومەینی گەلێ فەرمان و «صلاحیات»یان هەیە ئەگەر لەناو شارەکان دا بێت یان لە دەرەوەی شارەکان یان لە بەرەکانی جەنگ دا. . هەندێکیان خۆیان یەکسەر جێبەجێی بڕیارەکانی دەکەن. . لەوانە کوشتن یان فەلاقکردن یان بەندکردنی خەڵکی. . یان جەزایان دەخەن چەند هەزار تومەنێك لێیان وەردەگرن گوایە ئەمە جەزای تاوانەکانیانەو دەبێت بەهەر جورێك بێت ئەو پارەیە پەیدا بکات و بە زووترین کات ئامادەی بکات و بۆیان بهێنێت ئەگینا مەحاڵەو دەبێت سزابدرێت خۆ لە بەرەی جەنگدا چ سەربازو چ ئەفسەرەکانی سوپا هەموو لێیان دەترسن و وەکو خزمەت کار دەبێت خزمەتیان بکەن و لەبەر قاچ و دەستیانا هەڵسن.

بێگومان ئەم دەزگایە واتە دەزگای پاسدارانی خومەینی نوێ‌ترین ئامرازی سزادان و توقێنەریان بۆ هێناون و نوێ‌ترین شێوازی سزادانیان فێرکردوون و دەوراتی تایبەتی بۆیان دەکەنەوەو مامۆستاو پسپۆرانی ئەم دەوراتانە لە دەرەوەی وڵات بۆیان دەهێنن. . مەسروفاتی ئەم دەزگایە ئێجگار زۆرەو بودجەی هیچ دەزگایەکی وڵات ناگاتە دەزگای پاسداران. . هەموو پێداویستیەکانیان بۆ ئامادەدەکرێت. . هەر لەبەر ئەوەی چونکە سزای خەڵکی دەدەن و دەزانن بە چ شێوازو جورێك دەم کوتی خەڵکی بکەن و ڕژێمەکەی خومەینی لە خنکان ڕزگار بکەن. . !!

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین لە کاتی چاوپێکەوتنیدا بە هەردوو سەرەك و ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و راپەراندن.

ـ سەرکردە: حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ عیراق پێویستە.. بۆ گەلی کوردمان پێویستە.

خولگەی پێنجەمتان لێ پیرۆزبێ وەك نوێنەرانی گەلی کوردمان لەناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق و وەك ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان.. برایان دەربارەی دۆخی دیموکراتیانەی هەڵبژاردنی ئیمسالتان قسەیان بۆکردم، ئەمە گرنگترین شتە کە دڵخۆشمان دەکا کاتێ دەبیستین گەلی کوردمان لە کوردوستان بەحەماسەتێکی بەرزەوە بەرێژەیەکی بەرزەوە لە هەڵبژاردن دا ئامادە دەبێ.. سەبارەت بە ئێمە ئەمە نیشانەیەکی گەورەو گرنگە لە سەر رێبازی ئەو رێرەوەی کە سەرکەوتووە هیوادارین بە پشتی یەزدان هەر سەرکەوتوو بێ.

حوکمی ئۆتۆنۆمی تا هاتەدی و دەزگاکانی چ یاسادانان و چ راپەراندن تاهاتنە کایەوە، مەسەلەکە تێکۆشانی زیاتری لە ناوخۆدا پێدەویست وەك لەدەری خۆدا، بێویست بوو راستیەکی بنچینەیی بە تێگەیشتنێکی جەوهەریو تەواوی تێ بگەی ئەویش ئەوەیە کەشێوازی دەستووری گەل جیاناکاتەوە بەڵکو سەرنجی چەوت بەرامبەر گەل جیادەکاتەوە، کاتێ لە کوردوستان دا حوکمی ئۆتۆنۆمی بە مەسەلەیەکی بنچینەیی و زیندوو لە ژیانی خۆیدا دادەنێ، ئێمەش هەموومان لەسەرمانە بە مەسەلەیەکی بنچینەییو زیندووی لە ژیانمان دا دابنێین، نەك هەر کورد بەڵکو عەرەبیش، نە هەر عەرەبی ناوچە نزیکەکانی زیندووە وەك یاساکانی عیراق و وەك دەستووری مەرکەزی عیراق، لەوانەیە هەندێ لە بەندەکانی بەرەو باشتر بگۆڕی هەروەها یاساکان لە کوردوستانی حوکمی ئۆتۆنۆمیدا، یاساکانی حوکمی ئۆتۆنۆمی لە هەر شوێنێك بەدیمان کرد کە گۆڕان بەرەو باشتر پێویستە لە سەرمانە بیکەین.

ئەگەر عەرەبێك لە بێجی یا لە موسڵ یا لە میسان دیتی پێویست بە یاسای زیاتر پێشکەوتووتر دەکا تاوەکو گەلی کوردمان ئیرادەی خۆی لە حوکمی ئۆتۆنۆمی دا بە شێوەیەکی باشتر رەفتار بکا، پێویستە لەسەری بەهەمان ئەو گیانە پێشنیازی بکا کە هاوولاتیەکی عیراقی کورد لە سلێمانی پێشنیازی دەکا، بەهەمان بە تەنگەوە بوون و بێ رارابیەوە کاربەدەستان لە هەر پلەیەکی دەسەلات وحزب دابن لە سەریانە بەهەمان گیان و بەهەمان بایەخەوە سەیری ئەو باسە بکەن. ئەم سەرنجە عیراق بە هێزدەکا و عیراق جیاجیا ناکات چونکە حاڵەتی هەست کردن بە ئەرك لای رۆڵەکانی بە هەموو نەتەوەو بەشەکانیەوەو لە هەر شوێنێك دابن چ لە سلێمانی یا خود یا خانەقین یا مەندلی یا مثنی بەهێز دەکا.

ئێمە دڵخۆشین کە بەنوێنەرو ئەندام لە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و وەك نوێنەری گەل لەم گەڵتان دا سەریح و راستەوخۆم ، من خۆم موجادەلەیەکم بیست هەروەك موجادەلەم سەبارەت بە مەسەلەی بنچینەییو زیندووی تر لە هەندێ عەرەب لە بەغدا بیست، دەڵێن بۆ ئەو هەموو بایەخدانە بە حوکمی ئۆتۆنۆمیو بەم چەشنە دەربارەی گەل لە کوردستان دەدوێن لە گەڵ ئەوەدا بۆنموونە هەندێ جار هەندێ لادان لە فلان شوێن و کاروباری سلبی لە فلانە شوێنە رووەداو بەشداری کردنی هەندێ لە ناوچەی کوردوستان لەمەسەلەی جەنگ دا وەك هەمان بەشداری ناوچەی بێجی نیە پێیان دەڵێم ئەوەی دەیڵێن راستە، ئێمە دیاردەی سلبی دەبینین و چاومانی لێ ناتروکێنین و گوێمان لێ داناخەین وگوێی لێ نەگرین بەڵام لە سەرتانە ئەو راستیەیە بزانن کە ناوچەی کوردستانی حوکمی ئۆ تۆنۆمی لە ناوچەکانیتر عیراق داوکەوتووترە.. لە وەرگرتنی دەرفەتی خۆی دواکەوتووە، مەبەستم دواکەو تنی شەقام و بینانیە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە دەرفەتی مامەلەتی تەبیعی لەگەڵ ژیان دا بۆ مرۆڤ نەرەخساوە نە لە گەڵ شۆڕش و بیروباوەڕو لایەن و دەزگاکانی هەروەك بۆ کوڕی بێجی یا خود بۆ کوڕی مثنی یاخود بۆ کوڕی ذیقار رێك کەوتووە بە هۆی دۆخی تایبەتی عیراق و حالەتێکی جیاواز لەو نیە، واتەگەلی کوردمان لە راستی نیشتمانی خۆیدا لە گەڵ خۆی رەفتار دەکاو لە دەری خۆشیەوە کاتی دۆخی تەبیعی هەمان رەفتاری کوڕی بەسرا یا خود کوڕی بەغدای لە هەموو ئەو مەسەلە نیشتمانیە بنچینەییە زیندووانەدا بۆ دەرەخسێنی کە هەموو عیراق بەتەنگیەوەیەتی نەك تەنها ناوچەی کوردو ستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی.

لەم قسەیەدا نامەوی بەرگری لەو رەفتارە چەوتە بکەم کە لێرەو لەوێ لە ناو ریزەکانمان دا وەك عیراقی دەرکەوێ، بەڵکو داوا دەکەم کە ئەم رەفتارە چەوتە تێ بگەین، ئەگەر تێگەیشتنێکی راست تێی گەیشتین دەتوانین چاری بکەین چونکە هیچ شتێك لە جیهان دا لە سنووری عیراق دا نیە مەبەستمان بێو بکەین مەگەر ئیرادەی پەروەردگار ی لەسەر نەبێ هەرچی شتێك توانامان بێ بیکەین بەرەو باشتر لە ژیانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی و دەروونیو یاسای وزانستی گەل دەیکەین.

واتە کاتێ ئەوە تێگەیشتمانەو کاتێ ئەوە سەر نجمانە لەسەرمانە تێ بگەین بۆچی هەڵە لێرەو لەوێ دەردەکەوێ چ هەڵەبێ لەسەماوە دەربکەوێ وەك وتم یا خود هەڵەبێو لەسلێمانی دەربکەوێ یا خود لە

گەلی کوردمان لەگەڵ خۆی دایە.. خۆشی بەشێکە لە نەفسی عیراق

کوردوستان یا خود ئەو خەڵکە عەرەبەی لە ناوچەی کوردوستا دان، بەڵکو عەرەب لە شاری بەسرە یاخود لە شاری موسڵ دەبێ هەمان هەست بکا کە کوردەکە لە هەولێر یا لە سلێمانی یاخود لە دهۆك دەیکا، پێویستە لەسەری وا هەست بکا کە حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ عیراق پێویستە و بۆ گەلی کوردیشمان لە کوردوستانی عیراق پێویستە.

یەکێتی عیراقیەکان

هەندێ برایان و هەندێکیان کاربەدەست لە دەوڵەتی عیراق دا وای دەزانی کاتێ حوکمی ئۆتۆنۆمی دێتەدی وەك ئەوە وایە عیراقمان بە کەسانی عیراقی جیا کردۆتەوە، بەڵام حزب هەمیشە وای دەبینی کە حوکمی ئۆتۆنۆمی لە کوردوستان دا عیراق جیاناکاتەوە بەڵکو یەکێتی عیراق قووڵتردەکا، لە سەر بنچینەی ئەم سەرنجە حوکمی ئۆتۆنۆمی لە حاڵەتێك دا هاتە دی خاسیەتەکانی گەلەکەمان لە کوردوستان دا دەربڕی بۆ حاڵەتێك ئیرادەی گەلی عیراقمان لەو پەریەوە بۆ ئەوپەری دەربڕی، چونکە ئەو حاڵەتە دروستەیە کە یەکێتی عیراقیەکان وەك یەکێتییەکی دەروونیو فیکریو سیاسی عیراقیەکان بهێنێتە دیو هەروەها هەرچی لەمەشەوە لە ئەنجامی بەکردەوە لە ژیان دا سەر هەڵ دەدا، لە سەر ئەم بنچینەیە سەیری حوکمی ئۆتۆنۆمی ناکەین کە لە دەربڕینی دەستووری خۆیدا لە کیانی حوکمی ئۆتۆنۆمیدا حاڵەتێکی نەگۆڕی تەواوە، بەڵکو وای دادەنێین کە شتێکی شوێنەدا بتانبینین، هیوادارین ئەرکتان بەم گیانەو کاروبارتان بەم گیانەی لێ داوین بەرنەسەر، لەوانەیە یەکێك بپرسێ ئایا حوکمی ئۆتۆنۆمی بەلای تۆوە گەیشتۆتە باشترین شێوە کەخواستمانە بۆ گەلی کوردمان، وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم نەخێر نەك هەر حوکمی ئۆتۆنۆمی نەگەیشتۆتە هەموو یاساکانی تری وڵات لە عیراق دا نەگەیشتۆتە ئەوە کە بۆ گەلی عیراقمانی دەخوازین، چونکە ئێمە هەمیشە بۆ گەلی عیراقمان لە کوردوستان دا یا غەیری کوردوستان دا هیوای حاڵەتێکی باشتری لەو حاڵەتە بۆ دەکەین کە دەیگەینێ، وەك ئەوەی یەکێك دەڵی ئایا جل وبەرگ لە عیراق دا جوانترین جل و بەرك، وەڵامی دەدەینەوەو دەڵێین نەخێر چونکە ئێمە وا دەخوازین کە عیراقیەکان جوانترین جل وبەرك لە بەربکەن، ئایا دەستووری عیراق ئێستاکە باشترین دەستوورە دەتانەوێ وەڵامی بدەینەوە دەڵێین نەخێر چونکە ئێمە هەمیشە باشترین شت بۆ عیراقیەکان دەخوازین، لەبەر ئەوە وا چاوەڕێ دەکەین مادامکی ژیان بەرەوپێشەوە دەچێ، لەو دەستوورەی ئێستا باشتر هەیە هەروەها سەرنجیشمان بۆ یاساکانی حوکمی ئۆتۆنۆمییە.

دەرفەتی رەفتارکردن لە گەڵ ژیان دا

وەك عیر اقی سەراحەتم قبوول بکەن چ عەرەبن یا خود کورد یا تورکمان چونکە من هەمیشە لە ئاشکرای خۆیەوە کاتێك ئافرەتێکی کورد لە قولایی چیاوە دێ تێگەیشتنی بۆ شۆڕش بۆ نموونە لە ئافرەتێکی عیراقی شاری کەرکوك کەمترە ئێمە پێویستە تێبگەین بەهۆی دوورە پەرێزیەوە لە شاخ تێگەیشتنی لە ئافرەتێکی عیراقی شاری کەرکوك کەمترە، کاتێ دەبینین لە شاخەکانی کوردوستان دا وەختێ ناوەختێ کەسانی تێکدەر هەن واتە لەوانەیە هەندێ کەسان کە لەبەر هۆیەك یا هۆیەکی تر ئامادەن پەیدا بکەن. مەرج نیە لەبەر ئەو هۆیانەی ئاشکرا دەکرێن بەڵکو لەبەر هۆی تری زۆر کە لەوانەیە لە رێگای تێکدانەوە پاڵی پێوەبنێ، بەڵام ئەم دۆخە بۆ نموونە لە شاری سەماوەدا نیە.

واتە پێویستە پێکهاتن مێژووی ناوچەی کوردوستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی بزانین لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی ئالۆزکاویشیدا لەم شوێنەداو لە گەڵ هێزە دژانەش دا کە هەمیشە هەواڵیان داوە ناوچەی کوردستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی لە کارتێکردنێکی بە ئیسراحەت لە گەڵ بیروباورەکانی شۆڕش دا لێك دابڕین، ئەو کاتە دیاردە سلبیەکە وەسفێکی لە سەر رۆشنایی ئەم دۆخە پێ دەدەین و بەراورد لە نێوان کوڕی بەغداو کوڕی سلێمانی دا ناکەین، خۆ ئەگەر بەراوردمان لە نێوان کوڕی بەغداو کوڕی سلێمانیدا کرد جەور لە کوڕی سلێمانی دەکەین، بەڵام هەموو راستیە جەوهەریەکە کە لە گەلەکەمان دایەئەوەیە کوردمان لەگەڵ خۆی دایەو خۆشی بەشێکە لە نەفسی دەوڵ، لەسەرمانە بەهەمان گیان تێی بگەین بۆ ئەوەی بۆ حاڵەتێکی باشتری بگۆڕین، هەندێ جار بەراورد دەکرێو دەڵێن پارێزگاری مثنی لە پارێزگاری دهۆك چالاکترە، من دووبارە ئەم بەراوردە عادلانە نابینم، کوڕی دهۆ ك لە کوڕی دهۆك دا پەروەردە بووەو کوڕی سلێمانی لە کوڕی سلێمانیداو رەگەزی هێزداریو لاوازی لە پەروەردەبوونی لەم کوڕەدا و لە توانای بەرێوەبەریەوەی یاخود کزی توانای بەرێوەبەریەوە هاتوە پێویستە بە کوڕەکەیەوە بیبەستینەوە نەك دوور لە کوڕەکەوە.

لەبەر ئەوە دەبینین پارێزگاری بەغدا لە پارێزگاری سلێمانی چالاکترە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە پارێزگاری بەغدا حەماسەت ونیشتمانیەتی لە پارێزگاری سلێمانی زیاترە بەڵکو هەموو حاڵەتێك لە دۆخی خۆی دا وەردەگرین نەك جیا لە دۆخی تایبەتی خۆی.

براکانم دەزانن تاماوەیەکی نزیك نەریتی گشتی هاوبەش و دیاری کراوو ساکارمان هەبوو مەبەستم لەوە لە چەرخی نوێدا بەڵام نەریتمان وەك گەل کە بەدرێژایی مێژوو درێژ دەبێتەوە کۆن و قوول و ناسراوە نەك تەنها بۆ ئێمە وەك عیراقی بەڵکو بۆ هەموو جیهان، بەڵام بە هۆی نادیاری ئەرکی دەوڵەت و ئارامیەوە بە هۆی یەك بەدوای یەکی حوکمی ئیستعماری لە سەرمان بە درێژایی ٨٠٠ ساڵ وامان لی هات خومان بخەینە سەر نەریتی کۆن ونەریتی

Institut Kurde de Paris

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە لە کاتی چاوپێکەوتنیدا بە ئەمینداری نهێنیو ئەندامانی نووسینگەی کرێکارانی مەرکەزیو سەرەك و ئەندامانی نووسینگەی راپەراندن.

دەستەی خومەینی هەر خەریکی لیستنەوەی برینەکانیان دەبن

کرێکاران و نوێنەرەکانیان چۆنن لام وایە هیمەت بەرزە.. خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێو سەربەرزترتان کا.

ئێمە ماوەیەکە بە هاوبێیانی نووسینگاو ئەنجومەنی راپەراندن نەگەیشتووین و بیستم کەوا سرنجێکتان هەیە لەبارەی بڕیارێکەوە کە لە ئەنجومەنی وەزیراندا باسی لێکراوەو دەرچووە لەبارەی مەسەلەی گواستنەوەی بەکۆمەڵی مووچەخۆران و.. گواستنەوەی بەکۆمەڵی کرێکاران لە هەندێ دایەرەکاندا جگە لەو دایەرانەی کە بە بەرهەم هاوەر ناونراون و حەزدەکەم گوێم لە سرنجەکانتان بێ بۆ ئەوەی راوێژ بکەین هەرچەندە ئەو بڕیارەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچێ مانای ئەوەیە من لێی رازی بووم.

● **بڕی دەبێ جێبەجێ بکرێ**

شتەکە ئاشکرایەو.. بڕیارەکەیش لە ساڵی ١٩٨٥دا دەرچووەو دەبوو مووچەخۆر یا کرێکارو مووچەخۆران زیاتر دەگرێتەوە تا خەڵکیتر کرێکارانیش حاڵەتێکی زۆر ساکارن و دەبوو ئەوە بزانن کە ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە جێبەجێ بکرێ نەك بۆ پروپاگەندەو ئەگەر بڕیارەکەیان بەتوندی سەیرکردایە ئەوان و پێشەوا مووچەخۆرەکانیان هەرچەندە وشەی پێشەوا گەورەترە لە هەندێ کەس بەڵام لەو هیوایەداین کە هەموو مووچەخۆرێك کە ئەلقەیەکی تایبەتی دەربڕێ لە دەوڵەتدا دەبێ پێشەوا بێ بەم پێیە بەڕێوەبەری گشتی لەجێی خۆیا پێشەوایەو نەقابی لە نەقابە لقییەکەدا پێشەوایەو ئەو خەڵکانەی بالاترن لەجێی خۆیانا پێشەوان و دەبوو ئەم بەڕێوەبەرە گشتییانە یا ئەم بەڕێوەبەرە گشتییانە یا بەڕێوەبەرانی دەزگاکان کە ئەم ناوە دەیانگرێتەوە سەرژمێرییەك ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ژمارەی ئەوانە بزانن کە بڕیارەکە دەیانگرێتەوە بە کرێکارو مووچەخۆرەوەو ک[illegible] لەگەڵدا ببەستن بۆ ئەوەی بزانن چۆن گیروگرفتەکانی خۆیان و گیروگرفتە گشتییەکان چارە دەکەن کاتێ کە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێ لە ڕۆژی بڕیاردراویاو ئەو مووچەخۆرو کرێکارەیش کە پێوەندی هەیە بە شتەکەوە دەبوو بڕیکاتەوە لە ماوەی ساڵێکدا بۆ ئەوەی چۆن رەفتاربکا کاتێ کە ڕۆژی هێنانەدەی بڕیارەکە دێ بەڵام وادیارە هیچ کەسێ ئەم رەفتارەی ئەخستووەتە حیسابی خۆیو ئەمەیش دیاردەیەکی رەخنەلێگیراوەو بۆچوونی وا کە ئەو بڕیارانەی لە جێگا بڵندەکانەوە دەردەچن جێبەجێ ناکرێن بۆچوونێکی هەڵەیە چونکە بڕیار دەبێ جێبەجێ بکرێو منیش دیارە هەر کاربەدەست نیم بەڵکو هاوولاتیشم لەگەڵتاناو وێنەی بیرکرنەوەو رەفتاری هاوولاتییانیشم لایە لە حاڵەتێکی واداو دەزانم چ شتی رەوایەو چی نارەوایە لە رەوشتیا.

● **پێویستمان بە ئافرەتە لە ئیشدا وەك ئەوەی کە پێویستمانە بەرێوەبردنی ماڵ**

بۆنموونە ئێمە دەزانین کە پیاوو ژن کاتێ کە دێن و لە گیرفانی خۆیان پارەی هات وچۆ دەدەن و ژنەکە منداڵەکەی لە دایەنخانەدا دادەنێ هەندێکیان ئەوەی کە دەیدا بە دایەنخانەو کرێی هات وچۆ بەقەدەر مانگانەکەی دەبێ یا نەختێ کەمتر بەڵام ئەوەیش دەزانین کە ئێمە لە بارو دۆخی شەڕدا پێویستمان بە ئافرەت دەبێ بۆ ئیش وەك چۆن پێویستمان دەبێ بۆ ماڵ بەرێوەبردن و هەمیشە شتێکی خراپ نیە ئەگەر هەندێ ئافرەت خۆیان تەرخانکەن بۆ بەرێوەبردنی ماڵ مادەم پیاوان لە بەرەی شەڕدان و واتە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و بۆ بەرێوەبردنی ماڵ و شتیترو ئەم حاڵەتە هەر حاڵەتێ یانی ئەوەی کە ژمارەیە ئافرەت هەیە لەپێش ئەم بڕیارەو لەکاتی ئەم بڕیارەدا کە خۆیان بۆ کاروباری ماڵ تەرخان کردبێ چونکە ئاگادارم کە هەندێ ئافرەتی عێراقی دێن بۆ نووسینگاکەم بۆ تکاکردن بۆئەوەی رازیبم واز لە ئیش بێنن تا خۆیان تەرخانکەن بۆ کاروباری ماڵ بەڵام ئەو کەسانەی کە دەیانەوێو من مەبەستم هەندێکە نەك هەموو مووچەخۆرەکان پێوەندییان هەیە هەرچەندە مەسەلەی خۆیایەتی هەندێ جارو لە مرۆڤ دەکا کە زەحمەت بێ هەموو وردەیەکی ژیانی بکەوێتەوە بیر کاتێ کە قانوونی بەسەرا جێبەجێ بکرێ چونکە هەمیشە گیروگرفتە خۆییەکەی دەور دەبینێ لە بڕیاردانی ئارەزووی خۆیا لەوکاتەدا.

هەموو وردە بابەتەکانی ژیانیشی ئایەتە بەرچاو کاتێ کە لە بڕیارێك دەکۆڵێتەوە کە بە هەمان مەوزووعییەت دەرچووبێ واتە ئەو بڕیارانەی کە بەسەر ئەوو خەڵکیتردا جێبەجێ دەکرێو بە هەمان مەوزووعییەت قسەیان لەبارەوە ئاکا.

تاکسی لێخورەکان یا پاس لێخورەکان ئەگەر ئەوانەی کە بەر بڕیارەکە دەکەون رێکەوتنایە لەگەڵیانا پێش شەش مانگ یا چوار مانگ یا سێ مانگ یا دوو مانگ یا مانگێك لە کاتەکەیەوە ئەو کرێیەی کە داوایان دەکرد بەقەدەر ئەوە نەدەبوو کە ئێستا داوای دەکەن شتێکی ئاشکرایشە کاتێ کە هەزار کەس کۆببنەوە لە بەردەم ئوتۆمبیلەکەیا جیاوازە لەوەی کە بیست کەس کۆببێتەوە. کاتێ کە بیست کەس لای ئوتۆمبیلەکەیا بوەستێ بۆ رێکەوتن لەسەر ئەم مەبەستە داوای کرێیەك دەکا جیاواز بێ لەوەی کە داوای دەکا ئەگەر هەموو بەجارێ بێن دوای ئەوەی بڕیارەکە بەتەواوی جێبەجێ کرا چونکە وادیارە ئەم بڕیارە بۆ ڕۆشنبیری گشتی نیە بەڵکو بۆ جێبەجێکردنە لەبەر ئەوە کاتێ کە سەیردەکا هەزار کەس پێویستیان بە ئوتۆمبیلەکەی هەیە شتێکی ئاسایییە چونکە ئەویش بەرژەوەندییە تایبەتییەکەی خۆی نایەتە بەر هەموو وردە بەشێکی ژیاندا لە دەروازە فراوانەکەیەوەو بەم جۆرە بە هەڵی خۆی دەزانێو داوای سی دینار دەکا لە هەر کەسێك بەڵام ئەگەر پێش دوو مانگ بچووینایە بۆلای هەر داوای دە دیناری دەکرد.

من ئێستا باسی ئەمە دەکەم چونکە وەك کاربەدەستێك و هاوولاتییەك دێ بەخەیاڵاو هێشتا لەبیرمە ئەوساو ئێستایش هەر هاوولاتین هەرچەندە توانای ئێستامان بەرزترە لە هیی ئەوسامان.

دەگەڕێینەوە بۆسەر باسەکە هەر سەروکی یەکێتیی نەقابەی کرێکاران ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەبێو ئەم بابەتە باسیکراوە نەك لەبەر ئەوەی لە شەڕداین و لە بارو دۆخی شەڕدا هەمیشە ئابووری بۆ خزمەتی شەڕ دادەنرێ یانی ئەو ئەنجامانەی کە پێویستە لە شەڕدا بهێنرێنەدەی و ئەو ئەنجامانەیش کە ئێمە دەمانەوێ لە شەڕدا بهێنرێنەدەی بەنیسبەت ئێمەوە ئەوەیە کە عێراق بپارێزین چونکە ئەگەر نەخوازەڵلا عێراق لەکیس بچێ نە پاس دەمێنێو نە ئوتۆمبیل و نە هیچیتر یانی هەموو ئەم شتە باشانە نامێنن.

بەڵام گومان لەوەدا نیە کە بە هێزی خوا هەر لەسەر سنوور بڕینەکانیان دەلێسنەوەو سەرکەوتنیش بە پاراستنی عێراقتان هەمیشە ئەمێنێو راستەقینە دەبێ بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە هەموو گەلانی سەرزەوی کاتێ کە دووچاری بارو دۆخی شەڕ دەبن ئابووریان بەرەو شەڕ ئامادە دەکەن و ئەمەیش شتێکی رەوایە بەڵام بناغەی بڕیارەکە هەمیشە بۆ ئەمە نیە ئەمە هۆکارێکی سەرەکییە بەڵام بنەڕەتی بڕیارەکە لێکۆڵینەوەی رژێمە سۆشیالیستەکەمان واتە رژێمە سۆشیالیستەکەمان بکەینە حاڵەتێك کە بۆ جێبەجێکردن دەست بداو زیندوو بێو ئابووری گشتی ماندوو نەکاو لەئەنجامدا ببێ بە کارەساتێکی نەویست و ناراست، بناغەی هەموو چالاکییەك لە دەوڵەتدا دەبێ لاسەرەکییەکەی بە شێوەیەکی ئابووریانە حیساب بکرێو هەندێکیان دەبێ هەمووی بنەماکەی ئابووری بێ.

● **حیساباتێکی ئابووریانە**

لە قوناغێ لە قوناغەکانی ژیانی شۆرشدا پرۆژەیەك دادەمەزرێنین بە مەبەستی ئەوەی ئەو کرێکارانەی تیا بخەینەکار کە پشووی ئیشکردنیان نیە بەڵام دیسان دەبێ حیساباتێکی ئابووریانەی بۆ بکرێ بەڵام لە قوناغێکیتردا هەمان ئەو پرۆژەیەی کە لە ساڵی ١٩٦٩دا دامان مە زراندووە پاش ئەوەی هەڵی ئیشمان بۆ کرێکارە بێئیشەکان پەیداکرد لای دەبەین چونکە ئابووریانە نیە بۆچی لایدەبەین.. چونکە بەردەوامبوونی لەش و گیان بێهێز دەکا نەك هەر لەش بەڵکو لەش و گیانی بنیاتنانی سۆشیالیستی.

کاتێ کە رێبوارێکی سەرمایەدار دێتە لات و لێت دەپرسێ سەرمایەی ئەم دەزگایە چەندەو لە وەڵامیا دەڵێیت سەرمایەکەی ١٤ ملیۆنەو لێت دەپرسێ دەرامەتی چەند لە قازانجدا پێی دەڵێی دەرامەتی قازانجی ١٠٠ هەزارە پێت دەڵێ ئەگەر من ١٤ ملیۆنم هەبوایە ملیۆن و نیویکم لێ قازانج دەکرد.

کەوایە تۆ رژێمێکی سۆشیالیستی بێکەڵك بەکاردەهێنی لەبارەی کەڵەکەکردنی ئەو پارە زیادەوە کە لە قازانجەوە وەردەگیرێ بۆ ئەوەی گیانی رژێمی سۆشیالیستیو پێشکەوتنی ئادەمیزاد گوناهبارکا بەهۆی پێشکەوتنی دارایییەوە چونکە ئەگەر هەر سەد هەزار قازانج بکەی لە ساڵێکدا ئیتر ناتوانی مانگانەی کرێکارەکان زیادکەی چونکە زیادە لەکوێوە دێنی.. وا دانێ ئێستا نەوتت هەیەو نرخەکەی ڕۆژێ لەڕۆژان بەرزەو ئێستا کە چوویتە شەڕەوەو نرخی نەوت دابەزی دەبینی مانگانەی کرێکارو مووچەخۆران لەزووەوە وەستاوەو هیچ زیادی نەکردووە کەوابوو ئەو زیادییەی کە دەتەوێ لە ژیاندا لە توانای دارایيتا دەبێ لەو قازانجەوە بێت کە لەو سەرمایەیەوە دەستکەوێ کە لە نەش ونوماکردندا دایدەنێو ئەگەر ئەمە نەهاتەدی کۆمەڵگاکەت چۆن پێش دەکەوێو کرێکار توانای دارایيتا دەبێ لەو قازانجەوە بێت کە لەو سەرمایەیەوە دەستکەوێ کە لە نەش و نوماکردندا دایدەنێو ئەگەر ئەمە نەهاتەدی کۆمەڵگاکەت چۆن پێش دەکەوێو کرێکار توانای دارایيتا دەبێ لەو قازانجەوە بێت کە لەو سەرمایەیەوە دەستکەوێ کە لە نەش و نوماکردندا دایدەنێو ئەگەر ئەمە نەهاتەدی کۆمەڵگاکەت چۆن پێش دەکەوێو کرێکار توانای دارایيتا دەبێ لەو قازانجەوە بێت کە لەو سەرمایەیەوە دەستکەوێ کە لە نەش و نوماکردندا دایدەنێو ئەگەر ئەمە نەهاتەدی کۆمەڵگاکەت چۆن پێش دەکەوێو کرێکار توانای دارایيتا دەبێ لەو قازانجەوە بێت کە لەو سەرمایەیەوە دەستکەوێ کە لە نەش و نوماکردندا دایدەنێو ئەگەر ئەمە نەهاتەدی کۆمەڵگاکەت چۆن پێش دەکەوێو کرێکار توانای دارایيتا دەبێ لەو قازانجەوە بێت کە لەو سەرمایەیەوە دەستکەوێ کە لە نەش و نوماکردندا دایدەنێو ئەگەر ئەمە نەهاتەدی کۆمەڵگاکەت چۆن پێش دەکەوێو کرێکار توانای دارایيتا دەبێ لەو قازانجەوە بێت کە لەو سەرمایەیەوە دەستکەوێ کە لە نەش و نوماکردندا دایدەنێو ئەگەر ئەمە نەهاتەدی کۆمەڵگاکەت چۆن پێش دەکەوێو کرێکار توانای دارایيتا دەبێ لەو قازانجەوە بێت کە لەو سەرمایەیەوە دەستکەوێ کە لە نەش و نوماکردندا دایدەنێو ئەگەر ئەمە نەهاتەدی کۆمەڵگاکەت چۆن

● **کەڵەکەکردنی لەکیس چوو**

کاتێ کە پێی دەڵێی ئوتومبیلم هەیە بۆ هات وچۆی بەکۆمەڵ و.. ئەم ئوتۆمبیلانە ئەوەندە لێخۆریان دەوێو ئەو لێخورانە لەسەر قەوارەی ئەو کرێکارانە ژمێراون کە کارگاکەیان پێ دەخرتێتە کارو ئەوەندە یەدەك و بەنزینی بۆ خەرج دەکەم هەندێکی بۆ هات وچۆو سەرف دەکەین و هەندێکی نازانین چۆن سەرف دەکرێو هەندێ پارەیش بۆ پاراستن و چاککردن سەرف دەکەم و هەندێ خانووی کرێکارانیشم هەیە لە هەر کرێکاری بۆ نموونە ٥٪ی مانگانەکەی لێ وەردەگرێ بەڵام ئێمە لەسەرمانە خانووەکە بپارێزین و ٥٪ کە بەشی پاراستن ناکا ئەمانە هەموو کەڵەکەی لەکیس چوون لە قازانج وەردەگرن و کاری تێدەکەن لەبەر ئەوە ناتوانم بۆ نموونە ١٠٠ هەزار دینار قازانج بکەم و رەنگە یەکێ پێت بڵێ ئەگەر چارەی ئەم مەسەلەیەت بەهۆی زیادکردنی مانگانەوە کردو جیاوازیی زیادەت لەسەر بناغەی بەرهەم داناو وازت لە خەڵکی هێنا کە بەئارەزووی خۆیان بکەن لە نیشتمان و هات وچۆیانا رەنگە قازانجێکی زۆرتر بکەی.

کەوابوو بەدرێژایی کات تەمەنی کارگاکە تەواو دەبێ لەکاتێکدا کە پارەی کەڵەکەکراومان نابێ بۆ ئەوەی کارگایەکی تازە بکرین.. نەوتیش تەواو دەبێو ئەوکاتە یەکێکی ڕۆژاوایی یا زایۆنی کە کینە لەدڵتدا دەڵێ دەگەڕێنەوە بۆ وشترەکانتان بەڵام کاتێ کە ببینێ دەزگا ئابووریەکانمان بەجۆرێکی ئابووریانەو راست دەخەینەکار ئەو کاتە دەتوانێ سەیری دوا ڕۆژی رووناکمان بکاو ئەو کاتە دو و راستی لەگەڵ یەکتر دەگونجێنین راستیی ئەوەی کە سامانی گەل دەبێ بەشێوەیەکی راست سوودی لێ وەرگیرێو دووەم ئەوەیە کە سامانی گەل دەبێ بەشێوەیەکی عادیلانە دابەش بکرێ.. هەندێ جار زۆر لە رژێمە سۆشیالیستەکان سامانی گەل بەجۆرێکی عادیلانە دابەش دەکەن بەڵام سامانی گەل بەشێوەیەکی ئابووریانەی راست بەکارناهێنن بەم جۆرە لە پلەی نەتەوایەتید! تواناکەی دەست دەکا بە نزمی وردە وردەو ساڵ دوای ساڵ تارادەیەك کە رژێمی سەرمایەداریوا هەیە کە لە قەوارەی سەرجەمی گشتیی بەرهەمیانا بالاتر دەبن و وا بڕیاردەدەن کە سۆشیالیزم زیانی بەم رژێمە گەیاندو سەرمایەداری فلان رژێمی پێشکەش کرد.. ئایا ئەمە بە شکانی سۆشیالیستەکان دانانرێ؟ وەڵام بەڵێ شکانی سۆشیالیستەکانە.

ئێمە گەلێکین ژمارەی دانیشتوانمان ئاشکرایەو سەرچاوەکانی سامانیشی ئاشکران هەندێکیان لەوانەن کە پێیان دەوترێ سامانی براوە یانی حاڵەتەکە ناتوانێ بەردەوام بێ تا هەتاهەتایە وەك نەوت و هەندێکی سەقامگیرە وەك کشت وکاڵ.

لەبەر ئەوە دەبێ حیساباتمان لەسەر ئەساس قوناغی داهاتوو دانەنرێ بەڵکو لەسەر ئەساسی دەورمان و بەرپرسیاریمان بەرامبەر بە عێراق سەرانسەر چ ئەوەی ئێمە هەبین یا نەبین بۆنموونە پاش پەنجا ساڵ.

ئەم سیستەمە هەڵەیانە ئەگەر بەردەوام بن باریکی زۆر دەخەنە سەر عێراق چ لە ئابووری یا لە سیاسەتدا... چونکە ڕۆژێ دێ پاش سی ساڵ بۆنموونە ئەم کەڵەکردنەی لەرێلادان و هەڵەیانە دەبن بە کێوێکی گەورەو کەس ناتوانێ بیبڕووخێنێ بە شتێکی وەخك شۆرش نەبێ.

● **حاڵەتی هەڵە دەبێ راست بکرێتەوە**

سوودی شۆرشیش ئاشکرایەو لەبەر ئەوە بووین بە شۆرشگێڕ بەڵام زیانی نائارامی ئاشکرایەو ئەنجامە بیریو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانیشی ئاشکران.

کەوابو ئێمە لە بنەڕەتدا هەر شتێ بە هەڵە بزانین دەبێ چاکی کەینەوە بە ئەرکی ئەوەی کە یەك گەلین هەرچەندە هەندێکمان بۆ ماوەیەك زیانی پێ بگا بۆنموونە ئەوەی دە دینار لە گیرفانی دەرچێ بە زیان پێگەیشتوو

Institut kurde de Paris

سەرەکی سەرکردە صدام حسین

قارەمانیتی‌یەکی هەڵکەوتووو

سەرکردایەتی مێژوویی‌یە

یحیی رەشید جاف

سەرەکی ئەنجومەنی راپەراندن

ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی پێشکەوتنێکی جۆرەکی گەورە لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی وروشنبیری‌و تەندروستی بەهۆی ئەو چاودێری یەگەورەو بایەخە تایبەتیەی بەرێز سەرەك صدام حسین بەشیوەیەکی تایبەتی بە ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمیەوە دەدا بەخۆیەوە دەبینێ.

هەروەها بەهۆی قارەمانیتی وزانایی بەرێزیەوە واقیعێکی گەشەدارو گەورە لە تێکرای ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی دروست کراوە تاوای لێهاتوە بووە بە نموونەیەکی تاکە بابەت و خاڵێکی تیشکدانەوەی فیکری لەجیهان دا چونکە بەهۆی سەرکردەوە هەموو قۆناغەکانی بریوەو لە ماوەیەکی کورت دا گەیشتۆتە واقیعێکی تیروپڕ لەبنیاتی دەستووری‌و لە دەنگاکانی یاسادانان و راپەراندن و بەشە جیاجیاکی نیان و ئەو وێنە دیموکراتیە مەزنانەدا کە لە بەش و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌دا دەرکەوتوون هەموو رۆژێك مەشخەڵی پێشکەوتن زیاتر بڵێسە دەسێنی‌و رووناکی رۆژ دەگاتە

ماڵان بەهۆی ئەو ماملەتە ستگۆیەی سەرەکی سەرکردە صدام حسین خوابیپارێزێ لە رۆژی وەرگرتنی پایەی یەکەمی حزب و دەوڵەتەوەو بەهۆی ئەو پەیوەندی خۆشەویستیەی کە لەگەڵ هەموو جەماوەری گەلەکەمان دا پەیدای‌کردوە کە گرنگترین هۆی ئەو حاڵەتی راپەرین و هۆشمەندی‌و گۆرانکاری‌یەیە

هاووڵاتی عیراقی لەسەردەمی بەرێزی‌دا بینیویەتی، لێرەوە نەهێنی بەهێزی عیراق و بەهێزی گەلی عیراق هاتوە چونکە شەخسیەتی سەرەکی سەرکردە صدام

حسین و ئەو شەهامەت و عەدالەت و ئازایەتیەی پێی ناسراوە شوێنەواری بەسەر هەموو جەماوەری. وڵاتەکەمان دا عەکس بۆتەوە بەچەشنێك هەر هاووڵاتیەك لە رەفتارکردنی لەگەڵ ژیان و

پێداویستەکەنای‌دا چاو لە بەشێك لە رەوشتەکانی سەرکردە دەکا، چونکە شەخسیەتی سەرەکی سەرکردە کاری لە پێکهاتن و بیری‌و بنیاتی تازەی کردوە،

ئەمەش حاڵەتێکی نوێ گەلی عیراق گەلی صدام حسین تیا دەژی، ئەم حاڵەتە نوێیەی دروست بوونی مرۆڤی نوێ، مرۆڤی بەخشندەیی‌و قوربانی‌دەر

لەپێناوی ئەوەی عیراق بەخۆشی‌و ئیرادەی عیراقیەکان بەسەربەرزی بمێنێتەوە گرنگترین هۆی هێزداری‌و سەرکەوتنمانە.

سەرکردەی هەلکەوتوو صدام حسین لە رێی قسە فیکری‌یە بەپێزەکانیەوە کە بەرەسەنی‌و قووڵی زانستی‌و دوور ئاسۆیی ناسراون کارێکی گەورەی کردە بنیاتە نوێکەی مرۆڤی عیراقیەوە ئەو بنیاتە قوتابخانەیەکی کۆمەڵایەتی تەواو پێك دێنێ‌و دەچێتە پاڵ ئەو قوتابخانە

فیکری‌و پروگرامیانەی زاناکانی کۆمەڵایەتی جیهان دەیزانن. فیکری کۆمەڵایەتی سەرکردە لەو سەرچاوانەوە هەڵدەقوڵێ کەگرنگەکانی زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵی عیراقە بەعەرەب و کوردەوەو بیروباوەڕو نەریت و رەفتارە مرۆڤایەتیەکان و نیشتمانیەکان و هەروەها بایەخدانی بەرێزی بە کۆمەڵی لەو لایەن و

باسە «سیۆلۆجی»یە بنچینەیی‌یانەی زانایانی کۆمەڵایەتی لە کاتی ئیستادا بایەخی پێدەدەن وەك پەیوەندی نێوان کەس و دەستەیەك لە لایەك و کەس و کۆمەڵ لە

لایەکی‌ترەوە لەگەڵ تەواوی لەنێوان ئەو دەزگایانەدا کە بیناکۆمەڵایەتیەکەی لێ‌پێك هاتوە، هەروەها بەرێزی بناغەی پەیوەندیی لەنێوان بیروباوەڕو رەفتارو چۆنیەتی

پەرەپێدانیان دانا بۆ خزمەتکردنی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵ. بەرێزی دەڵێ «مرۆڤ کە بە ئامانج دادەنرێ لە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵەی هەوڵ

دەدەین بۆ پێشکەوتنی پێویستە هێزێکی کاریگەرو کارتێکەر بێ لە کۆمەڵەکەی‌و نیشتمانەکەی‌دا، نیشتمان

بۆ هەموانەو مافداری رۆڵەکانی لە ژیان لە ناونیشتمان دا مەسەلەیەکی چەسپیوەو یەکێك لە بایەخە مەرکەزیەکانمان دەنوێنێ»

هەروەها قسەی بەرێزی (کاتێ مرۆڤ بەبەهایەکی باڵاو ئامانجێکی گەورە دادەنرێ مەبەستمان لەوە ئەوە نیە لە کۆمەڵ و لە بزوتنەو لەکار دابڕێ بەڵکو وای

سەیر دەکەین کە بەهاو ئامانجە لە ناوپێشکەوتنی کۆمەڵ دا و لەسەر بنچینەی هاوکاری ئەو مرۆڤە لەگەڵ کۆمەڵ و بەهای‌کاری کۆمەڵایەتی‌دا)، (لەسەرمانە بۆ

هاووڵاتی دەربخەین کە مافی هەیەو ئەرکیشی لەسەرە، ئەرکی نیشتمانی‌و بیروڕای نوێ بۆ دروستکردنی کۆمەڵمان وا پێویست دەکا بەراوردێکی

ورد لەنێوان ماف و ئەرك دا بکەین. لەسەرمانە بایەخ بە بەهای کاری دیموکراتی‌و پەیوەندی دیموکراتی نێوان سەرەك و گەل بدەین.

ئەم جۆرە بیروباوەڕو نەریتانە کە بەرێزی خستنیە روو دوو خاڵی بنچینەیی دەنوێنن، یەکەمیان پێویستی هاوسەنگی لە نێوان ماف و ئەرکی هەموو

هاووڵاتیەك دا رۆڵی پیشەکەی هەر چیەك بێ، واتە ئەوەی هاووڵاتی لەکۆمەڵی وەردەگرێ پێویستە بەقەدەر ئەوەبێ کە بە کۆمەڵی دەبەخشێ، دووەمیان پێویستی پەیوەندی دیموکراتی. ئەم هۆیانەو هەندێ هۆی تریش کارێکی گەورەیان لە پتەوکردن و پەرەپێدانی دەزگاکانی حوکمی ئۆتۆنۆمی‌و چەسپینی کۆڵەگە

بنچینەییەکانی پێشکەوتن و نشونماکردن و راپەرین و دروست بوونی مرۆڤی عیراقی هەبوو، ئەمەش عەقلی

سەرکردەیی هەلکەوتووی سەرکردە صدام حسین بەدی‌هێنا کاتێ نەخشەو بەرنامەو پروگرامەکانی

شۆڕشی لە هەموو مەیدانەکان دا بۆ دروستکردنەوەی مرۆڤ و هاندانی رەگەزی هۆشمەندی تیایدا دانا

بەچەشنێك دەرفەت بۆ بزوتنەوەکانی کۆمەڵ بەلایەنە دروست و مەبدەئیەکانیەوە خۆش بکاو بۆ ئەوەی

لەسیبەری دوخە سازەکان داو لەسیبەری ئەو حاڵەتە مەبدەئیەدا کە تێکرای گەل رێزی دەگرێ و بە

شێوەیەکی چارەنووسی پێیەوە بەندەو خوێنی لە پێناوی‌دا دەبەخشێ پێ‌بگاو بگەشێتەوە.

شۆڕش بەسەرکردایەتی سەرەك صدام حسین زانی چۆن لەگەڵ گەل دا رەفتار بکا و چۆن هەنگاوبنێ‌و

ئەو بەهێزەو رەزامەندی‌و بەرێزی‌و بڕوای گەلی بەخۆیەوە گرتوە.

ئەنجام بۆ ئەوەی گەل بە ئامادەیی باڵایەوە بۆ ئەرك

لە ئەستوگرتن تا هەنگاوی دوایی ئەو سپێرە هەڵگراوە بێ کە دوژمنانی پێ دادەچڵەکێنین و سەرکەوتنی

بنەبڕی لە هەموو جەنگێك دا بۆ بەرژەوندی نیشتمان و گەل دەبگیرین پێ بەدەست بهێنن.

مەزنی سەرکردایەتی صدام حسین لە وەوە دێ کە سەرکردەیەکی مێژوویی‌یەو فەرمانرەوایەك نیە بەدوای

رەزامەندی خۆی‌دا بگەڕێ ئەو دەڵێ: دەسەڵاتداری لە وڵاتەکەمان دا حوکمکردن و دەسەڵات سەپاندن و

رەزامەندیی خۆیی نیە. بەڵکو ئەو ئەرکەیە خستومانەتە ئەستومانەوە بۆئەوەی بیروباوەڕ لەسەر زەمینەی واقیع

لەپێناو خزمەتکردنی گەل دا بەجێ‌بهێنین، لێرەوە واتە ئەو تەقەلایەی سەرکردە صدام حسین پێشکەشی دەکا

هیچ تەقەلایەکی تری کاربەدەستێکی تری دەوڵەتمان و کۆمەڵمانی ناگاتێ.

بەهۆی رۆڵی سەرکردەیی دیاری سەرەك صدام حسین پێشکەوتنێکی زۆر لەسەر رێبازی راپەرینی شارستانی بۆ عیراق بەدی‌هاتوە هەر بەهۆی ئەمیشەوە یەکێتی لە ناو کۆمەڵی نوێی عیراق دا پتەو بووە لەهەموو ئەو دەسکەوتانەی بەدی‌هاتون ئەو دەست پێشکەرو نەخشەکێش و دانەری چارەسەر بووە.

هەروەها هاوڕێی سەرکردە نەخشەکێشی یەکەم و سەرکردەی کرداری میللی‌کردنی نەوت بووە هەرخۆشی یەکەم نەخشەکێشی کرداری پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی بووە، هەر سەرکردە صدام حسین گەشەی بە تیۆری کاری بەعسی‌داو بنەرەتی بەجورئەت و ئاشکرای بۆ بیروباوەڕی سەربەخۆیی

داناو هەر خۆشی ئامانجی قۆناغی‌و ستراتیجی بۆ گۆرانکاری شۆڕشگێرانەی پێویست لەناو کۆمەڵی

عیراق دا دیاری کردو بەکارمەیی‌و ئازایەتی‌و بە باوەڕەوە نەخشەی سیاسەتی دەرەوەی عیراق دەکێشێ‌و بەوردی و مەزوعیەوە پەیوەندیی‌بە دەوڵەتانەوە دیاری‌دەکاو

دوورترین پلەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ شۆڕش زامن دەکا.

ئازایەتی سەرکردە لە چارکردنی مەسەلەی کورددا دەرکەوت کە ساڵانێکی درێژ پێش شۆڕشی ١٧ - ٣٠

تەموز بەگیروگرفت مایەوە. بەرێزی بە حیکمەتی خۆی نەخشەی بۆ چارکردنی بەرێبازی ئاشتی و

دیموکراتی کێشاو بەچەشنێك کە یەکێتی عیراق خاك و گەل و مێژوو پتەو بکا، لایەنە بنچینەیی‌یەکانی‌و

بابەتەکانی رەنگ شت بۆ ئەوەی یەکێ لە شتە چەسپیوەکانی سیاسەتی شۆڕش بێ.

هەروەها سەر بەخۆیی ئابووری لە رێی ئازادکردنی سامانی نەوت لە دەستی کۆمپانی‌یە ئیحتیکاریەکان بۆ وڵات بەدی‌هێناو کۆمپانیاکانی وا

لێ‌کرد لەبەردەم ئیرادەی گەل و شۆڕش دا چۆك دابدەن وعیراق بۆ یەکەمجار خاوەنی سامانی خۆی بێ.

هەروەها سەرکردە صدام حسین عەقلی بیرکەرەوەو بزوێنەری چەسپینی پروگرامی شۆڕشگێرانەی دروست و هێنانەدی ئامانجە نەخشەکێشراوەکان بوو

بەو لایەنەی کە ئیرادەی گەل و خواست و هیواکانی دێنێتەدی و کەرامەت و سەربەرزی پتەو دەکاو ژیانی بۆ ئەو رادەیە بەرزدەکاتەوە کە شایستەی بێ دوای ئەو

بێ بەشی‌یە درێژو هەژاری‌یە ناخۆشەی لە سایەی دەسەڵاتی بیگانەو رژێمە بەسەرچووەکان بەسەر گەل دا سەپێترا بوو.

ئازایەتی سەرکردایەتی هەلکەوتووی سەرەکی فەرماندە هەموو نەخشەو پیلانەکانی دوژمنانی

رووخاند. خۆ ئەگەر سەرکردایەتی خەیاتگێر صدام حسین کرداری شۆڕشگێرانەی لە وڵاتمان دا بەو بارە

پێشکەوتووە گەیاندبێ و ئەو هەموو گەشەیی‌و خوشگوزەرانیەی بۆ کۆمەڵەکەمان بەدی‌هێنابێ قادسیەی پیرۆزی صدام وا هات تا وەکو لەرێی زنجیرەیەك لە

کرداری مێژوویی‌و داستانی قارەمانانەوە نیشانی بدا کە سەرکردەی سەرکەوتن صدام حسین چ تەرزێکی دەرکەوتوو تاکە بابەتی قارەمانیتی سەرکردایەتی‌یە.

Institut Kurde de Paris

لە یادی جەنگی ڕەوادا

هەموو قوربانیەک بۆ عیراقی مەزن

وا جەنگی ڕەوامان، پێی نایە حەوتەم ساڵەی تەمەنیەوە، بەم بۆنەوە، لە هەولێر ڕێکخراوە میللی و پیشەییەکان و لە گەلێاندا هاوولاتیان بەتێکرا وەفایان بۆ سەرکردەی گەل صدام حسین دووپات دەکەنەوە لە پێناو پێش کەش کردنی هەموو توانایەك بۆ پاراستنی ڕەوتی سەرکەوتن.

★ لە کاتێکا کە گەلەکەمان بەکوردو عەرەبەوە، ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕی، بەم بۆنەوە بەناوی جەماوەری قوتابی ولاوانەوە، بەدڵ پیرۆزبایی گەرم لە ڕۆڵەی گەل پێشەوا صدام حسین دەکەین، بێگومان، ئەم یەکێتییە دەوری ڕووناکی خۆی لە پشتگیری کردنی سەرکەوتندا دیوە، بەدەیان چالاکی و ئۆردووگای مەشق کردن، هەروەها بەشداری کردنی ڕاستەوخۆ لە جەنگ دا . . . هەموو ساڵێك و سەرکەوتن.

حسن حسین
سەرەکی یەکێتی لاوان و قوتابیانی هەولێر

★ جەماوەری کرێکاران، وەك هێزی دیاری بنیان نان، هەر لە ڕۆژی یەکەمی جەنگەوە، خۆیان بەخت کردووە لە پێناو پێش کەش کردنی هەموو توانایەك بۆ عیراقی ئازیز. . .

کارکردنی بەردەوام وزۆربوونی بەرهەم وبەشداری لە بەرەکانی جەنگ وپێش کەشکردنی زێرو سامان نموونەیەکی زیندوون لەم قوربانی دانە گەورەیە. . ئیتر بە هیواین هەمیشە هەر سەرکەوتن هی عیراقیە ئازاکان بێ بەسەرکردایەتی پێشەوای نەمر صدام حسین.

حامد حمد
یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران

★ وا جەنگی قادسیەی صدام حسین دەچێتەقۆناغێکی نوێوە، لە هەر ڕۆژێك دا، عیراقیەکان باوەڕیان بە سەرکەوتن زیاتر دەبێت، چونکە ئەم گەلە لەسەر هەقەو لە دپێناوی پاراستنی شەرەف و کەرامەتی دەجەنگێ. . . جێی شانازییە کە ئافرەتان دەوری تەواویان لەم جەنگەدا بینیوە، یەکێتی لە هەولێردا، دەیان چالاکی لەم ڕووەوە پێش کەش کردووە کە جەماوەری ئافرەت لە پارێزگادا بەشداربوون . . هیوادارین ئەمساڵ ببێتە ساڵی سەرکەوتنی دووایی.

نافعە عثمان
سەرەکی یەکێتی ئافرەتانی هەولێر

★ عیراقی مەزن، عیراقی بنیات نان وخۆشەویستی، عیراقی سەرکەوتن و شارستانیەت، لە جەنگی ڕەوادا، زیاتر گەشایەوە، زیاتر

دەر خسترا کە ئەم عیراقە ئازیزە بەهیچ هێزێك نالەرزێ، مادام لەسەر هەقە، مادام خاوەنی سەرکردەیەکی لێهاتووی وەك صدام حسینە، کە چاوی لە هەموو عیراقیەکە.

بەم بۆنەوە، دووپاتی دەکەینەوە کە ئامادەین بەگیان بۆپاراستنی سەرکەوتن کە خواپارێ هەر بەشی عیراقیەکانە.

جمال جلال حمە
ئەندامی ئەنجومەنی یاسادان

ب هەلکەفتنا بورینا شەش ساڵا لسەرشەری : .

«هاوکاری» دگەل جێگرێ پارێزکارێ دهوکێ

وەصفي حسين

پارێزگەها دهوکێ ڕۆژ بوڕۆژی هەریاپێشدکەفیت وکاروانێ ئاڤاکرنێ لڤێ پارێزگەهێ نەراوەستایەو ئەڤە ژی ڕەوشنا عیراقێ یە چنکو دروشمێ عیراقیا «دەستەك بو ئاڤاکرنێ و دەستەك بو هەلگرتنا چەکی» ئەڤچا ئەگەر بەرێ خو بدەینە هەژمارا پروژا لپارێزگەها دهوکێ دێ بینین ل شەش ساڵێت بورین پتر ئاڤاهیی یا چێ بوی لدهوکێ ڤێچا هەلکەفتنا بورینا شەش ساڵا لسەر شەرێ مە دژی ڕژێما خومەینی یا چەپەل مە سەرەدانەك برە پارێزگەها دهوکێ و لبارەگایێ پارێزگەهێ مەئەف چاڤپێکەتنە کردگەل بەرێز (شفیق احمد محمد صادق) جێگرێ پارێزگاری دهوکێ : -

پ سەیدا بومە بکە بەحسێ وان پروژا ئەوێت هاتینە ئاڤاکرن لپارێزگەهێ ل شەش ساڵێت شەرێ مە دگەل ڕژێما خومەینی؟

ب ڕاستی دڤێ شەرێدا مللەتێ عیراقێ بو هەمی جیهانێ چەسپاند کو مللەتەکێ قارەمانە . . مللەتێ داستانایە . . مللەتێ شەرییەو مللەتێ ئاڤاکرنێیەو ئەگەر بەرێخو بدەینێ دێ بینین بزاڤا ئاڤاکرنێ وشارستانیەتێ لهەمی قولا جێت عیراقێ یا زێدەتر لێ هاتی ژ ساڵێت بەری شەری ئەڤە ژی نیشانا هندێیە کو گەلێ عیراقێ ب سەروکاتیا سەروك صدام حسین شیانەکا مەزن یا هەی و هەردەم یێ سەرکەفتنێت نوی بجهـ دئینیت بو سەربلنداهیا کورێت عیراقێ.

ئەڤچا لپارێزگەها دهوکێ ژی وەك مە بەری نهو گونی گەلەك پروژە یێت بجهـ هاتین ژ وانا ئەڤێت خوارێنە : -

قێرکرنا چەندەها چادێت نافخویی لقەزا دهوکێ و ئامێدیێ و سیمێلێ و زاخوو ئاڤاکرنا چەند خانیەکا بو فەرمانبەرا لدهوکێ و دیسا لقەزا ئامێدیێ و زاخویێ و سیمێلێ و ناحیێت پارێزگەهێ وهەروەسا لڤان شەش ساڵێت شەرێدا چەند پروژێت چاندنێ و ساخلەمیێ یێت هاتینە بجهـ ئینان لپارێزگەهێ وەك خستەخانا صدام و سێ مەلبەندێت (تەئمین صحی) لقەزایێت پارێزگەهێ و چەند پروژێت دی لکەرتێ پەروەردێ وەك ئاڤاهیی (معهد اسلامی) و ئاڤاهیێ ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەدێ لدهوکێ و چەند بەشێت نافخویی (اقسام داخلیه) بو قوتابیاو مەلبەندێ ئامیرێت فێرکرنێ (وسائل تعلیمیة) و چەندەها پروژە لکەرتی لاوان و روشەنبیریێ و وەرزشی ژوانا ئاڤاهیی (قصر الثقافة) و دیسان چەند ئاڤاهیێت دێ تبیێت پارتی و بارەگا بو سوپایێ مللی لدهوکێ و قەزا سیمێلێ و چد تبیێت پارتی وبارەگا بو سوپایێ مللی لدهوکێ وقەزا سیمێلێ وچەند پارەگا بو سوپایێ مللی لکەرتێ لقەزا و ناحیێت پارێزگەهێ وژ بلی چەندەها پروژێت هاڤینگەها.

ئەڤە هندەك ژ وان پروژا بون ئەوێت هاتینە ئاڤاکرن لپارێزگەهێ ل شەش ساڵێت شەرێ مە یێ پیروز دگەل ڕژێما نەفام لقم و تەهران.

ئوبڤێ هەلکەفتنێ ئەز ڕێز و سلاڤێت گەرم و گوردهنێرم بو سەرکردایەتیا پارت و شوەرشێ تایبەت بو سەروك (صدام حسین) و پەیمانێ نوی دکەین کو بمینین (سەربازێت وەفادار بو پاراستنا ئاخا عیراقێ یا پیروز.

ب هەلکەفتنا بورینا شەش ساڵا لسەر شەری :

سەرەدانەك بو ڕێڤەبەریا نوین و ئاڤێ

ڕێڤەبەریا نوین و ئاڤێ [مدیریه الماء والمجاری] ژ وان دەزگەهێت گرنکە لنك جەماوەری، چنکو ڤێ دائیرێ پەیوەندیەکا راستە وخوو یاموکم وروژانەیا ب ژینا وەلاتیاڤە هەی وئەڤ دائیرە ژ وان دائیرایە ئەوێت دەورەکێ گرنك هەی ژ بو پێشکەفتنا هەر باژێرەکی . .

ڤیچا ژ بەرگرنگیا دەورێ ڤێ دائیرێ لنك وەلاتیا مە سەرەدانەك برە ڕێڤەبەریا نوین و ئاڤێ لدهوکێ و لبارەگایێ ڕێڤەبەریێ مە ئەڤ چاڤپێکەتنە کردگەل بەرێز ئەندازیار [بنیامین ایشو خامیس] ڕێڤەبەرێ دائیرا نوین و ئاڤێ لپارێزگەها دهوکێ :-

پ هوین چ خزمەت پێشکێش دکەن بو جەماوەری

ب - لپێشێ من دڤێت بێژم کو هەمی ئارمانجامە ئەوە رازیکرنا وەلاتیایە لەورا ئەم ب شەڤ وروژ کاردکەین داکو بشێن کێم و کاسێن باژێری بجهـ بینین و نەهێلین قوسیری بگەهیتە جەماوەری، ئەڤجا کارێ دەزگەها مە :-

گەهاندنا ئاڤێ بو هەر مالەکێ لپارێزگەهێ و چێکرنا [تصلیح] شەبەکێت ئاڤێ یێت هەڤچەرخ لقەزا و ناحیێت پارێزگەهێ و دانانا پروژێت ئاڤێ و گوهورینا شەبەکێت ئاڤێ یێت کەڤن بو ؟ من دڤێت

ب ڕێکا ڕۆژنامە [هاوکاری] بو خوینەڤانا خویا بکەم کو نهو ڕێڤەبەریامە یا مژیولە ب گەهاندنا شەبەکا ئاڤا نوی بو تاخێ عەسکەری [الحي العسكري] لدهوکێ و هەروەسا گەهاندنا شەبەکا ئاڤێ بو تاخێ [شەهیدا] و دیسا ژکارێت تەم پی مژیول پروژێت ئاڤا دهوکێیە و گەهاندنا شەبەکێت نوی بو قەزا سیمێلێ و قەزا ئامێدیێ و ناحیا فایدە و ناحیا گانی ماسێ و هوسانێ ئەم هەردبەردەوامین لسەر خزمەتا جەماوەرێ پارێزگەهێ . . ؟

پ - چ ئاستەنگ وکێماتی ل ڕێڤەبەریێ هەنە . . ؟

ب - ژ ئاستەنگێت، دکەڤنە بەرسینگا مە دەمێ ئەم بکارێ خورادبین ئەو کێمبونا کادرێ هونەرییە ل ڕێڤەبەریامە چنکو بەهرا پتر ژئان کادرێ باش نهو سەربازن یان سوپایێ مللی نە بەرەڤانیێ ژ عیراقا دەستکەفتا دکەن دژی ڕژێما خومەینی یا شەرخاز. . ؟

پ - تە چ هەیە بێژیە جەماوەرێ پارێزگەهێ . ؟

ب - من دڤێت بێژمە جەماوەری ئەم یێت هاتین بو خزمەتا وان و ئەم هەردەم دبەردەوامین لسەر خزمەتێ و نەهێلانا کێم و کاسا لناڤ پارێزگەهێ بشیوەکێ گشتی . . . لێ لسەر ڤێ چەندێرا ئەگەر هندەك کێماسی هەبن و ئەم نەگەهین چێکەین، بلا ئەوژی لمە ببورن وهزرا کیمبونا کادری بکەن و داخازا مە هەمیا سەرکەفتنا عیراقیە . . عیراقا دەستکەفتی یاو ئوتونومی . . عیراقا شورەشا ١٧ - ٣٠ تیرمەهی دژی ڕژێما تەعداکەر ل قم و تەهرانێ . . ؟

محمد ئوسمانا
تایێ دهوکێ

بەبۆنەی هەفتەی قادسیەی صدام

«ڕۆژی ڕەشی خومەینی»

کمال امین سمین

پاش تێهەربوونی شەش ساڵ بەسەر مەرگ و نابوودی و دەس برین و خەلەتاندنی کەلانی ئێران لەئەنجامی ئەو شەڕەی کە بەسەر عیراقدا سەپێنراوە، هەموو گەلانی ئێران بۆیان دەرکەوتووە کە جەنگ لەمەرگ و ماڵ ویرانی و خوێن ڕیژی بەولاوە هیچ سوودێکی تری نیە هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیەش بوو سەروکی عیراق تێکۆشەر صدام حسین هەر لەیەکەمین هەفتەی جەنگەوە ئامادەیی عیراقی بۆ دواهێنان بەشەر ڕاگەیاند.. بەڵام ئاخوندەکانی ئێران. لەسەرویانەوە خومەینی بەردەوام دەهۆڵی جەنگیان لێئەواو تەنوری ئاگری شەریان گەرم ئەکردەوە، چونکە خومەینی زۆر باش ئەزانیت کە تەمەنی ڕژێمەکەی بەستراوە بەتەمەنی جەنگەوە، کۆتایی هێنان بەشەر مانای ڕووخانی ڕژێمە نائیسلامیەکەی خومەینییە.

چونکە لەو ڕۆژەوە کە هاتونەتە سەر حوکم تاکوو ئێستا جگە لەچەرمەسەری و بەدبەختی و کوشتن و ڕاونان نەبێت هیچ سودێکیان بۆ گەلانی ئێران نەبووە، باری ئابوری بەتەواوی تێکچووە بێکارو هەژار یەکجار زۆر بووە، بۆیە هەمیشە دەهۆڵی جەنگ لێئەدەن تاکو ڕژێمەکەیان لەفەوتان ڕزگار بکەن، بەڵام گەلانی ئێران تازە بەوان ناخەلەتێ، هەموویان لەڕاستی گەیشتوون و دژی ڕژێمی ئاخوند خەبات ئەکەن.. ڕژێمی خومەینی زۆر باش ئەم ڕاستیەی بۆ دەرکەوتووە کە باری سیاسی و ئابوری بەتەواوی تێکچووەو گەلانی ئێران لەشەر بێزارن و داوای ئاشتی ئەکەن، بۆیە دەستیان کردە هەڕەشەو گورەشە بەوەی کەئەمساڵ ساڵی چارەنوسەو ئەم هێرشەیان هێرشی چارەنوسە. لەوکاتەی ئێمە دڵنیاین کەوا ئەم هێرشەیان وەك ئەوانیتر تێك ئەشکێ و سوپاکەیان قەڵاچۆ ئەکرێت لەهەموو جارەکانیتر ڕوو ڕەشترو سەرشۆرتر ئەبن. خۆشیان ئەم ڕاستیە ئەزانن. بەڵام بۆ دەس برینو هاندانی گەلانی ئێران ئەم پروپاگندەیە ئەکەن، بەڵام تازە کار لەکار ترادەوەو ئیتر کەس باوەڕ بەدروکانیان ناکات و دوا ڕۆژی ڕەشیان زۆر نزیك بوتەوە.

Institut kurde de Paris

چیرۆك

کلاوی کول رەنگ

عبدالله أحمد صادق

کلاوە کول ڕەنگەکە لە ماڵەوە بێزار بوو بوو، بۆیە ڕۆژێ بەخۆی ووت «هەرگیز ناتوانم لە تاو ئەم کوگایەدا بچمە دەرەوە ، دەبێ هەتا هەتا ژیانم لە تاو ئەم کوگایەدا بیەمە سەر، گەر ژیانم وا بڕاو ئەوا تۆزر خۆڵ سەرو چاوم دادەپۆشێ و وورده وورده لە ناو دەچم»

ڕبۆژهات و ڕۆژ ڕۆیشت کەلاوە گول ڕەنگەکە هەر هیوای ئەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان بچێتە دەرەوەو خۆی بەسەرسەری ئافرەتێکی قژزەرددا ببینێتەوە ، لە ناو بازاڕو جادەکاندا بسوڕێتەوەو خەلك ببینێت، بەشداری ژیانی ڕاستەقینە بکات، ڕۆژێ کابرایەك بەلای کوگاکەدا تێپەڕ بوو خۆی کرد بەژووورا ، بەناو شت ومەکەکاندا گەڕاو هاواری کرد «ئەووە لادۆزیمەوە»

یەکسەر کلاوەکەی هەلگرت و نرخەکەیدا بە کابرای خاوەن کوگاکە کلاوەکە زۆر دڵ خۆش بوو بەوەی لەو ژیانە رزگاری بوو زەردەخەنە کەوتە سەرلێوی، کابرا کلاوەکەی بردە ماڵەوە، سلاوی لە ژنەکەی کرد بە بۆنەی جەژنی لەدایك بوونی یەوە دیاریەکەی پێش کەش کرد. ژنەکەش سەیرێکی کلاوەکەی کردو کچێکی هەڵقورچاند چونکە کلاوە ڕەنگەکەی بەدڵ نەبوو، لەبەر ئەوە خستیە دوڵابی جل و بەرگەکانیەوە جارێکی تر کلاوەکە غەمباری دایگرتەوە، زۆر بێزار بوو، هەستی بە تەنهایی دەکرد لەبەر خۆیەوە دەیووت «دەبێ هەتاهەتایەلەناو ئەم دوڵابەدا ژیان بیەمە سەر، دەستی کرد بەگریان زۆر گریا، فرمێشکی چاوی کەوتە سەرزەوی لەو کاتەدا پشیلەیەکی موورەرد خۆی کرد بەژووراو لە بەردەم دوڵابەکەدا وەستا گوێی لە گریانی کلاوەکە بوو، بە دەستەکانی دەرگانی دوڵابەکەی کردەوەو سەلاوی لە کلاوەکە کردو ووتی «ئەی سەبەتەی جوان تۆ ڕەنگت بە ڕەنگی گوڵەو جوانیشت ئیتر بۆ چ دەگری خۆزگە دەمتوانی بێم و لە باوەشتدا بنووم کلاوەکە هەڵی دایەوە ووتی «بیورە ئەی بشیلەی جوان من سەبەتەنیم کلاوم بۆ سەری ئافرەت دروست کراوم زۆریش حەزدەکەم هاوڕیەکم هەبێت یاری لەگەڵدا بکەم». پشیلەکە ووتی «بمبورە وا مزانی سەبەتەی کەواتە من دەڕۆم چونکە پاش ماوەیەکی تر بەچکەکانم لە دایك دەبن ... جا دەبێ جیگایەکی هێمن و دڵنەوا بدۆزمەوە بمبورە ئەی کلاوی گوڵ ڕەنگ.

کلاوەکە ووتی : «ئەی پشیلەی ناسك من زۆر خۆش حاڵم تۆببیت بە هاوڕێم و لە باوەشمدا بنوی حەز دەکەم منیش بەچکەکانت بەخێو بکەم و لە باوەشیان بگرم»

پشیلەکە زۆر پێی خۆش بوو یەکسەر چووە ناو کلاوەکەوەو لێی نووست بەیانی کلاوەکە لە خەو ڕابوو دەستی بە پشت پشیلەکەدا دەهێنا پشیلەکەش لە خەو ڕابوو وورده وورده سکی دەستی کرد بە ئازاد تاکو بەچکەکانی لە دایك بوون، سێ بەچکە بوون یەکیکیان بە ڕەنگی گوڵ بوو وەك کلاوەکە، ئەوی تریان مووی زەرد بوو وەك مووی دایکی، بشیلەی سێهەم نیوەی بەڕەنگی گوڵ و نیوەی مووی زەرد بوو کلاوەکە هەمووانی لە باوەش گرت و دایکیشیان شیری دەدانێ، ئیتر ئەم خیزانە بە بەختیاری دەژیان تا بیچوە پشیلەکان گەورە بوون، ماڵ ئاوای یان لە کلاوەکە کردو دەستیان کردە ملی یەکتر و ڕ مێسك بە چاوی کلاوەکەدا هاتە خوارەوەو ووتی : -

«ئەی پشیلە جوانەکان : هەرگیز نەنکی خۆتان لە یاد نەچێ کە لە پاوەشی ئەودا گەورە بوون ... زوو زوو سەرم لێبدەن»

هەموو ووتیان «بەسەر چاو نە نەگیان» پاش چەند ڕۆژ ژنی خاوەت ماڵەکە دەرگای دوڵابەکەی کردەوەو سەیری کرد کلاوەکەی چرچ و لۆچ بووە هەڵی گرت و فڕێی دایە تەنەکەی زبڵەکەوە.

کلاوەکە بەخۆی ووت «گوێ مەدەرێ ئەی پیرە کلاو

ماداو بیچوەکان گەورە بوون، من بشمرم فەیناکە، ژنەکە هەندێ زبڵی تری کرد بەسەرا. ئەو کاتە کلاوەکە ووتی «من بەرگەی هەموو شتێ دەگرم چونکە دەزانم چۆن پشیلە لە دایك دەبێ

چۆنیش بە خێویان بکەم.

بۆ سبەی بەیانی کابرای زبڵ فرێدەر تەنەکە زبڵەکەی کردە لۆریەکەوە، بەرەو زبڵدانی دەرەوەی شاری برد

شیعری سالم و چەند سەرنجێك

نووسینی: هوگر گۆران

١

شۆری شەهرم گەر وەهابێ جیمە هامون عاقیبەت
یاری لەیلاخصلەتم دەمکاتە مەجنون عاقیبەت!

٢

گەر شەپۆلی بەحری ئەشکم مۆلکی ڕۆم وا داگرێ
دەبنە یەك هەردو لەگەڵ دەریایی جەیحون عاقیبەت

٣

رامی خۆی کردوم وەکو وەحشی بە سەبزەیی خەتو خاڵ
دەستوپای بەستم بە عیشوەی کەیدو ئەفسۆ عاقیبەت

سەرچناری چەشمەیی چاوم ئەگەر وا هەڵ قوڵێ
مەوجی گەردابی دەگاتە کۆهی گەردون عاقیبەت!

سێ بەسێ نەك یەك تەلاق دەق با دەکەش با دوختی ڕەز
تا ئەبەد مەستی دەبەخشێ چاوی مەیگون عاقیبەت

عاقیبەت بێ وەك غضنفر دەژمێ ئەو خەنم بخوا
پشتی ئەو دەشکێنێ پەنجەی شێری گەردون عاقیبەت

تەنگ دەستی دەوڵەتی لە دوایە (سالم) مژدە بێ
شادمانی دێ لە پاشا ئەحوالی مەحزون عاقیبەت

لێکدانەوەی ئەم چامەی سالم دێڕ بە دێڕ

ئەگەر پەژارەکەی ناو شارم وەها بێ ئەنجام و عاقیبەتەکەی هەر دۆزەخ و جەهەننەم ماوام ئەبێو ناحەسێمەوە.

یاری بێ باکیشم.. یاری کەمتەرخەمم کە نەریتی، کە پیشەی زۆر داریە وەکو (لەیلا)ی یاری (مەجنون)... ئەم بارەیشم ئەنجاما ئەمکاتە (مەجنون)و وەکو ئەوم لێ ئەکات یانی شێت ئەبم لە ئەنجام و عاقیبەت دا!

٢

ئەگەر شەپۆلی دەریای ئەشکو گریانم خاکی تورك داپۆشێو بێکاتە دەریا ئەوا ئەو دەریان لەگەڵ ئاوی (جەیحون) لێك ئەدەن و ئەبن بە یەك لە ئەنجام و عاقیبەت دا.

٣

وەکو حەیوانێك چۆن مالی ئەبێت و لە خاوەنەکەی جیا نابێتەوە وەهەمیشە هەر بە دوایەوە ئەبێت.. ئەئاوا یارەکەی منیش رای هێناوم و مالی کردوم و بەزەبری خەت وخاڵ روخساری رازاوەو ڕەنگاو ڕەنگی.. هەروەها بە تەلیسمی نازو عیشوەی دەستو پێی بەستومەتەوەو یەخسیری کردوم!

٤

ئەگەر ئەم (سەرچنار)ەیان ئەم سەرچاوەو کانیاوەی چاوم هەروا بە خوررو ئاوی لێبێت... ئەوا ئەبێتە ئاوێکی زۆرو شەپۆلەکەی ئەگاتە سەر کێوی گەردون و دای ئەپۆشێ.

٥

سێ بەسێ نەوەك یەك تەلاق.. بادەیش یانی مەی یان شەراب کە لە ئاوی ترێ دروست ئەکرێ.. چاوی (حەیگون) ئەو چاوەی کە ڕەنگی وەکو ڕەنگی شەراب وایە.. هەمیشە تا ئەبەد هەر مروڤ مەست ئەکا! منیش عاقیبەت وەکو ئەو مروڤەم لێ دێ! وتا مردن بێهۆش ئەبم!

٦

ئەگەر دوژمن بێتو خوێنم بڕژێنێو خوێنم بخوا ئەوا هەر پشتی خۆی ئەشکێنێو شێری گەردون دەستی لێ ئەوەشێنێو پشتی ئەشکێنێ ئەنجامی کار!

٧

تەنگ دەستی یان دەست تەنگیو بێدەسەڵاتی هێزو سامان ودەسەڵاتی لە دوایە.. مژ دەبێ ئەی سالم لە دوای تەنگان و خەم و پەژارە.. ئەنجام و عاقیبەت هەر خۆشیو سەرفرازیە!

شیکردنەوەی ئەم چامەیەی سالم دێر بە دێر ڕونی ئەکاتەوە کە تا چی ڕادەیەك سالم سەرکەوتوە لە هونەرو سنعەتی شیعری کوردیا.. هەمو وشەیەکی هەموو دێریکی هەموو شیعرەکانی کۆمەڵێکن لە سامان و بەردی بەنرخ کە تا بڵێی دەگمەن و گران بەهان لە هەمو رویەکەوە... بابەتی ئەم چامەیەو ئەم دێرانە بابەتی عەشق و دڵداریو سۆزی دەرونە کە هەمو مێژوی ئەدەبی کوردی لە هیچ سەردەم و ڕۆژێکیا خاڵی نیە لەم جۆرە بابەتە چامەو شیعرانەو سالم شتێکی دوبارە کراوی وتوەتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشا زۆر بلیمەتانە وتویەتیو سەرکەوتنی دیاری کراوی بە دەست هێناوە لەم بوارەیش هەر وەکو چۆن لە بوارەکانی تردا کەڵە شاعیر بوە!

بۆ عەبدولا گۆران

شیعری: عبدالوهاب البیاتی
دیوانی بەیاتی/ ل - ٦٦١ -
لەتیف هەڵمەت: -
کردوویەتی بەکوردی

بەفر لە کێوەکانی کوردستاندا
دەتوێتەوە
بەهاریش لە دوڵەکاندایە
وشەش خوێی نانی ئەوین و گۆرانیە
هەزار پردی لە نێوان مەرگ و فەرامۆشیدا
لێ درووست دەکات..
لە وشەکانیدا مێرگ دەڕوێ
گزنگی پاڵە هونەرمەندەکە
سەگسارەکان ڕادەماڵێو
نەتەوەیەك لە دایك دەبێ
مروڤ لە دایك دەبێ
دەسا ئەی بووکی شیعرو ئەی سەروای خەم
هەڵگژێ بە لووتکەداو
دەریاو سەردەمەکان پەیکەو
بەو گزنگەدا بگە کە لە کێوەکانی کوردستاندا
هەڵدێ..
ئەلەوێ لە لووتکەدا
کە هەمووی بەفرو ئاگرە..
ئەلەوێ - گۆران - ی شاعیرمان
شینگی خۆی بۆ خۆرو هەڵۆ هەڵماڵیوە..
لە پێناوی ئەوەدا
نەتەوەیەك لە دایك بێو
مروڤێك بێتە کایە..!

ژگوتنیت دوو بەلەنگازا

بدل رفو مزوری

(١) دویاهیکا چیرۆکا عشقێ
نێ ئەو تویرێت ژەحرکری
هاڤێتنە کۆترێت ڤینێ
لە ئەسمانا ئێخستن و کرن گری
دەنگێ ڤینێ خەندقاندن
برین پەرێت خەناکری
نەشیان بفرن.. بلڤلڤن
ستران و ئاواز نە بەلافکرن
چنکی نە سەربەستن
نێ بن دەستن
ڤێجا ئەڤە بوو دویاهیکا چیرۆکا
عشقێ...

★ ★ ★

(٢) ئەگەر مرم
گەلو! ئەگەر مرم
بتبلێت نازك و هویر
بو قەبری من داهێلن
لسەر کفنێ من گولێت وەلاتی
هین بچینن
چاڤێت من بهێلن دڤەکریین
تا ببینم چیرۆکێت عشقێ
نێ مالا من باغن پر خوناڤن
ژبیر نەکەن کفنێ من وەلاتێ
باغایەو بوهارایە...
تا گولێ بم دەنگێ ژارا
سترانێت ئەڤیندارا
ڤێجا ئەگەر مرم..
بهێلن چاڤێت من د ڤەکریین

ژ گوتنێت بەلەنگازێ

فەلەستینێ

کێیە دوژمن...؟
ئاگرە..! مروڤە..! ئاڤە..!
دبێژن دوژمن ئاگرە..
ئاگر!
پەردا شەڤێت تاری د سوژیت
دڵبت زۆر دارا د حەلینیت
ڤولکانێت خێرێ د پەقینیت
چرایەو فەنەرەو دی مینیت
ڤێجا بۆ ئاگر دوژمنەو دێ مە کوژیت؟!

★★ ★★ ★★

دبێژن دوژمن مروڤە..
مروڤ دەنگێ راستینێیە
عاشقێ ڕۆژێو هەیڤێیە
خودانێ سیبەرا ئازادیێیە
تروژکەو دیاریا ئەسمانیە
ڤێجا بۆ هەر سوتیەو سەر سیهلێیە؟!

★★ ★★ ★★

دبێژن دوژمن ئاڤە
نێ ئاڤ ریڤە چونا کاروانیە
کزگریوکە.. گزیا ئەسمانیە
بوهارەو نیرگزەو ئەڤینیە
کچا کوردەو دەنگێ وەلاتیە
ئەرێ ئەگەر ئەڤە ئاڤبیت..
بوچی زڤروك مە داعیرن و د خەندقین
د نیڤا دەریا ژیانێدا...؟!
لەوما دبێژم دوژمن کێیە؟!

«سێ پۆستەرە شیعر»

- هاتە لای من
داوای نانێکی لێکردم
کە بۆم هێناو دامە دەستی،
جەستەی لە خۆشیدا بەستی!

- ١ -

«برسیتی»

● بۆ ئەفەریقای ڕەش و برسی

ڕێبوارێك...
لەسەر شۆستەی شەقامێکدا
گیانی سپارد،
خەڵکە هەموو کۆبوونەوە
پیرسیان بۆچی مرد..
بەچی مرد؟..
هەژارێك هەڵی دایەوەو وتی

- ٢ -

«خەڵات»

لە فەلەستین..
شیعرێك لە دایك بوو
پێش ئەوەی دەم بکاتەوە
پێش ئەوەی ڕەنگ بداتەوە
فاشستەکان،
وەك پۆلە کوللە
دایانە بەر ڕیژنەی گوللە!!..

- ٣ -

«بەختەوەری»

● بۆ گەلانی ئیران

درەختێکی چرو لقدار هەبوو
پۆلێ داربر..
لەپر کردیانە سەری
لەسەریەوە تاکو قاچی
بەتەوری کول دایانپاچی
کەچی درەخت،
هیچی نەکرد
تەنها دوا دلۆپە فرمیسکی خوی
بەزەر دەخەنەوە سڕی!

چرپە...

Institut Kurde de Paris

قەفتەکا گولا بۆ نقیسەڤانی..!:

اسماعیل ابراهیم بادی

بەرێ دەمەکێ، بەرتوکا سێ یا هێژا (حجی جعفر) کەفتە بازاری ل بن ناڤێ [بۆ هەر نقیسەڤانەکی گولەك] کو هندەك خالیت رەخنەیی‌نە ل سەر گوتارو پەرتوکیت کوردیو عەرەبی نەڤیت هاتینە چاپکرن».

ئەڤ پەرتوکە یا هاتیە درست کرن ل سەر شەش پشکا، بەلێ نە ب رەنگەکێ درست چنکی ئەگەر بەرێ خو بدەینێ نقیسین یێت تیکهەل کرین.. بارڤەکرنا پشکا دڤیا ل سەر بنیاتەکی هاتبانە دانان چ ل سەر دەرکەفتنا وان نقیسینا ب سالاً یان رۆژنامە جودا.. گوڤار جودا.. پەرتوك جودا.. هەروەسا پەرتوکیت کوردیو عەرەبی ژیەك هاتبانە ڤاڤیرتن و یا فەر دڤیا یێت ب زمانێ عەرەبی هەر ب عەرەبی هاتبانە نقیسین ب گوتارەکا سەربخو.

هەروەسا ناڤێ پەرتوکێ [بۆ هەر نقیسەڤانەکی گولەك] لێ بو هندەك نقیسەڤانان ژ گولەکێ پتر دایێو ئەم دشین بێژین قەفتەك یان دەستکەك.. دیسان ل بەر پەرێ دوماهیێو دسوپاسیێدا سەیدای نقیسیە [ناملیك].. یا ئاشکرا نامیلك کو ب عەرەبی [الکراسە]یە، لێ مە چ جارا گوهـ لێ نەبویە کو نامیلك بینە پشك [الجزء] نەمازە ز بابەتیت تورە یی، لێ هەر نامیلکیت رامیاریێنە دبنە پشك.. یا فەر دڤیا نقیسیبا ڤێ (پەرتوکێ.. یان نقشتێ..).

خالەکا دی کو من چ ژێ دەست نیشان نەکرینە.. یاراست دو خالن، یائیکێ ئەو بابەتیت ل سەر زمانی هاتینە نقیسین من چ ژێ دەست نیشان نەکرن ب راستی چنکی ئەز نەیێ شارەزامە دزمانیدا.. بلا ئەو ب مینیت بو زمانڤانەکی ئەگەر هندەك بیرورا ل سەر هەبن.. یادوێ ئەو گوتاریت ل سەر هوزانیت جزیری هاتینە نقیسین ب هزرا من گوتارەکا تایبەتی پێ دڤیت هەتاکو هەمی دیوانیت جزیری بینە بەراوردکرن و تویژاندن.. لەو ئەو ژی مە ب پشت گوهڤە هاڤیتن. نوکە نقیسین و بەلاڤکرن، نەمازە رەخنەیی بیت، دڤیت نقیسەڤان گەلەکێ لێ هشیار بیت و تەڤنێ خو ئالوز نەکەت چنکی رەخنە هندی بیژی تەڤنەکێ ئالوزەو ئەگەر نقیسەڤانێ شارەزا نەبیت، باوەر نەکە ب شیت نقیسینەکا لێکدایو درست بینە کایێ.. پێتڤیە ل سەر نقیسەڤانێ رەخنەگر گەلەکێ ورد بیت ل نقیسینا خو، نەکو ل هەر رێزەکێ.. یان بەرپەرەکی پەیڤەکێ بێژیت دژی پەیڤا دی.. ئانکو دژی بیرو باوەریت خو راوەستیت.

هەروەسا دەمێ مروڤ رەخنێ ل نقیسینا ئیکێ ژ خو مەستر دکەت ژلایێ تورەیی‌ڤە دڤیت گەلەکێ تیدا هویر بیت، نەکو وێ نقیسینێ ئالوزتر بکەت و پتر تیك ب شیلیت، چنکی ئەو نقیسین چێ دبیت بیتە شەنگستە بۆ هندەك نقیسینیت دی ل پاشەروژێ.

ئەڤەژی چەند راستیەکن ل سەر هندەك ژ ژوان چەوتی یێت دناڤ پەرتوکێدا.

١ - ناڤێ درستیێ دکتور بلەچ شیرکو خودانێ پەرتوکا (القضیة الکردیة/ ١٩٣٠) گەلەك دان و ستاندن ل سەر هاتەکرن هەتا ب درستی هاتیە زانین کو ئەڤە ناڤێ نهێنیێ (ثریا بدرخانە)..!!

دناڤ پەرتوکا سەیدایێ حجی‌دا دوجارا ئەڤ خالە تیدا هاتیە، یایەکێ دبەرپەرێ (٩)دا دەمێ رەخنێ ل هێژا (عبدالرقیب یوسف)ی دگریت و دبێژیت.. «یاراست دکتور بلەچ شیرکو خودانێ کتیبا (القضیة الکردیة) ئەحمەد ثریا بدرخان نینە هەر وەکو بلاڤ دناڤ خەلکی‌دا بەلکو «جەلادەت بەدرخان»ە کو سالا ١٩٣٠ز ب فرەنسی‌و عەرەبی.. بلاڤەکریە..». لڤێرە بومە خویا بو کو ب هزرا سەیدای خودانێ وێ [جەلادەتە]، لێ دبەرپەرێ (٥٨)دا دەمێ خەلەتیا دکتور کەمال مەزهەری درست دکەت ئەڤا دپەرتوکا (مێژو و)دا هاتی دبێژیت: «بەلێ، ل ڤێ دوماهیێ دەمێمە پرسیارا خوە بەریکا ماموستا (صبری بوتانی) ڤە گەهاندیە هێژا (صلاح الدین سعدالله)ی ئەڤ بەرسڤە ل سەر زارێ وی ژ مەرا هات: (حەقی کو کوریێ «ثریا بەدرخان»ە ئ ژ کتیبا «القضیة الکردیة» دامن و گوت: ئەڤ ژ دانانا بابێ منە، بوتە دیاری)».

لڤێرە سەیدایێ حجی دژی بیرو باوەریت خو دراوەستیت کو بەری هنگی دگوت یا (جەلادەتی)یە. ب هزرا وی ئەڤ چەندە ژنوی خویا بو کانێ یاکێیە..!! لێ ئەڤ نهێنیە ژ سالیت هەفتێ (٧٠) وە رە یا خویایەو گەلەك نقیسەڤانا یا ئاشکرا کری هەر وەك ل رۆژا ١٩٧٠/٨/٥ درۆژناما (التأخی)دا هەرب (ثریا) هاتیە نقیسین، کو دپەرتوکا سەیدای‌دا هاتیە. هەروەسا (عبدالرقیب یوسف) ژ راستیێ دویر نەکەتیە، دیسان خودێ ژێ رازی (صادق بهاءالدین)ی دو جارا ئاشکرا کریە دگوتارا (جەلادەت بەدرخان)[1] و د (هوزانڤانیت کورد)دا کو نقیسەڤانێمە ئەوژی بەخەلەتی دایە نقیسین.[2] هەروەسا رەشیدێ فندی ژی ئاشکار کریە.[3]

٢ - چیروکا فوئادێ تەمو:

أ - دبەرپەرێ (٢٣)دا ناڤێ پالەوانێ چیروکا فوئادێ تەمو کریە (شاویش) کو ژ محمود زامداری وەرگرتیە، ئو ئەڤ ناڤیت دی کو هەر نقیسەڤانەکی ب رەنگەکی نقیسیە، ب نەشیان دهژمیریت. دڤیت ئەڤ ناڤە ل دویڤ بیرو باوەریت ئیکی بتنێ نەبن، لێ دڤیت چەند نقیسەڤان پێکڤە رویێن و نە بەس ناڤێ پالەوانی، لێ چیروکێ هەمیێ ب رەنگەکێ جوان ساخ بکەنەڤە.

ب - یێ کو جارا ئیکێ ئەڤ چیروکە دەست نیشان کری د (رۆژی کورد)دا، هێژا (محمود زامدار) بویە کو دکورەکا ناڤخویی دا ل بارەگایێ ئیکەتیا نقیسەڤانیت کورد تایێ دهوکێ دەمێ کورەك بو سەیدا (حجی جعفر) پێکئینای ل سەر چیروکا فوئادێ تەموی تیدا گوت «من بەری هەمیا ئەڤ چیروکە یا دەست نیشان کری (العراق دا)»...[4] لێ سەیدایێ حجی دبێژیت «دیتنا ڤێ چیروکێ بو کاك (انور محمد طاهر)ی دزڤریت»، نەخیر بو محمود زامداری دزڤریت کو ئاخڤتنا وی هەر ل سەر ڤێ پەیڤێ بو، چنکی سەیدایێ (انور محمد طاهر)ی پشتی کاك (محمود زامداری) یابلاڤ کری.

جـ - ل جهەکێ دی دبێژیت: «کاك محمود زامدار ژی ب عەرەبی گوتارەك ل سەر ڤێ چیروکی نقیسیە، لێمە نزانی چ سال بلاڤەکریە ب ٧٨» بەلێ دبەرپەرێ (٢٩)دا هژمارا رۆژنامێ بەلاڤکریە کو (٢٥٦٨)ە. ئەگەر ژمارە لبەر دەستێ مروڤیبیت، مروڤ دشیت رۆژا دەرکەفتنێ ژێبزانیت نەبەس سالێ!!.

د - دیسان دەمێ دبێژیت: (هەر چواران../ ب٢٣) کو نەشیاینە ناڤێ (شەویش!)ی ساخ بکەن!! نوزا بوچی نە گوتیە «مە هەر پینجان..» کو ئەو ژی ئیك ژوان بویە، لێ هەر دفەروژێدا گوتیە «ئەز ژی نەشیا بوم ڤێ ناڤی ساخ بکەم/ ب٢٩».

٣ - یەکەمین پەخشانا کوردی:

نوکە دان و ستاندن گەلەك جارا یاهاتیە کرن ل سەر پەرتوکا (عادات و روسوماتنامەی ئەکرادیە) یا مەلا مەحمودیو مەولودنامە شێخ حسینی قازی.. کو هەر هندەك ئیکی دادنن یەکەمین پەخشان نقیسێ کورد. سەیدا حجی دپەرتوکا خودا لسەر ڤێ بابەتی دبێژیت «ئەوەی راستی بیت (عادات و روسوماتنامەی - ئەکرادیە)ی مەلا مەحمودێ بایەزیدی کەلەسالی ١٨٥٨ز نووسراوە بە یەکەمین پەخشانی کوردی‌دا دەنیت» کو ل سەر رایا دکتورە شکریە رەسولە.[5]

وەلێ ڤێ دوماهیێ نقیسەڤانێ هێژا (رەشید فندی) پەرتوکەك ل بن ناڤێ (عەلی تەرەماخی...) چاپ کرو تیدا خویا کر کو ئەو ئیکەمین پەخشان نقیسێ کورده...[6]!!

٤ - پەیڤا (ناڤ ترەنگ)(یا کو دگوتارا دکتورە نسرین فخری‌دا هاتی ب هزرامن چەوتی‌یا چاپێیە،[7] هەروەك دبەرپەرێ (١٣٥)دا هاتی (مەم و زینا خانی) یان دبەرپەرێ (١١٧)دا.. (فیلیە سوفەك..). ئەرێ چەوا ماموستایەکێ زمان و ئەدەبێ کوردی؛ نەمازە [نقیسەڤان!] بیت دێ نقیسیت (خانی)یان (فیلیەسوفەك) لێهەر وەك پەیڤا بەرێ چەوتی‌یا چاپێیە.

٥ - ل سەر تێ دیتنا سەیدای ل سەر گوتارا پێزانێ ئالیخانی کو دبێژیت ژمارا ٣٠ - ٣١ ل جنیف دەرکەتیە وسەیدایێ رەخنەگر ب چەوتی‌ڤە تێگەهشتیەو هزرا وی بو هندێ دچیت کو نیازا گوتنا پێزانی ئەوە ژ ژمارە ٢٠ - ٣١ هەمی ل جنیڤ دەرچوینە، نەخیر.. یا ئاشکرایە دەمێ دبێژیت: «کو ژمارا (٣٠ - ٣١) بون ل جنیف دەرکەتی»یە.[8]

٦ - مەولویدا مەلایێ باتەیی: دبەرپەرێ (٦٧)دا نقیسەڤان خویا دکەت کو «دانەیەکا دی ژ مەولویدا باتەیی یاهاتیە چاپکرن ل سالا ١٩٤٧ ل دیمەشقێ ب دەستێ محمد سعید رمضان البوطي». هەروەسا لەبەرپەرێ (١٠٠)دا خویا دکەت کو (مصطفی نەریان) ژی دبێژیت: مەولویدناما باتەیی ل سالا ١٩١٥ هاتیە چاپکرن.. هەروەسا دسالیت سیهادا ژی هاتیە چاپکرن.. مە گوهـ لێنە بویە سالا ١٩١٥و دسالیت سیهادا (مەولوید) هاتیە چاپکرن لێ هەر سالا ١٩١٧ی ل ستەمبولێ!! دڤیت سەیدایێ نقیسەڤان و رەخنەگر ئەڤ چەندە خویا کربان کانێ راستە هاتینە چاپ کرن و ل کیرێو ب دەستێ کێ؟؟!! یان نەء. لێ هەر دگەل سەیدایێ نەریمانە دەمێ دبێژیت: ((ئەوا راستی بیت ئەو مەولودنامە ١٩١٥ زهاتیە چاپ کرن هەر ئەو مەولودنامەیە کودسالیت سیهادا هاتیە چاپکرن، واتەیەك مەولودنامەیە بو «جارا دووێ!!» هاتیە چاپکرن)).[9] لڤێرە ئەڤ ئاخڤتنە دژی ناخڤتنا بەرێیە دەمێ دبێژیت: «جارا دووێ ل دیمەشقێ سالا ١٩٤٧ هاتیە چاپکرن..»[10]!!

٧ - دوو نقیسەڤان:

دبەر پەرێ (٦٩)دا دەست نیشان کریە کو کاك (محسن عثمان)ی گوتارەك بەلاڤ کری‌یە دگوڤارا (کاروان)دا هژمارا (١٦). لێگوتار ب دوو زنجیرا هاتیە بەلاڤکرن نەکو هەر ئیك زنجیرە.[11] داخازا هەردو گوتارا یا (محسن عثمان و پێزانێ ئالیخانی) کو شوینا دوو پەیڤیت یەك راڤە هەبیت هەر پەیڤەکێ ب تنێ بنقیسن بێ سەیدایێ حجی دژی ڤێ رایێیەو دبێژیت «گوتاریت هو (کو دوو پەیڤیت یەك راڤە پێکڤە بکار بینن - س.ب.) زمانی دەولەمەند دکەن».. لێ ب هزرا من دەولەمەند ناکەن چنکی دبەرپەرێ (١١٠) کاك حجی پشتگیریا سەیدا (محمد أمین عثمان)ی دکەت دەمێ سەیدایێ محمد أمین دبێژیت «پێتڤیە زمانێ نقیسینێ جودا بیت ژ زمانێ بازاری..». سەیدایێ حجی ژی دبێژیت: «ئەڤ داخوازە دجهێ خوە دایەو پێتڤی هاریکاریا هەمی روشنبیرو نقیسەڤانیت کورده.. لەوما ژ هەمی دلێ خوە پشتگریا نقیسەڤانی دکەم...»[12] لڤێرە ما دەم پشتگیریا سەیدای هاتەکرن دڤیت نقیسینیت هەردو بیت دی ژی راست بن و پشتگیریا وان بکەین چنکی (مشەو زور یان پرو تژی..) هندەك ژڤانە پەیڤیت بازاری‌نە..

دیسان سەیدا نمونا دهینیت‌دا ئیکا خو ب سەر دووا وان پەخیت مینا (شوخ و شەنگ، ئاخ و ئوخ، شادیو دلخوشی..) ئەز دبێژم ئەم نەشین ڤان پەیڤا دگەل (مشەو زور یان پرو تژی) بەراوردکەین چنکی خاندنا یێت ئیکێ گەلەك موسیقا ترن ژیت دوێ.. هەروەسا سەیدایێ حجی دبێژیت: «هەر پەیڤەکێ مەخسەدا خوە هەیە، یا دووێ (تأکیدە) بۆ یائیکێ».

باشە ئەگەر هەر پەیڤەکێ مەخسەدەك هەبیت، بۆ چی دێکەینە جوتە پەیڤ، (نەکو جوتە ناڤ هەر وەك نقیسەڤانی نقیسی)و ب کار هینن، ئو ئەگەر یا دووێ (تأکید) بیت بۆ یا ئیکێ ب چ رەنگ دێ پەیڤا (تژی!!) بیتە تأکید بو پەیڤا (پر)ی.. هەر وەك خویا ژپەیڤێ (پر) دبیتە تأکید بۆ پەیڤا (تژی).

٨ - راست کرنا بەیتەکا هوزانێ د (شەرحا دیوانا جزیری)دا یا سەیدایێ چەلەنگ و هێژا (هەژار)ی نەبەس ئەڤ بەیتە بتنێ تیدایەو وەك یا دەست خەتا مەلا ابوبکر طه الارواسی‌و هوزانڤانیت کورد نینە، لێ گەلەك بڤی رەنگی هەنە یا ژ هەمیا چێتر دەست نیشان کەین!

(دزانم مەددداحێ کیمە د
هەزارو یەك و سەهان
سەنا خاهێ مەلێ مە
ل هەموو ئەرزو جهان

نقیسەڤان ڤێ ب درستی دزانیت ژلەو ژهەمی پەرتوکا ژیا (شعری کوردی) یا د. عزالدین رەسولی وەرگرتی‌یە کو وی ژی ژ (دیوانا کرمانجی) - (عبدالرقیب یوسف) وەرگرتی‌یە.

لێ یا درست دپەرتوکا دکتوری‌دا ئەڤەیە:

دزانم (مەددداحی) کیمە
دهەزارو یەك و سەهان
سەنا خاهێ مەلێ مە
ل هەموو ئەرزو (جیهان)[13]

ل سەر ڤێ بەیتێ دبێژیت یا خەلەتە چنکی سەیدایێ صادق بهاءالدین پەیڤا (دزانم) کریە (دزانن)[14]..

دڤیا سەیدایێ رەخنەگر یا هەژاری دەست نیشان کرباو یا مەلا ابو بکر طەی ژی.. چنکی ژێدەریت سەیدای هەر ئەڤەنە!!

دیسان خەلەتی‌یێت هو نابنە کۆسب دریکا نقیسین و هەلکولینا تورەیی‌دا، چنکی هەتا نوکە دیوانا جزیری یا هاتیە چاپکرن ب تویژاندن ڤە.. لێهێشتا هندەك (یا زڤنگی) ب درستر دزانن...!!!

ریدەر:

١ - صادق بهاءالدین جەلادەت بەدرخان - گوتار گوڤارا کوری زانیاری عیراق - دەستەی کورد بەرگ ٧ - ١٩٨٠/ ب ٢٥٥.

٢ - حجی جعفر بوهەر نقیسەڤانەکی گولەك بەغدا - ١٩٨٦/ ب٢٦.

٣ - رەشید فندی عەلی تەرەماخی.. بەغدا - ١٩٨٥/ ب٥٧ - ٥٨.

٤ - کاروان - گوڤار ژمارە ٢١ حوزەیرانا ١٩٨٤/ کاروانێ روشنبیری ل کوردستانێ.. دهۆك.

٥ - ژێدەرێ دوێ/ ب ٣٥ - ٥٠.

٦ - رەشید فندی/ عەلی تەرەماخی/ ب ٥٢ - ٥٥.

٧ - ژێدەرێ دوێ/ ب ٤٧.

٨ - هەر ئەو ژێدەر/ ب ٦٠.

٩ - یابەرێ/ ب ١٠٠.

١٠ - یابەرێ/ ب ٦٨.

١١ - کاروان/ ٢١ حوزەیرانا ١٩٨٤/ ب ٣١ - ٣٤.

١٢ - ژێدەرێ دوێ/ ب ١١٠.

١٣ - د. عیزەدین مستەفا/ شیعری کوردی/ بەغدا - ١٩٨٠/ ب ١٨.

١٤ - ژێدەرێ دوێ/ ب ٢٦.

چیروکی زوزکورت

رەزاسەیدگول بەرزنجی

دووکەلی بناری شاخ

ریزە شاخەکان بەسەر
زەوی‌دا ملیان هەلکێشابوو..
جادە قیرتاوەکەی بناریش لە
چەشنی پشتێنێ خوێ
دەنواند... زەوی بۆ
بەهاریکی‌تر خەریکی خۆ ساز
کردن بوو. لەرۆخ جادەکەدا
دەستی لە پشت خوێ
کرتبوو.. بە نزمیکی خوش
کەوتبووە شایی‌و شان
هەلتەکاندن... مەرەکانیشی لە
نزیکی‌یەوە دەمیان لە گیای
فەریك نابوو.. سواربووی
ئەو ماشینانەی کە بەوێدا رەت
دەبوون تەماشایێکیان
تێ‌دەگرت.
ئەو لە شایی خوێدا بوو..
مەرەکانیش هەندێك
دەلەوەران.. هەندێکیشیان
کاوێژیان دەکرد، خۆ..
دوورەکانیش خوێان دەیانزانی
چی دەکەن. باریکە
دووکەلێکی بناری شاخ تەلی
زەوقی بچراند.. زۆر شتیشی
لە بیر بردەوە.

Institut Kurde de Paris

بەسەرکردنەوە

هونەرمەند سالار مەجید توفیق، بەکێک لەو هونەرمەندە لاوانەی هەوڵ، نازەگەری ندەدات لە کارە هونەریەکانیدا لە چاوپێکەوتنێکی خیرادا هونەرمەندان بەسەر کردەوە.

سالار لە ساڵی ۱۹٦۱ لە دێی هاوار لە دایك بووە. دەرچووی پەیمانگەی تەکنۆلۆژی بەغدایە لە بەشی میکانیك تا ئێستا دوو پێشانگەی تایبەتی کردۆتەوە، یەکەم ساڵی ۱۹۸٤ لەیانە پەیمانگە لە بەغداد، دووەم ساڵی ۱۹۸۵ لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی، هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند «حکمت الجبوری» لە ۱۹۸٤ دا پێشانگەیەکی کردۆتەوە، ئێستاش مامۆستایە لە ئامادەیی پیشە سازی هەڵەبجە.

● لە وەڵامی پرسیارێکماندا سەبارەت بە هونەر و بەرهەمی هونەری ووتی :-

- پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین هونەرەکەمان خزمەتی کێ دەکات؟ بە رای من هونەر بۆ ئەوکەسانە نیە کە لێی تێدەگەن، بەڵکو هونەر بۆ ئەو کەسانەشە کە مە بەستیانە تێی بگەن.

چونکە بیری مرۆڤ لە ئەنجامی کارتێکردنی بەردەوامی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵەوە دەست پێ دەکات.

هونەریش یەکێکە لەبەرهەمی بیری ئادەمیزاد، تێکەڵە بەو فەلسەفەیەی هونەرمەند باوەری پێیەتی. بۆ دەست نیشان کردنی هۆو چارەسەری کێشەکانی.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ پەیوەندە بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی، پێویستە هونەر بەو شێوەیە تەماشا بکرێت، کە لە جوڵەدایە بێ وەستان، واتە هونەری چەرخی نۆزدە پلەی ژمێرەوەی هونەری چەرخی بیستەمە. هەروەها بە حاڵەتە دەرونیەکانیەوە پێی ناوەتە چەرخێکی تر کەواتە تازە بوونەوە پێویستە نزیك بوونەوە بێت لە گیانی کۆمەڵ و هونەر.

ئێمە پێویستمان بە (مۆنالیزا) نییە ئێستا رەسم بکرێت چونکە هەزارەها تابلۆی بێ کێشەو بێ ئازار بۆ مرۆڤی دور لە کۆمەڵگای پر کێشەو ئازارە.

لای من ناوەرۆك گرنگ ترین پێکهێنەری تابلۆیە، رەنگ، دووری، بۆشایی، گشت مەرجەکانی تر ناوەرۆك دەست نیشانی دەکات. چونکە بەرای من شتی بە سوود راستیەو راستیش جوانیەو جوانیش هونەرە.

- ئازاد -

ئەستۆفسکی و شانۆ

وەرگێران و ئامادەکردنی
نەوزاد عەلی ئەحمەد

ئەستۆفسکی سەر قافڵەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ساڵی (۱۸٤۷)ەوە دەست پێ دەکات، وەکو تابلۆ کۆمیدیەکانی «قەرزارێکی مایەپووچ»و «وێنەی خێزانێکی بەختیار» ئەو تاقی کردنەوە سەرەتاییانەی

ئەستۆفسکی پەیوەستە بە قوتابخانەی سروشنی ناچورالیزم»، کە نیکۆلای گوگۆل بەدامەزرێنەری دادەندرێت، لێکۆڵەری (الباحث) سۆڤیەتی «لۆتمان» دەڵێت: «لە سەرەتادا گوگۆل کاریگەرێکی گەورەی لەسەر ئەستۆفسکی هەبووە».

شانۆگەری «هاوڕێکانمان - پاداشت دەدەینەوە» لە ساڵی ۱۸٤۹ نووسی، بەرهەمێکی بەناوبانگی ئەستۆفسکییە، ئەم شانۆگەریە باسی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات، تاکە مەبەستی بۆڵشۆڤ (یاڵەوانی شانۆگەریەکەیە) قازانجە تاکە ئامرازیش کە بەکاری دەهێنێت درۆو هەڵخەڵەتاندنە، ئەم شانۆگەریە هورژمێکی بەهێزی لەبەردەم ئەستۆفسکی پەیداکرد، بازرگانەکان وایان لە ڕژێمی دەسەڵاتدارکرد نەیەڵێت ئەم شانۆگەریە پێشکەش بکرێت، وە نووسەرەکەشی بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەژێر چاودێری پۆلیس دانا، بەڵام لەنێو پێشکەوتنخوازەکان بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا، ڕەخنەگری مەزن دۆبرالیۆڤ وتی، «شانۆگەری «هاوڕێکانمان - یاداشت دەدەینەوە» دەست نیشانی هەڵەی چەندان کەسی دیاریکراوی نەکردووە، بەڵکو ڕەخنەی لە هەموو ڕژێمی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری لە ڕووسیای قەیسەری گرتووە، هەردو تاوانی بۆڵشۆڤ و بودخالیوزین ئەنجامی حەتمی ئەو بارەبووە کە ژیانیان پیاڕێشتووە» شانۆگەری «هاوڕێکانمان - یاداشت دەدەینەوە» یان «یاداشتی هاوڕێکانمان دەدەینەوە» دەنگێکی دیارو تایبەتی لەنێو جەماوەری ئەوسای ڕوسیا پەیداکرد.

ئەستۆفسکی لەسەر بناغەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە هەیکەلی بەرهەمە ئەدەبیەکانی دارشتووە ئەمەش ڕێبازێکە بلینسکی لەسەری ڕۆیشتووە، بەڵام ئەم ڕیبازە لەلایەن ئەستۆفسکی ماوەیەکی کەمی خایاند، چونکە» سەرەتای پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەم بەچەوسانەوەی ئایدیایی (الفکري)و شێواندنی باری کۆمەڵایەتی لەلایەن دەسەڵاتداریتی قەیسەرەوە جیادەکرێتەوە دژی تۆیژە پێشکەوتنخوازەکان، بۆیە ئەستۆفسکی ماوەیێك لە ئیلتزامی ڕیالیزم دورکەوتەوە شتەکانی وەکو پێشان دەرنەدەبری، بیروڕای ئایدیالیستانە بەشانۆگەریەکانی ئەو ماوەیەی دیارە بۆ نموونە. «تەنها لە شوێنی خۆت دانیشە» ساڵی ۱۸۵۳ «هەژاری نەنگ نیە» ساڵی ۱۸۵٤ هی‌تریش

ئەستۆفسکی لە هاوینی ۱۸۵٦ گەشتێکی بۆ ڕووباری ڤۆلگا کرد، ئەم گەشتە ڕۆڵێکی چاکی لەبەرهەمە شانۆیەکانی داگێرا وەك «خەون لەسەر ڤۆلگا» وە «شوێنی قەڵەبالغ» هەروەها ئەو یارە سەپێنراوەی نیوەی دووەمی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەم وای لە ئەستۆفسکی کرد کە چەند شانۆگەریەك بنووسێت لەوانەش «شوێنێکی بەقازانج» ساڵی ۱۸۵٦ کە دژی بیرۆکراتیەت و دزینی ماڵی دوڵات وەستاوە، بە توندی ڕەخنەی لەو فەرمانبەرانە گرتووە کە بە کاری خراپ هەڵساون، یەکێك لە کەسەکانی ئەم شانۆگەریە «جادۆف»ە مرۆڤێکە تابلێی لە کارەکەی دڵسۆزە بەمجۆرە ڕوو لە جەماوەر دەکات «لەسەر هەوڵی خۆم دەژیم» لایەنە پێشکەوتنخوازەکان پیرۆزبایان لە نووسەر کرد ئائەوەتە تۆلستۆی دەڵێت: «ئەمە کارێکی مەزنە بە قوڵایەکەی، بەهێزەکەی، بەڕاست گۆیی‌یەکەی» وای لە ئەستۆفسکی کرد چەندان شانۆگەری‌تر بنووسێت وەکو «چەند خاسیەتێکی بێ‌جێ» ساڵی ۱۸۵۷ وە، «پەروەردەکەر» ساڵی ۱۸۵۸ وە «ڕەشەبا» ساڵی ۱۸۵۹.

شەڕی قەرم ساڵانی ۱۸۵۳ - ۱۸۵٦ چەند شتێکی بۆ تۆیژە هوشیارەکانی کۆمەڵگای ڕوسی وەدەرخست، کە هۆی سەرنەکەوتنی ڕوسیا لەم شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ تێك چوونی ڕژێمەکانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لەسەر هەموویانەوە چینی فیودال «دەرەبەگ» ئەم ڕاستیەیە وای لە زۆربەی ئەدیبان و ڕووناکبیرە پێشکەوتنخوازەکان کرد کە هێرش بۆ سەر ئەو چینە ببەن، لەو ئەدیبانەش ئەستۆفسکی بەشانۆگەری «ڕەشەبا» سەرکەوتنێکی چاکی لە شانۆگەری ڕیالیزمی وەدەست هێنا، ئەم سەرکەوتنەش نەك تەنیا لە ئەدەبی ڕوسی دەنگی‌دایەوە بەڵکو لە ئەدەبی جیهانیش، بە کورتی «ڕەشەبا» لە خەباتی چینە چەوساوەکان دەدوێت لەپناوی مافە مرۆڤایەتیەکانیان ئەمەش چەند دێرێکە لەم شانۆگەریە:

[- کاترینا: پێم بڵێ، چ دەکەی؟
- بوریس: بریارم داوە سەفەربکەم.
- کاترینا: بۆکوێ؟
- بوریس: بۆ دوور ئەی کاترینا، بۆ سیبریا
- کاترینا: لەگەڵ خۆتم بە، لێرە دوورم کەرەوە.

دۆبرولۆڤ لەمەڕ ئەم شانۆگەریە نوسیویەتی «ڕەشەبای ئەستۆفسکی بەکارێکی نموونەیی ئەم سەردەمە

بڕوانە ل ۱۱

ئەلیکساندەر نیکولایفتیش لەدوانزدەی نیسانی ساڵی ۱۸۲۳ لە مۆسکۆ لەدایك بووە، باوکی فەرمانبەرێکی بچووك بووە، ماوەیێك لە ژیانی گەنجێتی بازرگانی بەسەر بردووە، لەسی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەم شانۆی میللی کاری لە ئەستۆفسکی کردووە لە ساڵی ۱۸٤۳ پەیوەندی بەزانکۆی مۆسکۆ کرد بۆ ئەوەی خوێندنی یاسای (قانون) بخوێنێت، کە چی باوکی نەیهێشت تەواوی بکات و ڕێگای‌کارکردنی پێ‌نیشان دا، هەتا بۆ یەکەمین جار بووە فەرمانبەر لە دادگای کاروباری کەسێتی لە کارەکەیدا فێری تەنگ و چەڵەمەو دەروونی تۆیژی بازرگان بوو، ئەو ماوەیە مادەیەکی زۆری لەلا گەلاڵەبوو ئەمیش کردی‌یە مادەی شانۆگەریەکانی.

«هونەری دراما. درامای شانۆی نوێخواز..»

«پێش ئەوەی خۆم لە قەرەی ئەم هونەرە مەزنە بدەم. حەز ئەکەم ئەوە بخەمە پێش چاو کە لێدوان و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم هونەرە پیرۆزە کارێکی ئاسان نیەو پێویستی بەچەندین سەرچاوەو لێکۆڵینەوە هەیە. چونکە تاکو ئێستا سەدان سەرچاوەی عەرەبی‌و هەندێکی کوردی دەربارەی نوسراوە. من بە پێی توانا‌و پێویستی باسەکە سەرچاوەم بۆ پەیدا کردوە سەرنجی خۆیشم بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایە ئەخەمە ڕوو کە بۆ شانۆی کوردی ئەمڕۆ ئەرەخسێ. چونکە بەبیروڕای من هونەری دراما چرایەکی پرشنگدارە بۆ شانۆی نوێخوازی کوردی دەست بدا... بۆ ئەوەی شانۆی نەتەوەکەمان بەجیهان بناسێنین ئەبێ لەم ڕێگایەوە ڕوو لە شانۆی درامی بکەین...

ڕەمەزان
ئیبراهیم

بۆ پێناسینی درامایش، لێگەیشتن لە مەبەست و خواستی دراما پێویستیمان بەوکەرەسە نوسراوانە هەیە کە دەربارەی نوسراون. لەم ڕووەوە ڕووئەکەینە دەروازەی «دەروازەی دراما» کەی مامۆستا ئەحمد سالارو ئەڵێین «دراما وشەیەکی یۆنانی‌یەو بە واتای کار «فعل» یاخود «پیشە» دێت..» واتە هەموو کردار نواندنێك بە دراما لە قەڵەم ئەدرێ.. درامایش لە شانۆدا لە ئەنجامی ململانێو کێشەکانی ناو شانۆگەریە درامیەکە دروست ئەبێ... دراما لە ئەدەبی شانۆگەریدا هونەرێکی ئەدەبیەو بەشێوەی پەخشانی ئەدەبی ئەنوسرێتەوە. هەر دەقێکی شانۆیی ئەگەر بەشێوەیەکی درامی نوسرایەوەو شێوازی دراماتیکی گرنەخۆی‌و کردارێکی تیانوێنرا، پێی ئەونرێ درامایەکی ئەدەبی - بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە شێوەی پێشکەش کردنەکەی لە هەمو بارەیەکی هونەرییەوە درامیانەبێ.. بەلای ئەرسطۆی یۆنانیەوە دراما گێرانەوەیەو لە دوو لقەوە ڕەگ دائەکوتێ. «کومیدیا - تراژیدیا». کۆمیدیا خراپەکاری‌و ناتەواوی دەست نیشان ئەکاو بەشێوەیەکی پێکەنیناوی لە پێکەنینەوە بۆپێکەنین و تراژیدیایش چارەنوسی گریان دەست نیشان ئەکاو هەر بە گریانیش کۆتایی بێ‌دێ. بەم پێیە دراما خێرخواز وشەڕ خوازە... بەڵام درامای نوێ بریتی‌یە لە گێرانەوەی‌ەو ڕوداوە مێژوویانەی کە ڕویان داوە.. ئەو ڕوداوانەیش لق وپۆپی چەند ڕوداوێکی دیان لێ ئەبێتەوە، بەمەرجێك لە ڕوداوە سەرەکیەکە لانەدات.

سروشتە نایاب و جوان و رازاوە خوا پێداوەکەی «کۆیە» هەرگیز خەڵك و ئاوایی‌یەکەی سەرمەست و دەنگ سازو ناسك تر دەکات.. سەرهەڵبڕە باواجی‌و هەیبەت سوڵطان و چنارۆك ئاسۆی ڕوانین گەش دەکاتەوە، لەم لاوە ئۆمەر خوچان و لەولای ترەوە حەمامۆك و کانیلە پتر بنیادەم بۆ هونەری ڕەسەن و دەنگ و ئاوازی بەرز نەمر پەل هاویژ دەکات.

لە کۆیەی شاعیران و گۆرانی بێژ و مۆسیقا ژەن و هونەرمەندان.. جگە لەسێوەی نەمرو (تایەر توفیق)ی دەنگ زوڵاڵ و هەندێکی‌تر کەوا بەرێگای ئێستگەی کوردی‌و لەپاشاندا بەهۆی تەلەفزیونی بەغداو کەرکوك خۆیان بەخەڵکی کوردستان ناساندووە، هێشتا دەیان دەنگ خۆش و بەستەو مەقام بێژ لەم مەیدانەدا نەناسراوە تەنها لەبۆنەو دانیشتنە تایبەتی‌یەکان و لەسنووری شارە بچووکەکەیان پتر ناوبانگیان نرۆیشتووە.. یەکێك لەمانە هونەرمەندی نەناسراو (شفیق خلف)ە. جا لەم بارەیەوە خۆی دەڵێ:

● لە ساڵی (۱۹۲۸) لە کۆیە لە دایك بووم.. هەر لە تەمەنی حەوت ساڵانەوە هەستم کردووە دەنگم خۆشەو گۆرانیم گووتووە.. تا وورده وورده وام لێهات بەچاکی فێری مەقام بەستەو هەواو نەزمی گۆرانی‌یەکانی هەڵپەڕکێ بیم؛ زۆر مەراقم شیعرو بەستەبوو.. بۆیە لەکاتی خۆی کاك (أحمد حمه مەلا)ی گۆرانی بێژ چەند شیعرێکی بۆ نووسیمەوەو بە چاکی ئەزبەرم کردو لەزۆربەی مەولودو ئاهەنگەکانی بووك گواستنە وەو دانیشتنە تایبەتی‌یەکاندا گۆرانیم وتووە.

- باشە ئەدی سەر بردەی ژیانت؟

● قوتابخانەی سەرەتایم لەکۆیە تەواوکرد تا دووەمی ناوەندی.. بەڵام بەهۆی کەم دەرامەتی‌و هەژاری خێزانەکەمان لە خوێندن پچرام و وازم لە قوتابخانە هێنا.. لە ساڵی (۱۹۵۰) لەپێناو گوزەران و بۆ کاروکاسبی چوومە (رانیە)، لەوێندەر بەیارمەتی مامۆستا (کریم رضا)و بەرێگا تاقی کردنەوەی (خارجی) لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بەسەرکەوتوویی دەرچووم، هەر لە رانیە مامەوە تا لەساڵی (۱۹۵۸) فێری وێنەگرتن بووم ئەوە بوو دوکانێکی وێنەگرتنم دانا بەناوی «ستۆدیۆی راستی» تا ناوەراستی حەفتاکان هەر لەسەر ئەم پیشەیە مامەوە.

لە شاری «کۆیە»وە هونەرمەندێکی نەناسراو...

ئامادەکردنی / زایەر عبدالله

- باشە ئەوەی پەیوەندیت بەنواندن و شانۆگەری‌یەوە چی‌یە؟

● دوای ئەوەی ئەم ساڵ بووم بە ئەندام لە (تیپی شانۆی حاجی قادر)ی سەر بەخانەی ڕۆشنبیری جەماوەر لقی شارەکەمان، بە خۆشحالی‌یەوە وەك ئەکتەر بەشداری شانۆگەری «تەلەی مردن»م کرد.

- چی‌تر؟

● لەتەك گۆرانی وتن، ئامادەیی خۆم دەردەبڕم بۆ هەموو کارێکی شانۆیی.

- دوا وتەت.

● سوپاس بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری کە ئێمەی هونەرمەندانی شاری کۆیە لەیاد ناکات.

- سوپاس بۆ ئێوەش.

- باشە ئێستا وازت لە گۆرانی گووتن هێناوە؟

● وازهێنانی چی؟! چۆن واز لەهونەر دێنم؟

- زۆر چاکە.. کەواتە کوان بەرهەمەکانت؟

● لەسەرەتای ساڵی (۱۹۸۵) بووم بە ئەندامی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لەبەشی نواندن.. هەر هەمان ساڵی پاریش چوومە تەلەفزیونی کەرکوك و پاش ئەوەی دەنگیان تاقی کردمەوە چوار گۆرانیان بە دەنگ بۆ تۆمار کردم.. بەڵام دوایی هەر یەك گۆرانیان بۆ تەلەفزیون تۆمارکردو چەند جارێکیش پێشانی بینەران دراوە.. خۆزگە سێ گۆرانی‌یەکانی تریشم تۆماردەکران چونکە پیری‌یەو دونیا مەرگ و مردنە!

- باشە ئەدی پەیوەندیت بەنواندن و شانۆگەری‌یەوە چی‌یە؟

● دوای ئەوەی ئەم ساڵ بووم بە ئەندام لە (تیپی شانۆی حاجی قادر)ی سەر بەخانەی ڕۆشنبیری جەماوەر لقی شارەکەمان، بە خۆشحالی‌یەوە وەك ئەکتەر بەشداری شانۆگەری «تەلەی مردن»م کرد.

- چی‌تر؟

● لەتەك گۆرانی وتن، ئامادەیی خۆم دەردەبڕم بۆ هەموو کارێکی شانۆیی.

- دوا وتەت.

● سوپاس بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری کە ئێمەی هونەرمەندانی شاری کۆیە لەیاد ناکات.

- سوپاس بۆ ئێوەش.

Institut Kurde de Paris

- شیعر چیە؟

هەر یەکە لە ئێمە لە سووچێکی تایبەتیەوە لەم بابەتە دەگات. کیژۆڵەیەکی عازەبی پەروەردەی ناوچە شاخاویەکان کە بۆ یەکەم جار دانی بە خۆشەویستیدا نا، ئەوە بوو لە پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە بەرەبەیانێك سەیری دەرەوەی کرد هاواری کرد: «لە تاقە شەوێکدا هەموو درەختەکان بوونەتە گوڵ و گوڵزار» دایکە پیرەکەی سەرسام بوو پێی گوت: «ئەم گوڵانەت لە کوێ بینی؟ وا پایزێکی درەنگەو خەریکە بەفر بباری».

بەم جۆرە (بەیان) لای کچە گەنجەکە وەك بەهار دەیناواند، لای دایکە پیرەش پایز بوو.

- کەوا بوو شیعر چیە؟

- ئەی خۆشەویستی چیە؟

بەبێ شیعرو بەبێ خۆشەویستی، جوانی‌ی ئەو نهێنی‌یەی نابێ‌و گۆرانکاریش بێ تەلیسم ئەبێ. چیاکان بەبێ شیعر لە کەڵەکە بەرد دەچن و خۆریش لە لەشێکی ئاسمانی‌ی پڕ ووزەی گەرمی‌ی.

جریوەی چۆلەکەکانیش جۆرە بانگەوازێکە لە خودەوە بۆ خود، ترپەی لێدانی دڵیش ئەبێتە سووڕێکی خێرای خوێن و هیچی‌تر.

بێگومان هیواوخێر هەن، سەربەرزی‌و تووڕەیی، بەزەیی‌و دڵناسکی، ئەم زاراوانەش زادەی شیعرن و شیعر زادەی ئەوانە.

کاتێ لە قارەمانەکەم [ئەبوتالیب]یان پرسی: چەند جار خۆشەویستی بەخۆیەوە بینیوە؟ لە وەڵامدا گوتی: «هەزار جار».

ئایا ئەمە بەلاتانەوە زۆر نانوێنێ؟

من هەزار پارچە شیعرم نوسیوە، هەر پارچەیەکیان [خۆشەویستی]یەك بووە لە لای من. خۆشەویستی بزوتنەوە ئەخاتە قەڵەمی شاعیرەوە، بەڵام نابێ هەروا بە شێوەیەکی ساکارانە ئەم کارە وا لێك بدرێتەوە کەوا بزانرێ شیعر ئامانجی هەر ئەوەیە خۆشەویستی دەربڕێ، چونکە دەربڕینی خۆشەویستی بەبێ کۆتایی، نرخەکەی زایە دەکات.

شاعیر کە لە خۆشەویستی دەدوێ مەبەستی خۆشەویستی ماڵە، خاکە، هی ئەو خەڵکەیە کە لە گیانیەوە نزیکن و لای ئازیزن، هی ئەو تاقە ئافرەتەیە کە خۆشی دەوێ.

ئێمە مێژووی خۆشەویستی لای شکسپیرو پووشکین و لیرمەنتۆف و بلوك و مایاکوفسکی‌و یەسەنین دەزانین. ئەو شاعیرانە پەچەیان لە ڕووی خۆشەویستیەکانیانا هەڵنەماڵیوە.

کاتێك شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخ دەخوێنمەوە، وا زان دەکەم کە ئەوانە نازانن کێیان خۆش دەوێ؟

لە ڕابوردودا لای ئێمە لە چیاکاندا ئافرەت پەچەی دەپۆشی بەڵام شیعر ڕووت بوو، ئازابوو، سەرنج ڕاکێشە بوو، کە ئێستا ئافرەت چێژی سەربەستی دەکات دەبینین شیعر کە پێیدا هەڵدەدا لە درزی پەچەکەوە بۆی دەچێ، واتە بڵێین شاعیر باسی وێنە دەکات نەك باسی مرۆڤێکی زیندوو.

کەواتە بابەتی ئافرەت، ودایك، وخۆشەویستی‌ی، هەرچەندە وەك مەسەلەیەکی تایبەتی دەبینرێ بەڵام بابەتەکە دەنگ دەداتەوە دەگۆڕرێ‌و دەبێتە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، مرۆڤایەتی گشتی.

شیعر هەمووی بریتیە لە «خۆشم بوێ» یان «خۆشم نەوێ» لە

- بەشی یەکەم -

هەڵاتن لە خۆشەویستی‌ی هەڵاتنە لە خەبات

نوسینی: ڕەسول هەمزاتۆف — وەرگێرانی: مستەفا سالح کەریم

نێوان ئەم دوانەشدا سێیەم هەیە کە ئەویش (دادگا)یە دەتوانین دەربارەی شیعر بڵێین کە [دادگایەکی بەر دەوامە].

هەر بەم بۆنەیەوە دەڵێم ئەمەشیان ناونیشانی کتێبە تازەکەمە کە ئێستا خەریکی نوسینیم.

ئێمە هەموانمان لە پێش دادگای ویژدانماین، لە پێش دادگای ڕاستیداین. شاعیر وەك شایەتێك بانگ دەکرێتە بەردادگای مەزنی مێژوو.

شایەت وەك دادگا دەیەوێ؛ پەیمان دەدات کەخ ڕاستی بڵێ، بلە تەنیا ڕاستی، ئەگینا بەر سزا دەکەوێ.

شاعیر ئەگەر شایەتی‌ی درۆ بدات سزاکەی توندو تیژ دەبێت و وەك شاعیریش کۆتایی دێت و لێ دەبێتەوەو بەرەو مردن دەڕوات. بەڵام داهێنەر نەك هەر بەتەنیا شایەتە بەڵکو دەنگی ناوەوەی دادگاکەشە. چاکتر وایە بەهەردار نەبیت ئەگەر بەهەرەکەت بۆ درۆ بەکار دەهێنی‌و ئەگەر بە نیازی لە پێش دادگای مێژوودا شایەتی‌ی درۆ بدەیت.

- چی بڵێم؟.. وچی دووبارە بکەمەوە... ونکولی لەچی بکەم؟

ئەم پرسیارانە مەسەلەی سەرەکین. مینبەری شاعیر نوسینگەکەیەتی، لە پشت مێزەکەیەوە لە تەك هەموو جیهاندا دەدوێ، لێرەدا هەم شایەتەو هەم دادوەرو لە هەمان کاتیشدا بەرگری‌کارە.

من ئێستا خەریکی نوسینی کتێبێکم دەربارەی شاعیرو شیعر هەردوکیان لە جەنگدان دژ بە درۆو دەلەسە، و گوێ بەشت نەدان و دوو ڕوویی. ئەم کتێبە دادگایە، شاعیر لەبەر دەمیا ئەوەستێ‌و وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: ئایا بۆ دووپاتکردنەوەی کاری خێرو چاکە چی کردووە؟ لە پێناوی ئەوەدا کە مرۆڤ لە گینگڵ دان ڕزگاربێ چی کردووە؟ چۆن بەرگری لە مرۆڤ لە ناخی مرۆڤدا کردووە؟ وەچۆن یاریدەی داوە؟

سروشت باشترین هونەرمەندە، کە سانێکی زۆر هەن لە زمانی سروشت دەگەن، لە هەمان کاتدا کەسانی کەرو کوێریش هەن، شاعیران وەرگێری زمانی سروشتن. سروشت نەمرە، بەڵام کەش دەگۆڕرێ. سروشت بلیمەتەو کەش حاڵەتە. سروشت لە دەستووری شیعردا یەکەم خاڵە، بەخۆراییش نەگوتراوە «شیعر دیاری خواوەندە».

خاڵی دووەمیش لەو دەستوورەدا بریتیە لە تاقیکردنەوەی زمان، بزوتنەوەی ژیان و گیان، ئەو ڕوو داوو هەژاندنانەی شوێن پەنجەیان بەسەر بەرهەمی هونەروەرەوە بەجێ دەهێڵێ.

ئێمە فێرین کە شاعیران بەسەر دوو پشتا دابەش بکەین، نەوەی پێش شەڕ - شەڕی گەورەی دووەمی جیهانی (م. س. ك) - ونەوەی دوای شەڕ. بەوەش ڕاهاتووین کە بڵێین: شاعیری کرێکاران، شاعیری کۆمسۆمۆڵ. ئەمەش لە خۆیدا لەتەك یاسای شیعرا ناگونجێ، هەرچەندە من لە شتێك دڵنیام ئەویش ئەمەیە: ئەگەر ڕووداوی‌وا مەزنی وەك [شۆڕش] ڕووی نەدایە ئەوەندە شاعیروا ناودارمان نەد ەبوو، هەروەها جەنگی گەورەی نیشتمانی بوە هۆی دەرکەوتنی چەندین هونەرمەندی بەهەردار، سەرە ڕای ڕووداوەکانی ساڵانی پەنجاکان کە ڕۆڵێکی گرنگیان بینی، ئەو دەمە کە شیعر تیایا بەچەندین ناوی زرنگەدارەوە دەدرەوشایەوە.

زۆر کەس دەپرسن: ئەی ئێستا، لە کاتێکدا سێیەری پێکدادانی ئەتۆمی باڵی ڕەشی بەسەر ئەستێرەکەمانا کێشاوەو چەندین ووشەی ترسناك کەوتۆتە نێو ژیانی ڕۆژانەمانەوە، وەك (بۆمبای نایترۆن)و (شێتی ئەتۆمی)و تا.. و کەوابێ ئەم مەنگییە چیە لە شیعرا هەیە؟ بۆچی لە نێوەندی لاوانمانا کە سانی چاونەترس و ئازاو هەڵەتبەر هەڵناکەون؟

لەو بروایەدام کە چاوەڕوانیەکەمان ئەوەندە ناخایەنی!

جیهانەکە پشێوە، خواوەندی شیعریش حەز لە بێدەنگی ناکات. کە ڕەشەبای ئازارو بێ‌ئارامی هەڵدەکات، خەبات و هەژاندنی ژیان پێویستیان بە گەرداوە لە شیعرا.

لە ڕابوردوودا مرۆڤ بەرانبەر (ئاوول) - گوندێکە لە چیاکانی قەفقاس - (م. س. ك) لێپرسراو بوو، بەڵام ئێستا بەرانبەر بە هەموو جیهان لێپرسراوە.

هیچ کەسێك ناتوانێ زۆرمان لێ بکات کە خۆمان بە گەورە بزانین، بەڵام کەسیش نیە بەوە قایل بێ‌و ڕێگا بەخۆی بدات کە بچووك بنوێنین.

نابێ شاعیر سێبەری زەمانەکەی بێ، لەم ڕووەوە با بەسەرهاتێکی خۆم باس بکەم: ئەو دەمە بوو کە پێیان گوتم:

(شامیل)ی قارەمانت بەکرێ گیراوێکی ئینگلیزی - تورکیە، هەروەها جاریان دا هەرگیز لە پێناوی سەربەستی گەلانی داغمستانا نەجەنگاوە، بەڵکو ئاگری ڕق وقینە بەرایەتی لە نێوانیانا داگیرساندووە، منیش کەوتمە نووسینی چەند قەسیدەیەك بۆ ڕووهەڵماڵینی شامیل. مێژووم نەدەزانی، لە کاکڵەی ئەو ڕووداوە نەگەیشتم، لە پیاوە شاخاوەچووم کە دەست دەداتە قورئان وپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، بێ ئەوەی یەك تیپی ئەلف وبێ‌ی عەرەبی بزانێ، کەچی لەتەك ئەوەشدا هەست بە فەرامۆشی‌و تاقیکردنەوەی خۆشی دەکات. کەوابێ شاعیر نابێ ببێتە سێبەر.

چونکە ووشەی شیعر هەمیشە شەوچرایەو ڕێ‌ڕوونکەرەوەیەو سەرچاوەی ڕووناکیە، ئەگەرچی ئەو ڕووناکیە کزیش بێ. ڕووناکی کزو بەهێز لە یەك کاتدا سێبەر ناکەن، ڕووناکی هەر ڕووناکیە، لە شیعریشدا ئەبێ خۆت، خۆت بی تا بتوانی کاربکەیتە سەر خەڵکی‌تر، دەبێ بەو هەستە چاکەوە کە هەتە بچیتە ناو شیعرەوە.

شیعرو فرۆفێل، شیعرو کۆڵدان بە یەك ناگەن.

لە نووکی شیرەکەی شامیلدا
ووشەکان کڵپەیان کرد.
ئەو ووشانەی لە منداڵیەوە
لەبەرم کردوون.
«ئەو کەسەی بیر لە ئەنجامی
کاری چەپەڵ دەکاتەوە
ئازانیە»
کەواتە ئەی شاعیر
با ووشە ڕازاوەکانت
بژین و لەتەك پێنوسەکەتدا
دراوسێ بن
چونکە «ئەو کەسەی
بیر لە ئەنجامی کاری چەپەڵ
دەکاتەوە ئازانیە»

نامەوێ بڵێن بلوك شاعیرێکی پاشکیرییەو یەسەنین شاعیرێکی داغستانییە. هەر شاعیرە یەکیەتیەکی تایبەتی‌و مەزنیتیەکی سەر بەخۆیێك دێنێ.

ئاواتێکی دوورم هەیە، دەخوازم کە ئەفسانەیەك لەسەر داغستان بنووسم. (ف. سولو ئوخین)ی ئەفسانەیەکی لەسەر خاچبار وەر گێرا، هەروەها ئەفسانە دەربارەی (شامیل)ی بوێرو «حاجی مرادەی پیاو چاك هەن چاوەرێن وەربگێررێنە سەر زمانی ڕووسی.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر هەندی برکەم لە [ئەفسانەکان دەربارەی مەحموود] خوێندەوە، مەحموود ئەو گورانی بێژەی کە بەدەنگە نەرم و زوڵاڵەکەی ئاوازی خۆشەویستی بەگوێمانا ئەدا. لە منداڵیما لەسەر دانەری ئەم ئەفسانانەم خوێندۆتەوە، تێگەیشتم کە شاعیری غەزە لە، شیعرەکانی ئاراستەی ئافرەتێکی دڵدار کردووە، چونکە لە سەردەمی مەحموودا نووسین لە تەوەری ئافرەت دەخولایەوەو شانازی پێوە دەکرد.

خواوەندو قورئان و گوندی ئاوول بەرهەڵستی‌یان کرد، بەڵام ئەو دژی تیروانینەکانی گەردوون وەستا.

لە کاتی خوێندنەوەی ئەم داستانەدا ناچار بووم بە دوای گەلێك لە بابەتی ئەرشیف کراوو مێژووی ئەدەبدا بگەڕێم هەتا زانیاری تەواوم لەسەر ئەو کەسانە چنگ بکەوێ کە مەحموود لە ژیانیا لێیانەوە نزیك بووە. ئەمەش کاریکی ئاساییە لەبەر ئەوەی خەریکی نووسینم سەبارەت بە مەحموود، دەبێ هەموو شتێکی لەسەر بزانم.

[فوزنیسنیسکی] دەڵێ: «شیعر نانوسرێت.. شیعر شتێکە لە خۆوە دێت».

[ئانا ئەخماتۆفا] لە زنجیرەی [نهێنی‌ی پیشە]دا بە ئاسانی دان بەودا دەنێ‌و دەڵێ: «شیعر ئەو چەند دێڕەن لە درووناوە دەڕژێنە سەر کاغەزو لە دوو توێی دەفتەریکی بەفرینی سپیدا ڕاکشاون».

چۆن عاشقێك چاوەڕوانی‌ی ژوانی دڵدارەکەی دەکات و بە دەم ئازاری چاوەڕوانیەوە ئازار ئەچێژێ، شاعیریش ئاوا چاوەڕوانی‌ی شیعر دەکات، لە ناکاودا «ئەمەتۆی ئەی خواوەندی شیعر؟!» ساتێکی بەختیاری‌ی لەدایك دەبێ کە «دێت» یان «ئەو شتەی کە لە خۆوە دێت سەرهەڵدێنێ».

لێرەدا باری سرنجێك هەیە دەڵێ: «ئەم چەند دێڕەی لەخۆیەوە لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێ‌و بەسەرتا ئەبارێ چاکترین و سەرکەوتوو ترین شیعرن». هەر چەندە لەو بروایەشدام کە تیشکی شیعری لە بنەمایەکی ئامادە کراوەوە هەڵدەقوڵێ، ئەشکەنجەی گیانیش پێش ئەو تیشکە دەکەوێ کە ئازارو گینگڵ دانی ناوەوە ئاوێتەی یەك دەبن و وەك شتێکی نەبینراویش دەنوێنێ هیچ کەسێ ناتوانێ هەست بەوە بکات و بزانێ چین ئەوانەی لە مێشك و هۆشی منا چاپ بوون، بزانێ ئەو تەوژمی خۆشەویستی قینە چیە کە بەو هەموو تەلانەدا تێدەپەڕن کە لە ئامێری مندا هەن و کەسیش توانای نیە بیان قۆزێتەوەو لە ئەنجامیشدا لایی من دەبنە شیعر، ئەوەش بالاترین شنە کە دەبێتە زادەی گیانم.

شتێکی تریش هەیە ئەویش ئەفسانەیە، داستانە، بۆ بە ئەنجام دانی کاری‌وا گرنگ پێویستمان بە ئامادەبوونی لەشیش هەیە، واتە دەبێ خۆی بۆ ماندوو بکرێت.

لەو باوەڕەدام [فوزنیسنسکی] کە داستانی [ئەشی]ی نووسی سەبارەت بە عیشق و خۆشەویستی ڕزانوڤی ڕووسی‌و سان فرانشیسکای شۆخ پەنای بردۆتە بەر خوێندنەوەی چەندین بەڵگەنامەی کۆن.

«ماویەتی»

■ زمانەوانی

دیسان گۆڕانی

دەنگەکان لە ووشە هاو واتاکاندا

● نووسینی: هیمداد حوسێن ●

هەروەك لە ڕۆژنامەی هاوکاری ئاریز، ژمارە ٧٤٢، لیستەیەکی ئەم ووشانەم خستە ڕوو، کە تیایاندا گۆڕان بەسەر دەنگەکانیاندا هاتبوو لە نێوان دوو دیالێکتی جیاوازی زمانی کوردی یان دیالێکتێك و گۆڤەرێکی[1] دیالێکتێکی دیکەدا.

وا لیستەیەکی دی ئەخەمە بەر دەستی خوێنەرە بەڕێزەکان، کە هەمدیسان گۆڕان لە دەنگی ووشە هاوواتاکاندا ڕوویداوە. ئەمەش وەك پێشتر باسمان کرد شێوەی سروشتی ئاخاوتنی ناوچەکان وای کردووە دەنگێك بەدەنگێکی دی گۆ بکرێت، ئەمەش دیاردەیەکە سەرپاکی زمانە جیهانی‌یەکانی گرتۆتەوە.[2] ئەمجارە بەراووردی‌یە لە نێوان دیالێکتی کرمانجی خوارووو لووڕیدایە. مەبەستیشم لەم کارە ئەوەیە ساغی بکەمەوە کە دیالێکتی لووڕی یەکێکە لە دیالێکتە بنجی‌یەکانی زمانی کوردی‌و بەپێچەوانەی قسەی نەیارانی میللەتی کورد، کە لووڕەکان بە کورد لە قەڵەم نادەن و هەروەها بتوانم دەست نیشانی ئەو گۆڕانانەی دەنگ بکەم، کە لە شێوەی ئاخاوتنی زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بابەتێکی گرنگی زمانەوانی‌یەو لە کوردیدا ئێجگار کەمی دەربارە نووسراوە.

● گۆڕانی دەنگەکان لە ووشە هاو واتاکاندا:

١ - گۆڕانی دەنگی [ی]و [وو] لەگەڵ یەکدا:

لیلە = لوولە	لیل = لوول
مازی = مازوو	نیزە = نووزە
کیرە = کوورە	کوسە = کۆسە
کیز = کووز	٥ - دەنگی [ب] و [م]
کیچە = کووچە	بل = مل
٢ - دەنگی [ب]و [و]	بڵق = ملق
بەفا = وەفا	٦ - دەنگی [غ] و [ق]
قابلەمە = قاولەمە	نوغڵ = نوقڵ
بیر = ویر	لەغە = لەقە
بریسکە = وریسکە	٧ - دەنگی [ت] و [د]
بازی = وازی	قەرت = قەرد
بەر = وەر	کسات = کەساد
نابالق = ناوالق	ڕۆنتك = ڕۆندك
٣ - دەنگی [گ] و [ك]	نابووت = نابوود
گاگە = کاکە	٨ - دەنگی [س] و [ز]
گونج = کونج	فیس = فیز
گۆچ = کوچ	ناسك = نازك
گچکە = کچکە	٩ - دەنگی [ا] و [ە]
٤ - دەنگی [و] و [ۆ]	قاوا = قاوە
قوشمە = قۆشمە	بار = بەر
کەژاڵ = کەژەڵ	قالیچە = قالۆچە
کا = کە	قیل = قۆڵ
ناخوش = نەخۆش	قلیچ = قلۆچ
١٠ - دەنگی [ق] و [ك]	١٦ - دەنگی [گ] و [ی].
قول = کۆڵ	گاگەل = گایەل
قوللە = کوللە	١٧ - دەنگی [ی] و [و]
قنگر = کنگر	کیر = کور
تریشقە = تریشکە	١٨ - دەنگی [ق] و [خ]
قرقراگ = کرکراك	قوقە = قوخە
١١ - دەنگی [ی] و [ێ]	بوقچە = بوخچە
کلیتە = کلێتە	نەقش = نەخش
١٢ - دەنگی [ت] و [ڵ]	١٩ - دەنگی [م] و [ۆ]
قوتە = قوڵە	برم = برۆ
١٣ - دەنگی [ت] و [ز]	٢٠ - دەنگی [ی] و [ۆ]
قەرت = قەرز	یال = ئاڵ
١٤ - دەنگی [ی] و [د]	٢١ - دەنگی [ڵ] و [ێ]
قەت = قەد (کەمەر)	هنل = هێل
١٥ - دەنگی [ی] و [ۆ]	٢٢ - دەنگی [غ] و [ا]

«ماویەتی»

Institut Kurde de Paris

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە لەکاتی چاوپێکەوتنیدا بە ئەمینداری نهێنیو ئەندامانی نووسینگەی کرێکارانیمەکەزی - پاشماوە.

ناوخۆیی، دەبینی فلانە گەرەك لە سلێمانی نەریتی لە گەرەکەکەی دراوسێی جیاوازە فلانە شارە لە ناوچەی کوردوستان نەریتی لە فلانە شاری تر کە دووبارە دەکەوێتە ناوچەی کوردوستان جیاوازە، ئەم عەشیرەتە نەریتی هەیە لەوی تر جیاوازە، هەندێ جار جیاوازییەکی گەورە لەناو نەریتەکان دا هەیە و وا دەبێ دەگاتە ئەوەی ئەم خێزانە نەریتی لە خێزانەکەی دراوسێی جیاوازە و جیاوازییەکەش گەورەیە هۆی ئامە چیە، ئەوسا یەك سەرپەرشتیکەرمان نەبوو یەك باوکمان نەبوو یەك تێگەیشتنمان نەبوو، مەبەست لە سەرپەرشتیکەرو باوك و بەرنامە دەولەتێکە هەموومان بنوێنێو وەك یەك بە تەنگ هەموومانەوەبێ، نەك یەکسانیەکی تەواو، ناتوانم لە نێوان مەسەلەیەك لە پێشەوەی جەنگ دا و نێوان مەسەلەیەکیتر یەك هەنگاو لێی دوابکەوێ یەکسانی بکەم، بەلام مەبەست کاتێ هێلێك لە سەر زەوی عیراق دەکێشن و بە مەجاز عیراقیەکان لە سەر ئەم هێلە رادەگرین وپێیان دەلێین راکەن.. لە سەرەتادا پێویستە لە سەر یەك هێل رابوەستن و دوایی ئەوەی هەنگاوی زیاتر لە هاوریکەی رادەکا گومان نیە پێشی دەکەوێ.

سەرپەرشتی کردنمان نەبوو، هەر یەکێك کەس وکاری پەروەردەی دەکرد باوکی چۆنی پەروەردە دەکرد، خالی تا چەندێك دەیتوانی بەباشیو ناباشی کاری تێ بکا، مامی چەند دەیتوانی کار لە پێکهاتنی شەخسیەتی بە باشی و ناباشی بکا.. منالانی گەرەکەکەی چەند دەتوانن بەباشیو ناباشی کاری تێ بکەن، ئێستاکە پەروەردەییەکی جیاواز پەروەردە بووین، دەمانەوێ یەك پەروەردەبین، دەرفەتیشمان لە بەردەم دایە یەك پەروەردە ببین و جیاوازی وەك شتێکی تەبیعی لە ژیان دا جوزئیو بچووك دەبێو پشت بەخوا یەك شێوە دەبین بە چەشنێك بیری مروڤ لە سلێمانی لە بیری مروڤی مثنی دەچێ چونکە بیری گشتی یەکێکەو بەرنامەی دەولەت لە سەریەشتی کردن دا یەکێك و دەزگاکان دەولەت بۆ هەموانمانە بێ هەلاوێردن، واتە لەمەودوا یەك بیرو تێزاج بە شێوەیەکی گشتی دروست دەبێو لە ئەنجام دا ئەو ناکۆکیانە نابینین کە دەماندین یا خود هێشتا هەندێ پاشماوەی لە بیر یا خود رەفتاری نێوان ئەم شارو ئەوەی تردا دەبینین یا خود لە نێوان ئەم عەشیرەتەو ئەوەی تردا یا خو د لە نێوان ئەم شوێنەو ئەوەی تردا.

ناو بەناو کە سەر لە هەولێر دەدەم بەگەشی دەیبینم هەر چەند ئەندامانی حوکمی ئۆتۆنۆمی هەمویان هەولێری نین بەلکو هی هەموو ناوچەی کوردوستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی، بەلام هەولێر پایەی خۆی هەیەو خوابیکا لە گەل رۆژگاردا پایەی وەك پایەی بەغدا دەبێ بۆ هەموو عیراقیەکان چونکە مەرکەزی حوکمی ئۆتۆنۆمییەو چونکە پایتەختی هاوینەی تەواوی عیراقە.. ئێمە لەرەفتارکردنی ئەم قسەیەدا دوا کەوتین بەلام هێشتا هەر پێیەوە خەریکین، ئەمە لە یاسای حوکمی ئۆتۆنۆمیدا نیە، بەلکو لە وێژدانمان دا هەیە، ئیمە وەك عیراقی بە تەنگیەوەین بەلام دەوخی جەنگ وای لێ کردین لە گۆڕینی ئەم دروشمەو ئەم قسەیە بۆ رەفتارێکی بەکردار دوابکەوین مانای ئەوە من وەك سەرەکی دەولەت پێداویستی کارەکەم هەلنەگرتووە هاتبمە ئێرە لە دۆخی هاوین دا و سەیری معامله بکەم و ئەرکم لەهەولێردا رەفتار بکەم. بەلام ئێمە ئەوەمان لە بیرناچێ واتە ئێمە قسەیەك بێ بەجێهێنان نایلێین، هەمیشە قسە بۆ بەجێهێنان وکارکردن دەلێین نەك هەروا، بەلام ئێوە دەزانن تا ئەم جۆرە رولەو ئەم ئەرکە رەفتار بکەین پێویستە دەزگا دروست بکەین و ئەو خەلکە جێی تێدا ببێتەوە کە دێن چ سەرەکی دەولەت یا خود ئەو کەسەی بریار لەسەر هاتنی لەماوەی هاوین دا دەدرێ و چالاکی خۆی بۆ ئەم شارە دێرین و تێکۆشەرو ئازاو جوانە دەگوێزێتەوە.

جەنگ درێژە بەلام خوا یاربێ بە سەرکەوتن دوایی دێ سلاومان بە رولەکانی کوردوستانی حوکمی ئۆتۆنۆمی بگەیەنن و خوا بیکا هەمیشە لە باشی دا دەبن.

دادەنرێ بەپێوانەی رێژەیی چونکە تا یەك رۆژ پێش بریارەکە دە دینار لە گیرفانی نەدەهاتەدەر بەلام ئەگەر دە دینارەکەی بە شێوەیەکی راست نەهاتە دەست با لە گیرفانی دەریکاو با رایبێنین لەسەر ئەوەی ئەم حالەتە هەلەیە دەبێ راست بکرێتەوەو بەردەوام نەبێ چونکە پێوەندی بەتۆوە نیەو ئێمە دە دینارمان لێ وەرگرتی لەجیاتی کرێی ئەو تۆتۆمبێلە تایبەتیەی کە دەیگەیاندی بۆ ئیشەکەت لەمەولا دێیت بۆ یەکێ کە بەهەلە خۆی بە پارەیەکی زۆر تیماردەکاو دەرمان دەکرێو لە رێگادا فرێی دەداو چارەی ئەم حالەتەیەیش دەکەین و پارەیەك پاشەکەوت دەکەین کە بۆ تۆو منالەکانت و پاشەرۆژی تۆو پاشەرۆژی منالەکانتە.

پێش ئەوەی برۆمەسەر وردە شتیتری ژیانمان.. دەسم بۆ هەندێ شت درێژ دەکەم کە لەبارەی هەندێ دەولەتی سۆشیالیستەوە بیستوومە لە هەندێ کەسی عیراقی کە لەوێ نیشتەجێ بوون دەلێن هەندێ جار بانیوی گەرماو یا دەستشۆری گەرماومان لا جوان نابێو دەلێین بە کاربەدەستەکە چونکە شوققەی ئەوێ مولکی دەولەتەو لەگەلیا رێدەکەوین کە ئەم بانیو یا دەستشۆرەمان بە دل نیەو شتێکی جوانترمان بۆ بێنە ئەویش دەلێ بیشکێنن تا لەسەریان بنووسم و بلێم شکاون و بۆتان بگۆرم بە تازە بەلام دوو دینار یا سێ یا دە یا پێنج دینار دەدەن بەم کاربەدەستە کەوایە کێ زیانی پێگەییە.

کێ زیانی پێگەییوە؟ کۆمەلگا، یەکێ بەوە سوودی دەستکەوتووە کە دەستشۆرێکی تازەو جوانتریان بۆ هێناوە بەلام ئەم سوودە رێژەییەو وەك جیاو ازی نێوان دەستشۆرێکی کۆن و دەستشۆرێکی تازە وایە.. بەلام کۆمەلگا نرخی دەستشۆرێکی کەوتە سەر کە بە ئەنقەست شکێنراو سرایەوە بۆ ئەوەی یەکێك دەستشۆرێکی تازە وەرگرێ.

بەم جۆرە سامان دەفەوتێنێ.. من هاورێتانم لە پایەی بەرپرسیاریەوە نەك لەناو شێوەی دەولەت و دەسەلاتدا لەشوێنی بەرپرسیاریو هەستکردنەوە پێی لە شوێنی هاوولاتیەکەوە هەرگیز ناتوانم رازی بم بەوەی رژێمێکی سۆشیالیستی لە ولاتمانا ببێ کە ئەم کەم وکورتیانەی تیابێ.. ئەو رژێمی سۆشیالیستیەی کە لە ولاتمانا بێ دەبێ سامان زۆرترکا واتە زیادیکاو لە هەمان کاتیشدا عەدالەت جێبەجێ بکاو چەوساندنەوە نەهێلێ.. ئەمەیە بۆچوونم و بۆچوونمان ئێمەی بەعسی بەرامبەر بەو رژێمە سۆشیالیستیەی کە بەتایبەتی هی ئێمەیەو.. کاتێ کە لە هەر لایەکی جێبەجێکردنیا لەم چوارچێوەیە دەرچێ بە دەرچوونی ناودەبەین کە هەندێکیان کاتین و کاتێ کە تەمەنی هەندێکیان درێژتر بێ بە لەرێلادانی ناودەبەین و پێویستی بە راستکردنەوەیەو.. هیچ کەسێکی تریش نیە لە ئێمە رەواتر بێ بەوەی کە راستکردنەوەکە بکاو لە ئێمە باشتر هاوسەنگی بپارێزێ چونکە ئێمە جۆرە کەسێکین ئیمانمان بە گەل و بیروباوەر هەیە.

راست دەکەینەوە بێ ئەوەی سۆشیالیزم هەلوەشێنینەوە.. ئێمە رولەی گەلین و رازی نابین گەل زیانی بەرکەوێ.. ئەمەیە برایان ئەو گیانەی کە مەسەلەی گواستنەوەی بە کۆمەلی تیات حسێب کراوە.. پێویستت بە لێخورو وەرشەی چاککردنەوەو بەنزین و یەدەك دەبێ سەیرکەن هەر ئۆتومبیلێك چەندە پارەی تیا خەرج دەکەین و ئەگەر هاتینە لای هاوولاتیی ئاسایی لێخوری ئۆتومبیلی ١٨ نەفەری لە وەزارەتی نەوتداو بەراوردمان کرد بە ئۆتومبیلیکی هەمان جۆر لای لێخورێکی ئەهلیو سەیربکەین کە ئێمە دە ئەوەندەی نرخەکەیمان بەسەرا خەرج کردووە کە گواستنەوەی ١٠٠ هەزار کەسە لە ساڵێکدا کەچی ئێمە ٢٠ هەزارمان گواستووەتەوە.. ئایا ئەمە زیان نیە.. ئەمە زیانەو بەفیڕۆ لەناودانی سامانی نەتەوایەتییەو لە هەمان کاتیشدا هەرچەندە ئەرکی ئیداریمان لە جێبەجێکردنی سۆشیالیزمدا زۆر بێ توانامان لە جێبەجێ کردنیا ئەوەندە کەم دەکاو ئەمەیش گومانی تیا نیە.

با بێینەسەر وەزارەتی کشت وکاڵ.. یەکی لە راوێژکەران لە سەرکردایەتیداو ئۆباڵ لەسەر ئەوە چونکە من لەو ژمارە ورد نەبوومەوە کە لەمەولا پێتان دەلێم.. چونکە دوێنی پێی گەیاندم.. وتی لە وەزارەتی کشت وکاڵدا (١٢) هەزار خانووی مولکایەتیی سۆشیالیستی هەیەو بە هاوولاتییانیان نەوتووە ئەم بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی درێژ.

لام وایە ئێمە لەمەدا پشت بە کەس نابەستین.. ئەم ئۆتومبیلەمان ناوێ وەکو خۆی وەریدەگرن و ئەگەر یەدەکی هەبێ لە وەرشەداو هەروەها وەرشەکەیش خۆی با ببەن بەلام لێخوری بۆ دانانرێو پارەی بەنزینی بۆ سەرف ناکەین و چاك کردنەوەیشی لە ئێمە داوا ناکرێو هەروەها داوای ئۆتومبیلێکی تریشمان لێ ناکرێ پاش ئەوەی تەمەنی ئەم ئۆتومبیلە تەواو ببێو.. ئەم سیستەمە لە رێگای ئەوەدایە لە ژیانی ئێمەدا کە عیراقین تەواو بێو.. من ئەوە دەزانم کە هەندێ جیاوازیی زەحمەت هەیە بەلام لە هەمان کاتدا ئەوەیش دەزانم کە پێش ئەوەی سیاسەتی بەکۆمەل گواستنەوەمان هەبێ کرێکار بەبانیان پێش کاتی ئیش بە سەعاتێك یا مووچەخۆر بە چاوی خۆم دەمبینین لە رێگادا خۆیان ئامادەکردووە بۆ سواربوونی ئۆتومبیلێك کە بیانگەیەنێتە شوێنی ئیشەکەیان.. هەندێکیشیان کە لە رەصافەن مالی دەگوێزێتەوە ئەگەر دائیرەکەی لە دۆرە بێو دەروا دەگەرێ بۆ خانوویەك لە دۆرەو.. من دەزانم وەك هاوولاتییەك دەیلێم.. یانی من دەزانم ئادەمیزاد بۆ ئەوەی باری خۆی لەگەل وەزیفەکەیا بگونجێنی کارێکی وادەکا بیگونجێنێ.

بەلام لە لاکانیتریەوە نایبینین بەلکو هەر تەنها ئەو لایەی دەبینین کە پێوەندی بە خۆمانەوە هەبێ.. چونکە ئەمە خۆشترە بۆمان و کە ئۆتومبیلێك بەیانیان بێت بۆ لامان بۆ ئەوەی کرێکاران بەرێ بۆ دۆرە یەکێ لە شاری صدام و یەکێکیتر لە شاری حریەوەو سێهەمێك لە ناوەندی رەصافەوە کەوابوو رۆژی چل کیلۆمەتر دەبرێ بۆ ئەوەی ئەو کارێکارانە بگەیەنێ لە سێ مەلبەندەوە لەکاتێکدا لە پلەی گواستنەوەی ئەهلیدا سەیردەکەین ناوەندی رەصافەی ناوەوە خەتێکی راستەوخۆ دەگرێ پاش ئەوەی کۆمەلێ مووچەخۆر لەناوخۆیانا رێدەکەون و ئێمە وەك بەشێکی ژیانمان ئەمەمان دیوەو کۆمەلێ مووچەخۆر لەگەل لێخورێکا رێك دەکەون و لە شوێنێکی تایبەتیدا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی بە ئۆتومبیلەکەی لە سەعاتێکی دیاریکراودا بەیانیان بیانباو هەروەها لە کاتی گەرانەوەیشدا لە هەمان شوێنەوە بیانگوێزێتەوە.. کەوابوو لەبارەی سامانی نەتەوایەتیی گشتییەوە ئێمە وەك گەلێك قازانج دەکەین هەموومان قازانج دەکەین و لەجیاتی ئەوەی (٤٠) کیلۆمتر بڕۆین ئەوەی لە کەرتی تایبەتیدا ئیش بکا یەکسەر دەڕوا بۆ ئەو شوێنەی کە دەیەوێ لە (٤٠) کیلۆمەتر کەمتردا چونکە ناچار نابێ بڕوا بۆ سێ شوێن بەلکو دەچێ بۆ تاقە یەك شوێن.

ئایا شتێ هەیە رەخنەمان لێ بگیرێ لەسەری کاتێ کە ئۆتۆمبیل دەدەین بەو دائیرانەی کەپاش لێکۆلینەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە بارو دۆخی پێویستی بە ئۆتۆمبیل هەیە... ئایا بە (ئاشکرا) لەسەر کەس دەبین... بە (ئاشکرا) لەسەر کەس نابین.. باشە من بەلێنی ئەمەتان دەدەمێ.. هەر دائیرەیەك پاش سەیرکردنی مەیدانی ئەگەر پێویستی بە جۆرە نەرمیەك بێ دەلێین ئەم ئۆتومبیلە هی هەمان ئەو مووچەخۆرو کرێکارانە دەبێ کە دەیگوێزانەوەو دەبێ بە هی ئەوان و یەکسەر لە دەفتەری دەولەت دەیسرینەوەو بەم جۆرە ئێمەیش شادمان دەبین و ئەو هاوولاتییانەیش بێگومان کە پێوەندییان هەیەو بەم جۆرە گیروگرفتەکە چارەدەکەین.. هەتاکو ئەگەر شوێنەکەیش یەکێ بێ یا پێنج شوێن من ئەم بەلێنەی دەدەمێ ئیتر کەوابوو مەسەلەکە چارەکرا...

بەخێرهاتن بەسەر چاوو سلاوم بگەیەنن بە کرێکارو مووچەخۆرە بەغدادییەکان و ئەوانەیش کە بەغدادی نین.

ئەسترۆفسکیو - پاشماوە

دادەندرێت»]

پاش شانوگەری «رەشەبا» چەند شانوگەرییکی تریشی نووسی لەوبارە کۆمەلایەتییە دەدوان کە ئاوێزانی دەوروپشتی نووسەر ببوون کە گەشەو پێشکەوتنی بۆرژوای روسی پیشان دەدا، واتە پاش قۆناغی فیودالیەت لەم شانوگەریانەش «یەك هاوڕێی کۆن لە دوو هاوڕێی نوێ باشترە» ساڵی ١٨٦٠ «بۆچ دەگەڕێیت تا بیدۆزیتەوە» ساڵی ١٨٦١ «رۆژە سەختەکان» ساڵی ١٨٦٣ «گاڵتەچیەکان» ساڵی ١٨٦٤.. وەگەلێکی تر

Institut Kurde de Paris

هەرجارێ نووسینێك

دوای ساڵێك

لە یادی ئەدیبی هاوڕازم دا

ئازاد مەحمود مستەفا

کاتێ بەژیانت دەوت ئاسایی بەرێت دەکەم، چرکەی ئەم ئاخ هەڵکێشانەی ئێستاش هەر بەئاسنی بەرێ دەکەیت.

ئەو ئازارانەی کەللەی هاژاندوم، ڕۆژ بە ڕۆژ گیانم زیاتر پڕ دەکات، بە جۆرێك دڵ و گیانم بۆتە هاوڕازی، ئازاری ڕەنجی چەند ساڵەی بەبا چوو،

تۆ لە کاروانێکدا، زەنگی دیارت کە دەنگی بەرز دەبووەوە، نیشانەی ئاشنا بوونی دەگەیاند، تۆ وەك پەپوولە ئاشنای هەڵمژینی گونای گوڵان بوویت. دیاریەکانی نەورۆزت نیشانەی ئەو ئاشنایە بوون. باخچەی خۆشەویستیت لە گوڵشەنی شیعردا، پڕ بوو لەسەدان جۆرە گوڵی جوان، فریشتە بوویت، هێمن بوویت، سەلارو لەسەر خۆبوویت، دڵی کەست ئازار نەدەدا، ئەوانەی دەیاناسێت خۆشیان دەویستی، دڵسۆزیت کردبوە پیشە، لە دانیشتنەکاندا خەندەی شیرینت پێش کەش دەکرد، ناخی پێژرای ئازارەکانی ڕۆژگارت پێدەردەبری، ڕۆژ نەبوو بۆ فەراموشی بەرێ کردنی خەم شیعر نەڵێت، خۆنیشینی وڵاتەکەت لاسەمەرەبوو، بۆیە هەر لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژدا بیرت دەکردەوە. تا شەوی گران دادەهات.

کردبوتە پیشە وەرزەکانی باران و گەرما دەبوونە پایزێکی توشی پڕ لە نالێن، تۆش لەگەڵیا دەبویتە پایز، ئەویش دەبوە میوانت، تابوە پایزێکی گەلاڕێزان. ئەوەبو پیاچونەوەی هەموو ڕۆژەکانت، لەکاتی شیکار کردن دا، گەلێ شتی جوانت تۆمار دەکرد، لە ناخی بێدەنگتیا زۆر شتی مەزنت بەجێ هێشت.

من هاتم لە بێشەڵانی ماڵێکا تۆم بینی لەشارێکی پڕلە جەنجاڵیدا تۆم بینی، هەروەکو ئاشنایی هەموو کوچەو کۆڵانێکی شاربیت، شەوانە بەدیار مەرگی سەفەری خۆتەوە ڕۆژت دەکردەوە. لە بەیان دا زۆر شتت دەبینی، بۆ ڕۆژگارێکیتر خەونێکی ترت دەکرد بەخەم. هەتا تروسکایی لە بینایی چاوەکانت بەدی کرایە، بۆ ئەو عەشقە پیرۆزەی خۆت هەر دەت نووسی، گەلی شتی نایابت دەڕازاندەوە، تامی شیعرت باش دەزانی، بۆیە شیعرێکی تۆی شیرین لای من بوو بەگۆرانی!؟

شیعری چی، سەرتاپا هەموو شیعرەکانت لەگەڵ تاقی تەمەنی گەورەو پیرۆزت بەرەو خەرەتدی مەرگ ڕویشتن.

خەڵکی بەبێزارو بێکەس تەماشایان دەکردی، تۆش هەموو کەسێك لات کەس بوو، هەرگیز بێزاریش نەدەبویت.

شەوانەی خۆت بەشنەی خۆشەویستی ئەو شەوانە ڕادەژن، شەوگارت لەگەڵ «مەی» پیرۆژدا دەکردەوە.

لەگەڵ ئەم هەموو ئاشتایەش بە خەم، چاوەکانت بڕیبوە شیمای ڕۆژێکی شادی، حەزی بەرزت دەفڕی بۆ باوەشی ئازادی، دەنگی بەسۆزت بۆ گشت دەنگێکی پیرۆز دەکردەیەك. کەسیشت نە دەکردە ڕێبواری نامۆ، ئاوا دەژیایت بیرت لە خەڵك دەکردەوە، سەمای ئەو دڵ و دەروونەت لەگەڵ هەموو دەرون بەرزاندا هەڵدەپەڕی.

کۆچت چەند لە ناکاودا بوو، هەروەك ڕەشەبای تۆڕەی شارەکەم ماڵەکەمی پێچایەوە. ئاواش نامەو کاغەزەکانی تۆی پێچایەوە، تۆ ئەی هاوڕێم لە ناخمدا دەژیت، لەگەڵ هەموو هەڵهێنانەوە ئاخێکدا، لەگەڵ چارە ڕەشیو بەد بەختی شارەکەم دەژی، هەموو شەوێك بەسۆز ئەو گۆرانیە دەڵێمەوە، بۆ خۆم و گشت دەوروپشتم.

کە تاریکی نزیك دەبێتەوە، شەوەکانی دانیشتی تۆ تۆماردەکەم، بەدەم «لادیی»[1] یەکەی تۆوە پێکەنین و خۆشی دەبخشمەوە، شیعرەکانت دەڵێمەوە..

ئێستاش مەلی شیعرەکانت لەسەر ئاسمانی ماڵەکەم ڕێزیان بەستوە، دەیانەوێت پڕوباڵ نەکرین، لەسەر گوێسەبانەی هەموو ماڵەکان بنیشنەوە.

کۆترەکانی تۆسپین، چاوکاڵ و دەنووك نەخشنین، دەنگ وەك سۆزی منداڵن. دەیانەوەی باڵ نەکرێن. بۆ هیلانەی ئاسودەیی بگەڕێنەوە، تۆ دەروونێکی بەرزی، لەگەڵ کۆچتا تەنها چەند شیعرێکی تۆراوی خۆت بەجێ هێشت. تەنها شیعر بوو بە پێناسەت، وا ساڵێکیش بەسەر شیعرتا کۆچی کرد.

(١) لادیی/ وشەیەك بوو هاوڕی شاعیرمان کاك مجید ندیم لەگەڵ زوربەی برادەران بەکاری دەهێنا.

لە چالاکیەکانی دەزگاکەمان

لقی دەزگاکەمان لە سلێمانی

لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بۆ ماوەی هەفتەیەك لە ١٩٨٦/٨/٢٠وە.

پێشانگەیەکی هاوبەشی بۆ دوو هونەرمەندی لاو نیان نامق و هۆرێن غەریب کردەوە، تیایدا نزیکەی «٤٠» تابلۆی هونەری خۆیان پیشان دا. ئەم دوو هونەمەندە لاوە لە سەرەتای دەست پێ کردن و گەران بە دوای ئەو جیهانە فراوانەی هونەردا، چاوەڕوانی پاشە ڕۆژێکی باشیان لێ دەکرێت ئەگەر بتوانن بە بەردەوامی بمێنەوە، هەوڵ بدەن خۆیان زیاتر ماندوو بکەن، پەگەڕان بەدوای زیاتر خۆ دوزینەوە، لەم بوارەدا.

لەگەڵ ئەو قوناغەی تەمەنیان لە هەندێ تابلۆدا هەست بە ماندوو بونێکی زۆری ئەم هونەرمەندانە دەکەیت، ڕاڕایی و خێرایی پێگەیاندنی بەرهەمەکە لە هەندێ تابلۆی تردا دیارە، سیمای نامۆی باڵی بەسەریاندا کێشاوە.

هونەرمەند نیان نامق ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانی هاتوتە دنیاوە، لە ساڵی ١٩٨٥دا بەشداری پێشانگەی شەشەمی هونەمەندانی سلیمانی کردوە، لەو ساڵەدا بەشداری پێشانگەی گشتی هونەرمەندانی هەولێری کردوە، قوناباییی پۆلی شەشەمی زانستیە.

هونەرمەند هۆرێن غریب، ساڵی ١٩٧٠ لە سلێمانی هاتوتە دنیاوە، لە پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانە کەیاندا بەشداری کردوە. لە پێشانگەی یادی «٢٠٠» ساڵەی شاری سلێمانی بەشداری کردوە، ئێستا قوتابی پۆلی پێنجەمی زانستیە.

ئازاد

«دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر»

هەندێ ڕووداو دیاردەی سەیر گەلێ لەزاناکان و پزیشکەکان سەریان سوڕدەهێنێت لە ئاستی ئەو ڕوداوە... لەوانە ئەم دیاردە سەیرە کە لە وڵاتی (تانزانیا) ڕووی دا، سەیر ترین ڕووداوی منداڵ بوونە منداڵەکە سێ (٣) دەستی هەیە. وە بریار دراوە کە نەشتەرگەری یەکی بۆ بکرێ بۆ ڕزگار بوون لەو ڕەستە زیادەیە، دکتۆر (فرانك غینس)کە سەرپەرشتی منداڵ بوونە کەی کردووە لە ووتەیەکی دا ووتی:-

«منداڵەکەلە باریکی ئاسایی و سرووشتیدا دەژی، بەڵام لەوانەیە ژیانی لە دوای سێ ساڵیەوە بگۆڕێت و نارەحەت بێ وەکو لەنگەر گرتن و جل لەبەرکردن ئەگەر بیت و لەم دەستە رزگاری نەبیت».

منداڵەکە ئێستا لە ژێر چاودێری پرۆفیسۆرو زاناو پزیشکەکان دایە، هەروەها ڕوون بوتەوە کە دەستە زیادەکەوە کودەستەکانی تری منداڵەکە لە باریکی ئاسایی و سرووشتیدایەو دەتوانێت وەکو دەستەکانی تر کاری پێ بکات. وە منداڵەکە ناو نراوە (فوملیل).

«رفیق عبد الرحمن عثمان»
«سلێمانی»

چیرۆك بۆ منداڵان

هەنگ و گوڵی دەستکرد

«عوسمان هەورامی»

هەر چەندە حەوشەکەی ماڵی (ئازاد) بچکۆلە بوو، لەگەڵ ئەوەشا زۆر خاوێن و پوخت و ڕێك و پێك بوو، بەڵام بەداخەوە بواری گوڵ و باخچەی تیا نەبوو...

زۆر جار ئازاد چاوی لێ بوو، کە پۆل پۆل هەنگی چابوك و کارگەر گەشتی ناو گوڵەکانی باخچەی (کامەران)ی دراوسێیان ئەکەن؛ لەبەر ئەوەی بۆیشی یاس کرابوو کە هەنگ زۆر زیرەك و کارمەو بەکەڵکە، زۆر زۆری خۆش ئەویست و حەزی ئەکرد لە نزیکەوە بێ بە هاوڕێی...

ڕۆژێکیان چەند گوڵێکی نایابی زۆر چوانی لە کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ و تایلۆنی ئاڵ و والا دروست کردن، هەر بە وێنەی گوڵی ڕاستەقینە بەلق و گەڵای ڕەنگین ڕازاندنیەوەو لەناو ئینجانەدا داینان،... بە دیاریانەوە هەڵتروشکا، بەو ئاواتەی هەنگەکان بێن بۆ گەشتی گوڵە نازدارەکانی... پاش ماوەیەك پۆلێك هەنگ بەفیزە فیزەوە، ڕوویان کردە گوڵەکانی ئازاد، بەڵام هەر کە لێیان نزیك بوونەوە، زۆر گورج و خێرا بۆی دەرچوون و بیرای بیر نەهاتنەوە بەلای گوڵە دەستکردەکانا...

بەم دیمەن و ڕووداوە ئازاد زۆر دڵی بۆ خۆی ماو، زوبرو دۆش دامای... هەر کە هەنگەکان بەسەر گوڵەکانی ماڵی کامەرانەوە نیشتنەوە، دەم و دەست ئازاد کردیە سەر دیوارەکەو زۆر زۆر تکای لێ کردن گەشتی گوڵەکانی بکەن... بەڵام بێ ئەنجام.... لە کۆتاییدا هەنگێکی گەورەیان ڕووی کردە ئازادو، وتی:

- ئازاد گیان، چەند لە دوورەوە دڵمان بە ڕەنگی ئاڵ و والای گوڵەکانت کرایەوە، سەد ئەوەندە لە نزیکەوە دڵگیر بووین و ئاخمان هەڵکێشا!!!!

- بۆ چی؟! خۆ گوڵەکانی منیش زۆر زۆر جوانن!

- ڕاستە؛... زۆر جوانن، بەڵام، تکایە دڵگیر مەبە، نەبۆن و بەرامەیان هەیەو نەشیلە!! بۆ خۆیشت ئاگاداری کە، ئەمە زادەی شروشتی بێ گەردین و دوورین لە ڕووکەش!!!...

چاپکراوی نوێ

حەسەن زیرەك

لەم ڕۆژانەدا بەشی دووهەمی کتێبی (حەسەن زیرەك) لەنووسینی میرزا کەریم خۆشناو کە بریتیە لە هەندێ لە گۆرانیەکانی و هەندێ لە ڕووداوەکانی ژیانی لە بەرگێکی ڕازاوە بە وێنەی خۆی و منداڵەکانی و قەوارەیەکی مام ناوەندیدا کەوتە بەردەست خوێنەران. ئەوەی شایانی باسە ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان یارمەتی ئەچاپ دانیان داوە.



«هەڵبە ستەکانم»

لە بڵاوکراوەکانی ئەمینارێتی گشتی وشنبیری و لاوانی ناوچە کوردستان کۆمەڵ هەڵبەستێکی ماموستای شاعیر علی ناجی عطار بە ناوی (هەڵبەستەکانم) کە کۆمەڵێ هەڵبەستی نایابی تیدایە لەبەرگێکی قەشەنگی ١٢٠ لاپەڕەیی دا کەوتە بەردەست خوێنەواران.



شعر بۆ منداڵان

کارژۆلەکەم

کارژۆلەکەم ووریایە
زەنگولەی لەملدایە
دم وچاوی نەخشاوە
سپی و ڕەش تێکەڵاوە
خرپن و نەرم ونۆلە
گوێ شۆڕەو شاخی کۆلە
بەبازی بەرداو بەردی
مل و مۆشی ناوهەردی
دڵ شادو بەختیارە
بزەی سەر لێوم دیارە
کارەکەم وەرە لام بە
لەلای من دڵنیابە
گدی، گدی خێراکە
لەدوای منەوە ڕاکە

قادر حاجی عزیز
ماموستای قوتابخانەی مەولانا خالیدی
سەرەتایی سلیمانی

بانگەوازێك

بریار درا کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر بۆ ڕۆژی هەینی ١٩٨٦/٩/١٢ دوابخرێ لە ئەنجامی سازدانی میهرەجانی سێیەمی شیعری کوردی ولە ڕۆژانی ٩ ـ ١٠ ـ ١٩٨٦/٩/١١ تکا لە گشت ئەندامەکانی سەربە لقی ناوبراو لە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەو لە بارەگای یەکێتی دا ئامادەبن

ئەوین فەرەیدون

هۆشەنگ سەرهەنگ

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی
کوردی
وەزیریە
تەنیشت
(المعهد القضائی)
تەلەفون
٤٢٥١٨٤٦
٥ خەت

Institut kurde de Paris